# گوڵان

ئاکامی کۆبوونەوەکانمان سەلمێنەری
پابەندبوونی ئەمریکایە بە پاراستنی
ئارامی و سەقامگیریی کوردستان

تا دێت خۆری ئەمریکا لە عێراقدا ڕوو
لە ئاوابوونە و کاتی ئەوەیە خۆری
ئەمریکا لە کوردستان هەڵبێت

ساڵی سییەم (١٤٠٤)- (٤)ی ئاداری ٢٠٢٤



## کۆشکی سپی پشتیوانی
## لە هەرێمی کوردستانی خۆڕاگر دەکات




# پەرەسەندنی کردەوە تیرۆریستییەکان و تەقاندنەوەی مەزارگەی سامەڕا - ٢٠٠٦



کاتژمێر شەشی بەیانیی ڕۆژی ٢٢ی شوباتی ٢٠٠٦، بە تەقاندنەوەی مەرقەدی دوو ئیمامی شیعەکان تاوانێکی گەورە کرا، ڕووداوەکە جگە لەوەی تاوانێکی گەورە بوو، وەک ئەوە بوو بەنزین بە ئاگردا بکرێت. لە ڕاستیدا ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان شیعە و سوننەش گەیشتبووە ئاستێکی مەترسیدار، تاوانەکەش خرایە ئەستۆی سوننە. لە بەرانبەردا شیعەکانیش هێرشێکی بەربڵاویان بۆ سەر مزگەوت و ناوەندە ئایینییەکانی سوننە دەست پێ کرد و نزیکەی سی مزگەوت سووتێندران و بارەگای حزبی ئیسلامیی عێراقیش لە بەغدا سووتێندرا. بەم ڕووداو و پێشهاتانە هەموو ئەو هەوڵانە ڕاگیران، کە پێشتر بۆ لە یەک نزیککردنەوەی لایەنەکان درابوون.

بۆ ڕێگەگرتن لە پەرەسەندنی زیاتری کێشەکان و قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکان، ڕۆژی ٢٤ی شوباتی ٢٠٠٦ لە ماڵی ئەیاد عەللاوی و بە ئامادەبوونی خەلیلزاد، کۆبوونەوەیەکی فراوان لەگەڵ نوێنەری سوننەکان بەڕێوە چوو. لە دانیشتنەکەدا نوێنەری سوننەکان زۆر دڵگران و نیگەران بوون لەو زوڵمەی لێیان کراوە و بە هەموو شێوەیەک ڕەتیان کردەوە کە دەستیان لە تەقاندنەوەی مەرقەدی دوو ئیمامەکەدا هەبێت و ڕایانگەیاند کە شوێنەکان بۆ ئەوانیش پیرۆزن و ڕووداوەکە بە کردەوەیەکی تیرۆریستی دەزانن و بۆ ئەوە بووە ئاگری ناکۆکی و جیاوازییەکان فراوان ببێت و ڕووداوێکی مەترسیدار و ترسناکە.

شیعەکان و سوننەکان، هەردوولا گڕیان گرتبوو و لێک لە بیانوو بوون، وەک ئەوەی هەردوولا بە دوای دەرفەتێکدا دەگەڕان بۆ تۆڵەکردنەوە و بەرببوونە گیانی یەکتری. زۆر بە داخەوە ئەوەی چاوەڕێ نەدەکرا ڕووی دا و خەڵکێکی زۆر تەنیا لەسەر ناسنامە و تەنانەت لەسەر ناو دەکوژران، نەک لەبەر ناکۆکی و جیاوازیی سیاسی، یان مەزهەبی.

سەبارەت بە دوا پێشهات و گۆڕانکارییەکانی عێراق، ڕۆژی ٢٥ی شوباتی ٢٠٠٦ سەرۆک بووش بە تەلەفۆن پەیوەندیی پێوە کردم. لە پەیوەندییەکەدا گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی نوێی عێراق و گۆڕانکارییەکانی ناو گۆڕەپانی عێراق کرا، لە بەشێکی پەیوەندییەکەدا سەرۆک بووش داوای کرد کە هەوڵ و تواناکانم بخەمە گەڕ لە پێناو ڕاگرتنی شەڕ و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەدا، منیش بەڵێنم پێ دا کە ئەوەی لە توانامدا بێت، بیکەم بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و ناکۆکییەکان.





(داب و نەریتی هەولێرییان) ناونیشانی کتێبێکی تازەیە کە لە ئامادەکردن و نووسینی (سەید عیسا سەید سەلیم چایچی) و دارِشتنی (ئەسعەد عەدۆ) بە بەرگێکی ناوازە چاپکراوە و وەك سەرچاوەیەکی کەلەپووری هەولێرییان کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند بووە.

ئەم کتێبە گەنجینەیەکی داب و نەریتی تایبەتیی هەولێرییانی ڕەسەنە، ڕابردوو و ئێستای پرشنگداری خەڵکی دیار و بەرچاو و پیاوماقووڵ و ئەسناف و کاسبکار و کەسایەتیی دیاری ئەم شارە مێژووییە دێرینەیە. دیارە داب و نەریتی هەر کۆمەڵگەیەك خۆی لە خۆیدا ڕەنگدانەوەی کۆی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری خەڵکەکەیەتی لەگەڵ یەکدیدا، شاری هەولێر وەك شارێکی دێرین و خاوەن مێژووی پتر لە حەوت هەزار ساڵ تەمەن، یەکێکە لە دەوڵەمەندترین شارەکانی جیهان لە ڕووی فرە کەلتووریی ئایینی و نەتەوەیی و شارستانییەوە، کە لەگەڵ شار و وڵاتان و نەتەوەکانی دیکەدا جیاوازە.

نووسەری ئەم کتێبە هەوڵی داوە بەشێك لە بەسەرهات و شوێن و ژیانی ئەو کەسایەتییانەی تۆماربکات کە خۆی تێیدا ئامادە بووە و لەگەڵیدا ژیاوە، ئەو دەڵێت کە ئەو بابەتانەی بە زاراوەی هەولێرییان خستووەتە ڕوو تاکو لەنێو کتێبخانەکاندا بۆ داهاتوو شێوازی قسەکردنیشیان ئەرشیف بکرێت. ئەو بەرهەمەی ناوبراو ماندووبوون و هەگبەی کۆکەرەوەی (٥٠) ساڵە، لە زانیاریی تایبەت بە بەسەرهات و کەسایەتی و خاوەن پیشەکانی شاری هەولێر.

یەکێك لەو داب و نەریتە ڕەسەنانەی هەولێر کە دۆست و دوژمن ئاماژەی پێ دەکەن، بریتییە لە میوانداری، ئەم شارە بەدرێژایی مێژوو باوەشی بۆ میوانان کردووەتەوە، لەم کتێبەدا نووسەر باسی زۆر لەو کەسایەتییانەی کردووە کە لە دەرەوە ڕوویان لەم شارە کردووە، ئەمە جگە لە نووسینی ئەو پیشەوەر و کاسب و کەسایەتییانەی، وەك قەساب ، فیتەر، شوفێر، چایچی، خاوەن چێشتخانە، بنەماڵە بەناوبانگەکان، حەمامچی، جامباز، عەتار، سەرتاش، بەرگدروو، بەقاڵ.. تاد.

دەستخۆشی لە نووسەری ئەم کتێبە و کاك ئەسعەد عەدۆی فۆلکلۆرپەروەر و نووسەر دەکەین کە ڕۆڵی هەبووە لە دارِشتن و پێداچوونەوە و پێشەکیی نووسینی ئەم کتێبە مێژووییە.




کتێبێکی دانسقە بە ناونیشانی (گەڵای پاییز- بیرەوەرییەکانی مامۆستا عەلی مەردان) لە ئامادەکردنی عەبدولقادر مەردان و لێکۆڵینەوەی ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، لە دووتوێی (٣٥٦) لاپەڕە، بە دیزاین و بەرگێکی ناوازەوە و بەچاپێکی پێشکەوتووی هونەرییەوە لە دەزگای چاپی خانییەوە کەوتە بەر دیدی خوێنەران و عاشقانی مەقام و ئاواز و گۆرانییەکانی سەرقافڵەی مەقامبێژانەوە.

مامۆستا عەلی مەردان هونەرمەندێکی دیاری گۆرانی و مۆسیقای کوردییە، خاوەنی دەنگێکی زوڵاڵی کەم وێنەی پەسند بوو، کە بۆ بەشێکی دیاری ئاوازی کوردی ڕەخساندبووی و خزمەتی پێکرد، ئەویش مەقامی کوردی بوو، هەڵقووڵاوی ژیانی سەخت و پڕ ئەرکی دژواری کوردی، دانیشتووی دەشتەکانی گەرمیانە تا دەچێتە ناو لوڕ و وڵاتی ئیلام.

لە ساڵی ١٩٠٤ لە گەڕەکی تەکیەی شێخ عەلی لە شاری کەرکووک لەدایکبووە. لە تەکیەی کەرکووک و لەلای مامۆستا ساڵح خوێندوویەتی ، بۆیە لەوێ بە کاریگەریی مامۆستای دەنگخۆش (مەلا ڕەئووف) فێری تەجویدی قورئان و هەندێ مەقاماتی کوردی و قۆریاتی تورکمانی بووە.

دواتر لەگەڵ خێزانەکەی ڕووی کردووەتە لەیلان، کە ئەوکات گوندێك بوو لە گوندەکانی عەشیرەتی تاڵەبانی، لەوێ بە تەموورەژەن و دەنگخۆش خدر بارام چاوش ئاشنا بووە، کە لە ڕووی فێربوونی مەقام سوودێکی زۆری لێ وەرگرتووە، چونکە شارەزاییەکی چاکی هەبوو لە مەقامە ڕەسەنەکان، بەڵام لە دواییدا کە چووە شاری بەغداد، مەقاماتی کوردی و فارسی و عەرەبی لە مامۆستایانی دیکەی فارس و عەرەب و کوردەوە فێربووە و، وەک شارەزایەک لە بواری مەقاماتی ناوچەکەدا جێگای خۆی کردووەتەوە.

لەم کتێبەدا قۆناغ بە قۆناغ هەڵکشانی ئەستێرەی ئەم کەڵە هونەرمەندە دەردەکەوێت کە نەك هەر لەسەر ئاستی کوردستان، بگرە لەسەر ئاستی سەرتاسەری عێراق، تەنانەت وڵاتە عەرەبییەکانیش ناوێکی ناسراو و پێشەنگی هونەری مەقام بوو، ئاستی ڕۆشنبیریی مامۆستا عەلی مەردان بە شێوەیەك بووە کە جگە لە دەنگە بەسۆز و ڕەسەنەکەی لە گوتنی مەقام و بەستەدا، شارەزای ژەنینی چەند ئامێرێکی مۆسیقاش بووە، کە خۆی زۆر زیاتر حەزی لە ئامێری عود بووە، لەلایەکی دیکەوە شارەزای زمان و ئەدەبی کوردی، عەرەبی، فارسی و تورکمانی بووە، بۆیە لە زۆربەی بەستە و مەقامەکانیدا هۆنراوەی شاعیرانی بەرجەستە کردووە..

ماموستا عەلی مەردان لە هونەری مەقامدا ئەوەندە شارەزا و کارامە بووە، کە ماموستاکانی مەقامی عێراقی عەلی مەردان بە ماموستا و ڕابەری خۆیان دەزانن. ماموستا عەلی مەردان کوردێکی دڵسۆز و خاوەنی هەستێکی پاکی کوردایەتی بوو، هەتا ڕۆژی کۆچکردنیشی، کە سوێندی بخواردایە، هەر بە کوردستان سوێندی دەخوارد.

یەکەم مەقامی ماموستا عەلی مەردان، مەقامی ئای ئای بوو، ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٩ دا لە ئێستگەی کوردیی بەغدا تۆمارکرا، لە ساڵی ١٩٦٥ لە ئێستگەی ڕادیۆی تاران و کرماشاندا چەندین مەقام و گۆرانی تۆمارکردووە. دوا گۆرانیی عەلی مەردانیش بەستەیەک بووە، کە لە ساڵی ١٩٧٢ دا لە ئێستگەی کوردیی بەغداد تۆماری کردووە.

ئەوەی لەم کتێبەدا سەرنجی لێ دەدرێت و پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە، کە لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکاندا تا ڕادەیەکی باش ڕاستگۆیانە و چاو قایمانە دەدوێت، لە هونەرەکەشیدا ڕەگ و ڕیشەیەکی بنج داکوتاوی هەبوو، لەسەر بنەما و زەمینەی کەلتوور و فۆلکلۆرێکی ڕەسەنی کوردی و هەمیشە ئیلهام بەخشی ئەو سەرچاوە دەوڵەمەندە لەبن نەهاتووە بوو، کە ئەمیش ئاوێتەیە بە ڕەگ و دەمارەکانی کەلتوور و سامانی ڕەسەنی گەلانی دەرو دراوسێوە، سامانێکی دەوڵەمەندی هونەر.

لە گۆرانییە بەناوبانگەکانی ماموستا عەلی مەردان(شیرین کەلامە، گیانە بەسیەتی، یاریکە ڕاکە پێکەنە، خۆم و عودەکەم، کەتان کەتانە، مێوڵێ و دێلێژە، ئەسمەر، وەرە قوربان، هۆ برای جووتیار، لەیلێ، ڕەنجی بێوەرم، هەوری لە قەدی ئالاوە،



کە ئەو جوانە، ئەڕۆی ئۆغر، مامە، کەی دێتەوە، لە خرنە خرنە، هەتا مردن، ئەڵوەن ناوت شیرینە، ئای چەندم خۆش دەوێ، مینا گیان، لە کەلە دەنگی ساز دێ، شەو و ڕۆژ، گوڵە باخ، دە هەستە، کراس کودەری ئاوریشم، سەد جار بەو مانگە، هەستە با بچین بکەین تەماشا، کۆڵان بە کۆڵان، ئەم پەرچەم و ئەگریجە......تاد).

هەندێ لە مەقامەکانیشی وەك: (لەبەر چاوی بەد (مەقامی ماهوور)، چەند جارم وت (مەقامی هەمایۆن)، ئەی مانگ (مەقامی بەیات)، دڵ لە حەسرەت (مەقامی ئورفە)، شەرتە تا ڕۆژی حەشر (هیجرانی)...تاد.

ماموستا عەلی مەردان لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا و لە ٢٤ ی تەمموزی ساڵی ١٩٨١ کۆچی دوایی کردووە و لە شاری کەرکووک لە گۆڕستانی شێخ محێدین بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردراوە.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری


*Web: www.gulanmedia.com*

ئازاد تۆفیق :



**یاداشتێکی نۆ خاڵیمان پێشکەشی سەرۆکی حکومەت کرد و بە خۆشحاڵییەوە لێی وەرگرتین و بۆی جێبەجێ کردین**

کەرخی ئاڵتی بەرماخ :



**سەرۆک بارزانی وەک مەرجەعی گەلی کوردستان هەڵوێست و دژایەتیی جددی خۆی دەربارەی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەربڕیوە**

قەشە یترۆن یۆنان داود :



**تانەی یەکێتی لە کورسیی کۆتاکان پێش هەموو شتێک لە دژی مام جەلال و ئیمزاکەیەتی کە لەسەر بوونی کورسیی کۆتاکان کردوویەتی**


یروانت ئەمینیان :



**ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی نایاساییە و بە کاری خۆیان هەڵنەستاون و لەبری دەزگایی تەشریعی کاریان کردووە**



د. ڤالا فەرید :



ئەوەی دادگای فیدڕاڵیی عێراق کردی کودەتا بوو بەسەر دەستووردا



لە ساڵیادی ڕاپەڕیندا
ڕۆڵی خانمان لە سەرخستنی ڕاپەڕین بەرز دەنرخێنرێت

مایکرۆفۆنێک تایبەت بە ڕاگەیاندنکاران




سوود و زیانەکانی مایۆنەیز



کیڤان بارزانی بە تابلۆکانی گوزارشت لە زمان و کەسایەتییەکانی کورد دەکات



## سێیەمین کۆڕبەندی دیپلۆماتیی ئەنتالیا

# پتەوکردنی دیپلۆماتیەت لە کاتی تەنگژەکاندا

ڕۆژی یەکی ئاداری ئەمساڵ ٢٠٢٤، سێیەمین کۆڕبەندی دیپلۆماتی لە شاری ئەنتالیای تورکیا بەڕێوە چوو. ئەم کۆڕبەندە ماوەی سێ ڕۆژی خایاند و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم کۆڕبەندە هاوشانی سەرۆکی ٢٠ دەوڵەتی دیکەی جیهان بە فەرمی بانگهێشت کرابوو، لە پەراوێزی ئەم کۆڕبەندەشدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەندین دیدری گرنگی ئەنجام داوە. لەوانە کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک کۆماری تورکیا، لەم دیدارەدا باس لە دوایین پێشهاتەکان و بەهێزکردنی پێکەوەکارکردنی ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان و بەرەوپێشبردنی سەقامگیریی هەرێمی کراوە و، لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا باسیان لە ئەگەر و لێکەوتەکانی دۆخی ئاڵۆزی ناوچەکە و پێشهاتەکانی شەڕ لە غەززە کرد و، هەردوولا جەختیان لەسەر چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکان بە گفتوگۆ و دەرفەت و ڕێگە دیپلۆماتییەکان کردەوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەر لە پەراوێزی ئەم کۆڕبەندەدا (تا نووسینی ئەم دێڕانە) چەندین دیداری دیکەی ئەنجام داوە، لەوانە کۆبوونەوە لەگەڵ ڕۆمین ڕادیڤ سەرۆک کۆماری بولگاریا و یاشار گولەر وەزیری بەرگریی تورکیا.

کۆڕبەندی دیپلۆماتیی ئەنتالیا (ADF) ماوەی سێ ساڵە بە سەرپەرشتی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک کۆماری تورکیا و دەستپێشخەری وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بەڕێوە دەچێت.

بۆ سێیەمین کۆڕبەندنی دیپلۆماتیی ئەنتالیا زیاتر لە ٢٠ سەرۆک دەوڵەت و سەرۆک وەزیران و زیاتر لە ٩٠ وەزیری دەرەوەی دەوڵەتان و دیپلۆمات و بزنێسمان و سەرکردە و ئەکادیمی و ناوەندەکانی توێژینەوە و نوێنەرانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەشداریان لە پەنێڵەکانی ئەم کۆڕبەندەدا کرد.

بابەتە سەرەکییەکانی کۆڕبەندی ئەمساڵ کە لەژێر ناونیشانی «پتەوکردنی دیپلۆماتی لەکاتی تەنگژەکاندا» بەڕێوەچوو، بایەخێکی



گرنگ بە هەر دوو شەڕی حەماس و ئیسرائیل لە غەززە و شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا دەدات و، ئامانجی ئەم کۆڕبەندە ئەوەیە ببێتە بیرکردنەوەیەکی گشتگیر و ئامرازێك بۆ گەڕان بەدوای ڕێگەچارەیەکی ئاشتییانەدا بۆ دەرچوون لەم قۆناغە ئاڵۆزەی جیهان، کە بووەتە هۆی دروستبوونی شەڕی بەردەوام و کاری تیرۆریستی و کۆچی ناسیستماتیکی و زیادبوونی ڕق و کینە بەرانبەر ئیسلام و بیانی، هەروەها مەترسییە مەزندە نەکراوەکانی زیرەکیی دەستکرد و گۆڕینی کەشوهەوا و پەتا و کارەساتە سرووشتییەکان و فراوانبوونی بۆشاییە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەمانە دەبنە لیستێك لەو تەحەددییە نەبڕاوانەی ڕووبەڕووی جیهان دەبنەوە، ئەمەش بووەتە هۆکاری داخورانی متمانە بە بنەماکانی سیستمی نێودەوڵەتی و سەرەنجامیش ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی نەتوانین مەزندەی ئەو ژینگەیە بکەین کە دەوڵەتان کاری تێدا دەکەن.

هاوکات لەگەڵ بوونی ئەم ئالنگارییە جیهانییانەدا، جیهان بە قۆناغی گرژی و پشێویی هەمەلایەندا تێدەپەڕێت، ئەم گرژی و پشێوییانەش دەبنە فاکتەرگەلێك کە دەبنەوە هۆی ئەوەی گۆڕانکاری لە هەیکەلی دیمەنی سیاسی و ئابووری و ئاسایشی جیهان بکرێت.

هەموو ئەم کێشانەی ئێستا جیهان ڕووبەڕووی دەبێتەوە، پێویستیان بەوەیە کە سەرکردەکانی جیهان پێکەوە گفتوگۆی لەسەر بکەن و لە چوارچێوەی هەماهەنگیدا بە کاری پێکەوەی هەوڵ بدەن، بە شێوازێکی ئاشتییانە چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە. بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم کۆڕبەندە گرنگە، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هاریکاری و هەماهەنگیی هەرێمی و نێودەوڵەتی و، لەسەر ئاستی پێگەکەی وەك هەرێمێکی دەستووری لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدڕاڵیی عێراقدا، ڕۆڵێکی کاریگەر بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان و پەرەپێدان و پتەوکردنی هاوکاری و هەماهەنگییە نێودەوڵەتییەکان دەگێڕێت.




کۆبوونەوەی سەرۆکی حکومەت و براین نیلسن بریکاری وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا



سەرۆکی حکومەت لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنگریسی ئەمەریکا



سەرۆکی حکومەت و کۆنگریسمان بەڕێز دۆن بەیکن هاوسەرۆکی گرووپی پاڵپشتیی کورد لە کۆنگریسی ئەمەریکا



کۆبوونەوەی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ بەڕێز ئەنتۆنی بلینکن وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا

### خوێندنەوەیەک بۆ سەردانەکەی مسرور بارزانی بۆ واشنتۆن

# ئەگەر ئەمریکا ٣٦٠ پلە پشتیوانیی هەرێمی کوردستان نەکات، هەمان هەڵەی ئەفغانستان لە عێراق دووبارە دەکاتەوە



سەرۆکی حکومەت و ئەندامی کۆنگرێس بەڕێز ماریۆ دیاز بالارت



**«پشتگیری ئێمە بۆ حکومەتێکی خۆڕاگر لە هەرێمی کوردستان، چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە ٣٦٠ پلەییەیە کە لەگەڵ عێراق هەمانە، ئەم دەرفەتەی ئەمڕۆ بۆ ئەوەیە جارێکی دیکە جەختکردنەوە و پابەندیی خۆمان دووپات بکەینەوە لەسەر هاوکاری و هاوبەشی و ئەو کارە گرنگانەی پێکەوە ئەنجامی دەدەین و لە کاتی خۆیدایە».**

**ئەنتۆنی بلینکن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە کۆبوونەوەی لەگەڵ مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

شەوی ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤، هاوکات لەگەڵ دەستپێکی کردنەوەی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە (داڤوس)ی سویسرا، سوپای پاسداران بە لێدانی ١١ مووشەکی بالیستیکی بۆ سەر ماڵی بازرگانێك لە ناو سەنتەری شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و هەروەها هێرشی چەکدارە لە یاسا دەرچووەکان بە هێرشێکی چڕی درۆنی بۆمبڕێژکراو بۆ سەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر و چەند شوێنێکی دیکەی پایتەختی هەرێمی کوردستان، کە هەتا بەرەبەیانی ١٦ی کانوونی دووەمی ئەمساڵی ٢٠٢٤ درێژەی هەبوو، لوتکەی مەترسییەکانی بەرفراوانبوونی شەڕی حەماس و ئیسرائیل و لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی خستەڕوو. ئەمریکا لەوە تێگەیشت، کە ئەم شەڕەی نێوان چەکدارانی حەماس و ئیسرائیل، تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو وەرچەرخانێکی ترسناك دەبات، بەتایبەتیش کە میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران هەر لە یەمەنەوە تا دەگاتە غەززە و لوبنان و ئوردن و عێراق و هەرێمی کوردستان، بە تەواوەتی و زۆر بێباکانە هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە شێوەیەکی گشتی کردووەتە ئامانج و، بە شێوەیەکی تایبەتیش پەیامی ڕاستەوخۆی سوپای پاسداران بە لێدانی موشەکی بالیستیکی و هێرشی میلیشیا چەکدارەکانی هاوپەیمانی بەو هێرشە چڕەی بە درۆن کردیانە سەر پایتەختی کوردستان، ئەوەیە کە نەك هەر ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان دەشێوێنن، بەڵکو پەیامە ڕاشکاوانەکەی ئەو هێرشانە سڕینەوە و نەمانی

**ئەمریکا لەوە تێگەیشت، کە ئەم شەڕەی نێوان چەکدارانی حەماس و ئیسرائیل، تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو وەرچەرخانێکی ترسناک دەبات**

قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانە.

هەمان شەو (١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤) کە هەم مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداریکردن لەو کۆڕبەندە جیهانییەکە لە داڤوس بوو، هەمیش ئەنتۆنی بلینکن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و جاك سولیڤان ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییش بۆ بەشداریکردن لەو کۆڕبەندە لە داڤوس بوون، هەر بۆیە بۆ سەرکۆنەکردنی ئەم کارە دوژمنکاری و دڕندانەی ڕۆکێتی بالیستیکیی سوپای پاسداران و درۆنی بۆمبڕێژکراوی چەکدارە لە یاسا دەرچووەکان، ئەنتونی بلینکن و جاك سلیڤان بە جیا سەردانی ماڵی کوردستانیان لە داڤوس کرد و بە توندی هێرشەکانیان بۆ سەر هەولێر سەرکۆنە و شەرمەزار کرد و، پرسە و سەرەخۆشییان لە کەسوکاری قوربانیان کرد، لەمەش زیاتر وەزیری دەرەوە و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، پەیامی سەرکۆنەکردن و سەرەخۆشیی (سەرۆك بایدن)یان بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند.

بەئامانجگرتنی سەرمایەدار و وەبەرهێنەرە گەورەکانی کوردستان لە هەولێر بە ڕۆکێتی بالیستیکی دووجار لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە، خۆڕاگری و دەوڵەتداریی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پیشاندا و، بووە جێگەی باسی سەرەکیی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان و، چۆن لە ساڵی ٢٠١٤ و پاش تێکشکاندن و ڕاگرتنی هێرشەکانی داعش لە ناوچەکانی زومار و دەشتی نەینەوا، مسرور بارزانی کە ئەوکات ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان بوو، بانگهێشتی پەرلەمانی ئەورووپا کرا، بۆ ئەوەی باس لە قارەمانیەتیی پێشمەرگە بۆ ئەندامانی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا و هەموو جیهان بکات، لە شوباتی ٢٠٢٤ و لە لووتکەی حکومەتەکانی جیهان لە دوبەی، دیسان لە یەکەمین ڕۆژی کردنەوەی ئەم لووتکە جیهانییەدا، بەرنامەی ئەم لووتکە جیهانییە کە بەو جۆرە دانرابوو، کە دیسان مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی (خۆڕاگری و مانەوە و بەڕێوەبردنی حکومەتێکی وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان) بۆ تەواوی سەرۆك و سەروەك وەزیران و بڕیارسازان و بیرمەند و کۆمپانیا و وەبەرهێنەرە جیهانییەکان بکات.

خۆڕاگری و شێوازی دەوڵەتمەداریی مسرور بارزانی بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئالنگاری و مەترسییەکانی سەر هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی ئەمریکا بۆ دووبارە «گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك ناوچەی شەڕ و وەرچەرخاو» جارێکی دیکە هەرێمی کوردستانی کردەوە بە ئەولەوییەتی ئەو ستراتیژە تازەیە و، بە فەرمی لەلایەن ئیدارەی کۆشکی سپییەوە بەرنامەیەکی چڕی هەمەلایەنە داڕێژرا بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەو بەرنامەیە، مسرور بارزانی و شاندێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی واشنتۆن بکرێت و لەسەر ئاستێکی بەرفراوانی هەموو ئەو سیاسەت و ستراتیژەی ئەمریکا بەرانبەر عێراق هەیەتی، هەر لەسەر ئاستی «سەربازی، سەقامگیری، وزە، وەبەرهێنان، سێکتەری بانکی و دارایی، بوونی عێراق بە دەوڵەتێکی فیدراڵی و دەستووری و ڕێزگرتن لە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو دەستووە و.. هتد» کۆبوونەوە لەسەر هەموو ئەم بوارانە بکرێت و، ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا بگاتەوە ئەو ئاستەی کە هەرێمی کوردستان هەست بە سەقامگیری بکات و هەموو مەترسییە دەرەکییەکان، گوشاری بڕیارە سیاسییەکانی دادگای فیدراڵی، دروستکردنی ئاستەنگ و بەربەست بۆ ڕێگرتن لە دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، دۆزینەوەی میکانیزمێکی دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا بە دیالۆگ، هەموو ئەمانە گەرەنتییان بۆ دروست بکرێت و ڕێگەچارەیەکیان بۆ بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی چیتر هەرێمی کوردستان لەژێر ئەو گوشار و هەڕەشە و ئاستەنگ و گەمارۆ ئابوورییانەدا نەبێت، هەموو ئەمانەش وەك ئەنتۆنی بلینکن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە دەستپێکی پێشوازیکردنی لە مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**پەیامی ڕاستەوخۆی سوپای پاسداران بە لێدانی موشەکی بالیستیکی و هێرشی میلیشیا چەکدارەکانی هاوپەیمانی بەو هێرشە چڕەی بە درۆن کردیانە سەر پایتەختی کوردستان، ئەوەیە کە نەک هەر ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان دەشێوێنن، بەڵکو پەیامە ڕاشکاوانەکەی ئەو هێرشانە سڕینەوە و نەمانی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانە**

**بەئامانجگرتنی سەرمایەدار و وەبەرهێنەرە گەورەکانی کوردستان لە هەولێر بە ڕۆکێتی بالیستیکی دووجار لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە، خۆڕاگری و دەوڵەتداریی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پیشاندا و، بووە جێگەی باسی سەرەکیی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان**

**هەتا ئێستا لە عێراقدا یاسای دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی بۆ هاوسەنگیی نێوان هەرێمەکان نییە، یاسای دروستکردنی هەرێمەکان هەیە، بەڵام ڕێگریی تەواو و ئاشکرا لە دروستکردنی هەرێمی دیکە دەکرێت**

ڕاشکاوانە ڕاگەیاند: «پشتگیریی ئەمریکا بۆ حکومەتی خۆڕاگری هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە ٣٦٠ پلەییەدایە کە لەگەڵ عێراق هەمانە».

**● پشتیوانیی کۆشکی سپی بۆ جێبەجێکردنی دەستوور و بوونی عێراق بە دەوڵەتێکی فیدراڵی**

سەردانی ئەمجارەی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا، تەنیا سەردانێك نەبوو بۆ باسکردنی هەندێك بابەتی گشتی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و واشنتۆن، بەڵکو سەردانێك بوو کە هەڵوەستەکردنی لەسەر وردەکاریی پەیوەندییەکان و ئەو کێشە و گوشارانەی لە ڕێی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی دەکرێتە سەر هەرێمی کوردستان و، هەروەها پێشێلکردنی ئەو دەستوورە بەرانبەر بە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و، پشتگوێخستنی ئەو ماددە دەستوورییانەشە کە داوا لە پەرلەمانی عێراق دەکات، یاسای پێویست دەربکات، بۆ ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵیی ڕاستەقینە، یان یاساکە هەیە، بەڵام ڕێگری لە جێبەجێکردنی دەکرێت. هەر بۆ نموونە هەتا ئێستا لە عێراقدا یاسای دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی بۆ هاوسەنگیی نێوان هەرێمەکان نییە، یاسای دروستکردنی هەرێمەکان هەیە، بەڵام ڕێگریی تەواو و ئاشکرا لە دروستکردنی هەرێمی دیکە دەکرێت. ماوەی ٢٠ ساڵە دەستووری عێراق دەرچووە، بەڵام هێشتا لە عێراقدا یاسای نەوت و گازی فیدراڵی نییە و کار بە یاسای سیستەمی سەنتراڵی و دیکتاتۆریی ڕژێمی بەعس دەکرێت، ماوەی نزیکەی ساڵێکیشە هەناردەی نەوتی کوردستان ڕاگیراوە. لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە دەستتێوەردان لەو یاسا و بڕیارانە دەکرێت کە پەرلەمانی کوردستان دەریکردوون و بەپێی ماددەکانی دەستوور ئەو بڕیار و یاسایانەی پەرلەمانی کوردستان دادنیان پێدا نراوە، وەك یاسای باری کەسێتی کە زوڵمێکی گەورە لە ئافرەتان دەکات، هەروەها لابردنی کورسیی کۆتاکان لە یاسای هەڵبژاردنەکانی کوردستان، بەمەش گورزێکی کاریگەر لە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان دەدات و، زوڵمێکی گەورەش لەو پێکهاتانە دەکات و بێبەشیان دەکات لەوەی نوێنەریان لە ناو پەرلەمان و پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا هەبێت. ئەم پرسانە هەر هەموویان بابەت و پرسی گرنگی کۆبوونەوەکانی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە لەگەڵ ئەنتۆنی بلینکن وەزیری دەرەوە و جاك سولەیڤان ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی. دوای ئەم کۆبوونەوانە ڕاگەیەندراوی کۆشکی سپی جەختی لەسەر ئەم خاڵانە کردووەتەوە:

- کۆشکی سپی پشتیوانی لە هەرێمی کوردستانی بەهێز دەکات لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقی خاوەن سەروەریدا.
- کۆشکی سپی ئازایەتی و قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگە لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش بەرز دەنرخێنێت.
- کۆشکی سپی سەرکۆنەی توندی هێرشی میلیشا چەکدارە لەیاسا دەرچووەکان بۆ هەرێمی کوردستان دەکات.
- کۆشکی سپی جەخت لە پەیوەندی و هاوبەشیی دوورمەودای نێوان هەولێر و واشنتۆن دەکاتەوە.
- کۆشکی سپی پشتیوانیی هەردوو حکومەتی عێراق و هەریم دەکات، کە بە دیالۆگ کێشەکان چارەسەر بکەن و پشتیوانی لە دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی هاوشانی پەرلەمانی عێراق دەکات.
- کۆشکی سپی ڕێز لە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەگرێت و ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ پەرەپێدانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا.
- ئەمریکا هاوڕایە لەسەر دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە زووترین کاتدا.

لە میانەی کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر ڕاشکاوانە پەیامی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە بڕیارسازانی کۆشکی سپی ڕاگەیاند و گوتی: «ئێمە هاوبەش و دۆستی یەکترین، شانازی دەکەین کە ئێمە هاوپەیمانی ئەمریکاین، ئێمە

**ماوەی ٢٠ ساڵە دەستووری عێراق دەرچووە، بەڵام هێشتا لە عێراقدا یاسای نەوت و گازی فیدراڵی نییە و کار بە یاسای سیستەمی سەنتراڵی و دیکتاتۆریی ڕژێمی بەعس دەکرێت**

**کۆشکی سپی پشتیوانی لە هەرێمی کوردستانی بەهێز دەکات لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقی خاوەن سەروەریدا**

**کۆشکی سپی ئازایەتی و قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگە لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش بەرز دەنرخێنێت**

**کۆشکی سپی سەرکۆنەی توندی هێرشی میلیشا چەکدارە لەیاسا دەرچووەکان بۆ هەرێمی کوردستان دەکات**

هەردوو لامان بە کۆمەڵێك قۆناغی سەختدا تێپەڕیوین و سوپاسگوزاری ئەو پشتیوانییانەشین کە حکومەتی ئەمریکا پێشکەشی گەلی ئێمەی کردووە، بێگومان هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا ڕووبەڕووی ئالنگاریی نوێ بووەتەوە، چاومان لەوەیە گفتوگۆ لەسەر پێشهاتە نوێیەکانی ناوچەکە و عێراق بەگشتی بکەین، بەتایبەتی پەیوەندیی دوولایەنەی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا».

کەواتە ئەوەی مسرور بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە میانەی سەردانی ئەمجارەی بۆ کۆشکی سپی جەختی لەسەر دەکاتەوە، قۆناغێکی دیکەی سەختی ئەو پێشهاتانەیە کە ڕووداوگەلی ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێناویەتە ئاراوە، هەروەها قۆناغێکی دیکە لەو گوشارانەی کە هێزەکانی حەشدی شەعبی خستوویانەتە سەر حکومەتی عێراق، کە داوا دەکات، هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بکشێنەوە و، ئەمەش ئەوەمان پیشان دەدات کە ئەمریکا ئامادەکاریی ورد بکات و بوار نەدات هەمان سیناریۆی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان لە عێراقیش دووبارە بێتەوە.

ئەم پرسە یەکێکە لەو پرسانەی کە ئێستا لە ناو میدیا و ڕای گشتیی ئەمریکادا قسەی لەسەر دەکرێت، بەتایبەتی دوای سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆشکی سپی و، هەروەها هەستکردن بە دیدێکی نوێی سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکا بەرانبەر بە عێراق و گرنگیدان و پیشاندانی پشتیوانیی زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان. لەم بارەوە گۆڤاری (فۆرین پۆلیس)ی بەناوبانگی ئەمریکی لە وتارێکیدا کە دوابەدوای سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەناونیشانی (باشترین بژاردە بۆ ئەمریکا لە عێراق کشانەوەی هێزەکانییەتی) لەم ڕووەوە چەند پرسێکی وروژاندووە کە، بەچەند خاڵ ئاماژەیان پێ دەکەین:

● بانگهێشتی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە فەرمی بۆ واشنتۆن، سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەمریکا گرنگیی زیاتر بە هەرێمی کوردستان دەدات.

● تا دێت خۆری ئەمریکا لە عێراقدا ڕوو لە ئاوابوونە و، کاتی ئەوەیە خۆری ئەمریکا لە کوردستان هەڵبێت.

● گرنگە ئەمریکا قورسایی خۆی زیاتر بخاتە سەر هەرێمی کوردستان و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە.

● کاتی ئەوە هاتووە هەرێمی کوردستان ببێتە ئەکتەرێکی بەهێز لە گەمەکەدا.

● بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرانبەر بە عێراق.

● داوای ئەنتۆنی بلینکن بۆ یەکگرتوویی نێوماڵی کورد، دیسان ئاماژەیەکی ڕوونە بە گرنگیدانی زیاتری ئەمریکا بە کوردستان.

● فۆرین پۆلیسی ئەوە دەخاتە ڕوو کە دەکرێت هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا جێگەی عێراق بگرێتەوە.

● لەوانەیە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناو عێراقدا باشترین بژاردە بێت، بەڵام نابێت کشانەوەی هێزەکانی وەك کشانەوەکەی ئەفغانستان بێت و، دەکرێت بەشێك لە هێزەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان بهێڵدرێنەوە بۆ هاوکاریی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش.

● ئەمریکا نەیتوانیوە ڕێگری لە هەژموونی ئێران لەسەر عێراق بکات، هەروەها نەیتوانیوە پەیوەندیی ئێران لەگەڵ میلیشیا چەکدارەکانی عێراق بپچڕێنێت.

ئەو واقیعەی وتارەکەی فۆرین پۆلیسی ئاماژەی پێ کردووە، بەشێکە لەو واقیعە تاڵەی کە ئێستا ئەمریکا لە عێراقدا ڕووبەڕووی بووەتەوە و، پێویستی بەوەیە، بە ستراتیژیەتێکی تازە گۆڕانکاری تێدا بکات و ئەو ستراتیژە تازەیەش ئەوەیە کە ئەمریکا قورسایی خۆی بخاتە سەر هەرێمی کوردستان، کە خەڵك و حکومەتی هەرێمی کوردستان شانازی بەو هاوپەیمانی و پێکەوە کارکردنە لەگەڵ ئەمریکا دەکەن.

پشتیوانیی پێنتاگۆن بۆ هێزی پێشمەرگە و هەماهەنگیی زیاتر لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە

**کۆشکی سپی ڕێز لە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەگرێت و ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ پەرەپێدانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا**

**ئەمریکا هاوڕایە لەسەر دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە زووترین کاتدا**

**بانگهێشتی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە فەرمی بۆ واشنتۆن، سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەمریکا گرنگیی زیاتر بە هەرێمی کوردستان دەدات**

**ئەوەی مسرور بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە میانەی سەردانی ئەمجارەی بۆ کۆشکی سپی جەختی لەسەر دەکاتەوە، قۆناغێکی دیکەی سەختی ئەو پێشهاتانەیە کە ڕووداوگەلی ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێناویەتە ئاراوە**



سەرۆکی حکومەت لەگەڵ بەڕێزان سێناتۆر جاک ڕید سەرۆکی لیژنەی هێزە چەکدارەکانی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا و سێناتۆر ڕۆجەر ویکر ئەندامی باڵای لیژنەکە

**بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرانبەر بە عێراق**

**فۆرین پۆلیسی ئەوە دەخاتە ڕوو کە دەکرێت هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا جێگەی عێراق بگرێتەوە**

شۆڕش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگە کە ئەندامی شاندە باڵاکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەم سەردانەدا بۆ ئەمریکا و ئامادەی کۆبوونەوەکان بووە، لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا سەبارەت بە ئاکامەکانی ئەم سەردانە ئەوەی ئاشکرا کرد: «سەردانی ئەمجارەمان بۆ ئەمریکا لە کاتێکی زۆر گونجاودا بوو، دیدار و کۆبوونەوە و گفتوگۆکانمان لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی ئیدارەی ئەمریکی، ئەوەی دەرخست کە کورد بە تەنیا نییە و پشتیوانیی بێسنوور و دوورمەودای هەیە، لە ئێستادا تیرۆریستانی داعش مەترسییەکی گەورەن لەسەر سەقامگیریی ناوچەکە و، ئەمەش پێویستی بەوەیە بە شێوەیەکی گشتی ڕێك بخرێنەوە، هەروەها لەم کۆبوونەوانەدا باس لە چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە کرا و، پرۆسەکە بەردەوام کاری تێدا دەکرێت و هەنگاوی باشیش چووەتە پێشەوە».

ئەم لێدوانەی وەزیری پێشمەرگە، دوای کۆبوونەوەی شاندی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مسرور بارزانی لەگەڵ (ساشا بەیکەر) بریکاری وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بەوەکالەت دێت، کە دوای ئەم کۆبوونەوە گرنگە، وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بەمجۆرە باسی لە گرنگیی کۆبوونەوەکە کرد و بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: «پابەندی درێژخایەنی خۆمانین بۆ سەقامگیریی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا، گفتوگۆمان لەسەر بەردەوامیی پرۆسەی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگە و یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە کردووە، بەو شێوەیەی لە ڕەشنووسی لێکتێگەیشتنی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا ئاماژەی پێ کراوە، کۆبوونەوەکە دەرخەری پابەندبوونی ئەمریکایە بۆ بەردەوامیی هاوبەشییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق و، سەلمێنەری پابەندبوونی ئەمریکایە بە پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستانەوە، هەروەها ئەمریکا هەرێمی کوردستان بە هاوپەیمانی سەرەکی و دۆستی ستراتیژیی خۆی دەزانێت لە ناو ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش».



کۆبوونەوەی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ نوێنەرانی ژمارەیەک لە ناوەند و دامەزراوە و پەیمانگەی سیاسەت و هزر و لێکۆڵینەوەی ئەمەریکی (ثینك تانك)

ئەم دوو لێدوانە وەزیری پێشمەرگە و وتەبێژی پێنتاگۆن دوای کۆبوونەوەی نێوان شاندی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بریکاری پێنتاگۆن، سەلمێنەری ئەوەیە کە ئیدارەی ئەمریکا بەگشتی و پێنتاگۆن بەتایبەتی بەو ئاراستەیە هەماهەنگی و هاوکاریی هێزی پێشمەرگە کوردستان دەکەن، تا ببێتە هێزێك لە هەموو ڕوویەکەوە بتوانێت پارێزگاری لە هەرێمی کوردستان بکات و، پێنتاگۆن لەوە تێگەیشتووە ئەو ئالنگاری و هەڕەشانەی لە ئێستادا لەسەر سەقامگیریی هەرێمی کوردستان هەیە، لە توانای لۆجیستیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان زیاترە و پێویستە پێنتاگۆن بە ئاستی ئالنگاری و مەترسیی هەڕەشەکان لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکاری و پاڵپشتیی هێزەکانی پێشمەرگە بکات، بەتایبەتی لە ئێستادا ئالنگاری و هێرشە دوژمنکارییەکانی دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان بریتین لە ڕۆکێتی بالیستیکی و درۆنی بۆمبڕێژکراو و هێزی پێشمەرگە چەکی پێشکەوتووی دژە ڕۆکێت و دژە درۆنی نییە، هەتا بتوانێت بەرپەرچی ئەو هێرشانە بداتەوە، بۆیە لەم ڕووەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێویستی بە پڕچەککردن هەیە، بە چەکی پێشکەوتوو، بەتایبەتی چەکی دژە هێرشەکانی ئاسمانی کە ئەو توانایەی هەبێت مەترسییەکان دوور بخاتەوە.

ئەم لێکتێگەیشتنەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێنتاگۆن بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان، بێگومان پشتگیریی ئەنجومەنی سەنات و نوێنەرانی لە پشتە و دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت، بەتایبەتی وەك لە دیدار و کۆبوونەوەکانی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەك لە سیناتۆری جیاواز و کۆنگریسمانەکان گوێبیستی بووین و، هەموویان جەختیان لە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان دەکردەوە و، نوێنەرانی هەردوو پارتی سەرەکیی ئەمریکا (دیموکراتی و کۆماری) جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە پێویستە زیاتر و باشتر پشتیوانی کوردستان و پاراستنی ئاشتی و سەقامگیریی ئەم هەرێمە بکرێت.

**ئەمریکا نەیتوانیوە ڕێگری لە هەژموونی ئێران لەسەر عێراق بکات، هەروەها نەیتوانیوە پەیوەندیی ئێران لەگەڵ میلیشیا چەکدارەکانی عێراق بپچڕێنێت**

**پێنتاگۆن لەوە تێگەیشتووە ئەو ئالنگاری و هەڕەشانەی لە ئێستادا لەسەر سەقامگیریی هەرێمی کوردستان هەیە، لە توانای لۆجیستیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان زیاترە**

**ئیدارەی ئەمریکا بەگشتی و پێنتاگۆن بەتایبەتی بەو ئاراستەیە هەماهەنگی و هاوکاریی هێزی پێشمەرگە کوردستان دەکەن، تا ببێتە هێزێک لە هەموو ڕوویەکەوە بتوانێت پارێزگاری لە هەرێمی کوردستان بکات**

**هاتنی کۆمپانیاکانی ئەمریکا بۆ وەبەرهێنان لە کوردستان و گەڕان بەدوای هەزاران دەرفەتی وەبەرهێناندا کە تائێستا دەستیان بۆ نەبراوە، ئەمە دەبێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی کۆمپانیای زیاتری دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپا بێنە هەرێمی کوردستان و سوود لە دەرفەتە دەست بۆ نەبراوەکان وەربگرن**

### ● فراوانکردنی ئاستی وەبەرهێنانی کۆمپانیاکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستاندا

ئێوارەی ڕۆژی ١ی ئاداری ٢٠٢٤ ژووری بازرگانیی ئەمریکا دیدارێکی بۆ پێشوازیی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکخست. لەم دیدارەدا کە ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسان و خاوەنکار و وەبەرهێنەرە دیارەکانی ئەمریکا و چەندین کەسایەتیی ڕەوەندی کوردستانی نیشتەجێی ئەمریکا بەشداری بوون، سەرۆکی حکومەت گوتەیەکی بەمجۆرە پێشکەش کرد: «سوپاسی هەموو ئەو کۆمپانیانە دەکەم کە وەبەرهێنانیان لە کوردستان ئەنجام داوە، هەروەها سوپاسی ئەو کۆمپانیایانەش دەکەم کە دەیانەوێت سەردانی کوردستان بکەن و بەدوای دەرفەتی وەبەرهێناندا بگەڕێن. سوپاسی ژووری بازرگانیی ئەمریکا و ئەنجومەنی بازرگانیی ئەمریکا و عێراق دەکەم، کە ئەم دەرفەتەیان ڕێك خستووە و لێرەوە دەمەوێت لە قۆناغی دووەمی وەبەرهێنانەکانتاندا لە (کێڵگەوە بۆ سفرە) بانگهێشتتان بکەم.

کابینەکەم بەرنامەی بەو جۆرەیە کە ئابووریی کوردستان لە چەندین ڕووەوە فرەچەشن بکات، نەك تەنیا سێکتەری وزە، دەمانەوێت وەبەرهێنان لە سێکتەرەکانی (کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتیاری) بکەین، بۆیە داواتان لێ دەکەم، سەردانی کوردستان بکەن و دەرفەتەکان ببینین. ئێمە لە هەرێمی کوردستان فەرمانگەی وەبەرهێنانی کوردستان (Invest Kurdistan)مان هەیە، دەستەی وەبەرهێنان و یاسای وەبەرهێنانی دۆستانەمان هەیە، بانگهێشتتان دەکەین، وەرنە کوردستان و سەیری هەزارەها دەرفەت بکەن، کە لە هەرێمی کوردستان هەیە. ئێمە وێبسایتی تایبەتی وەبەرهێنانمان هەیە و دەتوانن سەردانی وێبسایتەکەمان بکەن و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەستەی وەبەرهێنانەوە بکەن، بۆ ئەوەی دەرفەتەکان ببینن. کوردستان بە بەشداریی ئێوە، بە سەلامەتی و بەهێزی و ئایندەیەکی پرشنگدار دەمێنێتەوە».

ئەم بانگهێشتەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆمپانیاکانی ئەمریکا، لەلایەن ژووری بازرگانیی ئەمریکاوە بە گەرمی پێشوازی لێ کرا و، لە وتەیەکدا (ستیف لوتس) جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئامادەباشیی کۆمپانیاکانی ئەمریکای بۆ وەبەرهێنان لە کوردستان پیشاندا و گوتی: «ژووری بازرگانیی ئەمریکا گەورەترین ڕێکخراوی بازرگانییە لە جیهاندا و نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی سێ ملیۆن کۆمپانیا لە سێکتەرە جیاوازەکانی ئەمریکا دەکات. ئەمڕۆ شانازی دەکەین بووینە خانەخوێ بۆ میوانداریی ئەنجومەنی (کاری ئەمریکی-عێراقی) کە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە بەردەوامیی کار و دەرفەتەکان بۆ وەبەرهێنان و کۆمپانیا بازرگانییەکان کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان کاردەکەن و، هەوڵەکان یەك دەخەین بۆ لابردنی ئەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم پەیوەندییە بازرگانییەکان. شانازی دەکەین لە ساڵانی ڕابردوو توانیمان لەگەڵ شاندی بازرگانی بێینە هەرێمی کوردستان کە دوایین سەردانمان لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٣ بوو، بەمەش بە مەبەستی بازرگانیی (لە کێڵگەوە بۆ سفرە) شاندەکەمان کە چەندین بازرگان و تایبەتمەندیی گەورەی لە بواری پیشەسازیی خۆراك لەگەڵدا بوو، سەردانی هەولێر و سلێمانیمان کرد و هەموویان بەدوای ئەو دەرفەتە هاوبەشانەی بواری زنجیرەی خۆراکدا دەگەڕان، کە هاوتەریبە لەگەڵ پلانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان، کە ئەویش فرەچەشنکردنی ئابوورییە لە کوردستان. ئەو کاتەی لە کوردستان بووم، شانسی ئەوەم بۆ دروست بوو کە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، دامەزراوەی وبەرهێنانی کوردستان (Invest Kurdistan) ڕابگەیەنین، سوپاسی بەڕێز بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی باش و سەرنجڕاکێش و پڕدەرفەت بۆ کۆمپانیاکان، پێشتر کۆمپانیای گەورەی ئەمریکی لە کوردستان وەبەرهێنانیان کردووە وەك کۆمپانیای (HKN) لە بواری وزە، کە گەورەترین وەبەرهێنەری ئەمریکییە لە کوردستان، هەروەها کۆمپانیایەکی دیکەمان لە سلێمانی وەبەرهێنان دەکا،ت لە بواری زیادکردنی بەرهەمی خۆماڵیی پەتاتە و، چەندین کۆمپانیای دیکەشمان لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان دەکەن، هەر بۆیە سەرەڕای بوونی ئالنگارییەکان،

دەمانەوێت بە بەڕێز سەرۆك وەزیرانی کوردستان بڵێین: ئێمە وەك ژووری بازرگانیی ئەمریکا دەمانەوێت پابەند بین و پێزانینیشمان هەیە بۆ گرنگیپێدانتان بە پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکان، دەمەوێت دڵنیاتان بکەمەوە، کە جارێکی دیکەش لەگەڵ شاندێکی بازرگانیی دیکە دەگەڕێینەوە بۆ کوردستان».

ئەم ئامادەباشییەی ژووری بازرگانیی ئەمریکا بۆ هاتنی کۆمپانیاکانی ئەمریکا لەسەر ئاستی کۆمپانیای (قەوارە گەورە و مامناوەند و بچووك)، ئاماژەیەکی ڕوونە بەوەی ئیدارەی ئەمریکی سەقامگیری و ئاسایشی هەرێمی کوردستانی لا گرنگە و، بە بێ ئاسایش و سەقامگیری زەمینەی گونجاو بۆ وەبەرهێنان نارەخسێت و، کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکاش کە پێویستیان بە ژینگەیەکی ئارام و سەقامگیرە، ئەگەر نەزانن وڵاتەکەیان پشتگیریی تەواوی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ پاراستنی ئەو ئارامی و سەقامگیرییەی کوردستان، ئەوا ئەوانیش ئەو ئامادەباشییە پیشان نادەن.

لەلایەکی دیکەوە هاتنی کۆمپانیاکانی ئەمریکا بۆ وەبەرهێنان لە کوردستان و گەڕان بەدوای هەزاران دەرفەتی وەبەرهێناندا کە تائێستا دەستیان بۆ نەبراوە، ئەمە دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی کۆمپانیای زیاتری دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا بێنە هەرێمی کوردستان و سوود لە دەرفەتە دەست بۆ نەبراوەکان وەربگرن، بەتایبەتی ئەو دەرفەتانەی وەبەرهێنان کە لە دەرەوەی هەردوو سێکتەری نەوت و گازن.

مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لوتکەی حکومەتەکانی دوبەی لە ساڵی **٢٠٢٣** جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان دەیەوێت سوود لە داهاتی نەوت و گازەکەی وەبگرێت و ژێرخانەکانی دیکەی ئابووری فرەچەشنی پێ زیندوو بکاتەوە و، نایەوێت هەرێمی کوردستان وەك وڵاتێکی ڕەیعی تەنیا پشت بە داهاتی نەوت و گاز ببەستێت، لە دیدارەکەشی لە ١ی ئاداری ئەمساڵ (٢٠٢٤) لەگەڵ کۆمپانیا و خاوەنکارەکانی ئەمریکا زۆر ڕاشکاوانە ئەوەی پێ ڕاگەیاندن کە بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامانجی ئەوەیە کە لە دەرەوەی کەرتی نەوت و گاز، وەبەرهێنان لە سێکتەرەکانی (کشتوکاڵ، بە پیشەسازیکردنی کشتوکاڵ، گەشتیاری، پیشەسازی) فراوان بکات. بێگومان هەرێمی کوردستان جیا لەوەی جوگرافیایەکی گرنگە بۆ پەرەپێدان و بە پیشەسازی کشتوکاڵ کە لە ئێستادا جیهان بەرەو تەنگژەی خۆراکی هەنگاو هەڵدەگرێت، زۆر بە باشی دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی سەرجەم بوارە جیاوازەکانی خۆراك و، جیا لەوەی ئەم ئاراستەیە هەرێمی کوردستان بەرەو وڵاتێکی خۆبژێوی لەسەر ئاستی دابینکردنی خۆراك دەبات، لە هەمان کاتدا دەشتوانێت ببێتە وڵاتێك کە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی هەناردەی دەرەوە بکات، هەروەك چۆن ئێستا بەرهەمەکانی (هەنار، سێو، پەتاتە، هەنگوین) هەناردەی وڵاتی جیهان دەکات.

لایەنێکی دیکەی فراوانکردنی ئاستی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان پەیداکردنی دەرفەتی هەلی کارە بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، لەم ڕاستەشەوە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کۆمپانییانەی دێن و لە کوردستان کاری وەبەرهێنان دەکەن، مەرجدارە بەوەی دەبێت بە ڕێژەی ٧٥٪ سوود لە دەستی کاری لۆکاڵی لە هەرێمی کوردستان وەربگرن. ئەو ئاراستەیە کە بەرەو ئەوەمان دەبات کەرتی تایبەت زۆر فراوان بێت و کەرتی گشتی سنووردار بێت، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کەرتی تایبەت ببێتە سەرچاوەی پەیداکردنی هەلی کار و چیتر وەك پێشان خەڵك چاوەڕوانی دامەزراندنی کەرتی گشتی نەکات.

ئەم ئومێد و گەشبینییانەی لەم سەردانەی ئەمجارەی سەرۆکی حکومەت بۆ کۆشکی سپی دەخوێندرێتەوە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە جددییەتی هەردوولا (ئەمریکا و هەرێمی کوردستان) بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و واشتنۆن ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، کە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان پشتیوانیی تەواوی لێ دەکرێت لە سیاسەت و ستراتیژیەتی تازەی ئەمریکادا، هەم بەرانبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەمیش بەرانبەر بە عێراق و هەرێمی کوردستان.

**ئەو ئاراستەیە کە بەرەو ئەوەمان دەبات کەرتی تایبەت زۆر فراوان بێت و کەرتی گشتی سنووردار بێت، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کەرتی تایبەت ببێتە سەرچاوەی پەیداکردنی هەلی کار و چیتر وەک پێشان خەڵک چاوەڕوانی دامەزراندنی کەرتی گشتی نەکات**

**پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان پشتیوانیی تەواوی لێ دەکرێت لە سیاسەت و ستراتیژیەتی تازەی ئەمریکادا، هەم بەرانبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەمیش بەرانبەر بە عێراق و هەرێمی کوردستان**



ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجە بۆ گوڵان:

# یاداشتێکی نۆ خاڵیمان پێشکەشی سەرۆکی حکومەت کرد و بە خۆشحاڵییەوە لێی وەرگرتین و بۆی جێبەجێ کردین

**« هاتووم گوێ دەگرم و قسە ناکەم، چی بکەین و چۆن خزمەتی هەڵەبجە بکەین؟» ئەمە وتەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، لە کۆبوونەوەی لەگەڵ پارێزگاری هەڵەبجە و یەکە ئیدارییەکانی، دوای ئەوەی لە ٢٢ی مانگی ڕابردوو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی و وەزیری ناوخۆ بە سەردانێك گەیشتنە پارێزگای هەڵەبجە و، بەردی بناغەی پرۆژەی پردی تەوقوت و جێبەجێکردنی ژمارەیەك پرۆژەی دیکەیان ڕاگەیاند و، یاداشتە نۆ خاڵییەکەی داواکاریی هەڵەبجەییەکانی وەرگرت و بەڵێنی پێدان کە سەرجەم داواکارییەکانیان جێبەجێ بکات.**

**دوای ئەوەش بەڕێوەبەرایەتیی گشتی و فەرمانگەکان، ڕاستەوخۆ لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆدان لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەکان و، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی سەرۆك وەزیران گەیشتە پارێزگای هەڵەبجە و، بەکردار دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەکان کرا، وەکو سەرەتایەکیش دەست بە جێبەجێکردنی ٢٠٠ هەزار مەتر دووجا قیری گەڕەکەکانی سەنتەری هەڵەبجە و ناحیەکانی کرا. هەروەها کار بۆ بە خێرا بەقەزابوونی خورماڵ و جێبەجێکردنی ماستەرپلانی هەڵەبجە دەکرێت، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواوی تێچووی ماستەرپلانەکە لە ئەستۆ دەگرێت. لەم سەردانەدا چەند خاڵێکی گرنگی تایبەت بە تەرخانکردنی بەشێکی داهاتی دەروازە سنوورییەکان بۆ پرۆژەکان تەرخان دەکرێت، وەبەرهێنانیش پشکی گەورەی پێدراوە و گۆڕانکاری لە ڕسومات و پابەندییەکانی سەرشانی وەبەرهێنەکان کراوە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجە ساز دا، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** سەرەتا با لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، سەردانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگای هەڵەبجە بۆ ئێوەی هەڵەبجەییەکان چی دەگەیەنێت؟**

- سەردانی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم و شاندێکی باڵای یاوەریان بۆ هەڵەبجە، کە بەڕێزان وەزیری ئاوادانکردنەوە و وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان و ژمارەیەك لە گەورە بەرپرسانی دیکە یاوەریان بوون، ئەمە یەکەم سەفەری بەڕێزیان بوو، ئینشاڵڵا سەفەری دیکەشی بەدوادا دێت. لەم سەفەرەدا وێڕای دانانی بەردی بناغەی پرۆژە و دەرکردنی ژمارەی تابلۆی ئۆتۆمبێل و سەردانیکردنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، کۆبوونەوەیەکی فراوانیان لەگەڵ بەندە وەکو پارێزگاری هەڵەبجە و، جێگری پارێزگار و بەڕێوەبەرانی ناحیەکانی پارێزگاکە ساز دا. لەو کۆبوونەوەیەدا یاداشتێکی نۆ خاڵیمان پێشکەش کردن، بە خۆشحاڵییەوە هەر نۆ خاڵەکەی ناو یاداشتەکەیان لێ وەرگرتین و بۆی جێبەجێ کردین. خۆ ئەگەر ١٩ خاڵیش بووایە هەر بۆی جێبەجێ دەکردین، بەڵام ئێمە ئەم داواکارییەی لە ناو یاداشتە نۆ خاڵییەکەدا هاتووە، بەلامانەوە زۆر بە گرنگ و لە ڕیزبەندی پێشەوەی داواکارییەکانی هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان دێت و، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئابووری و ئاوەدانی و ژیان و بژێویی خەڵکەکەشەوە هەیە. بۆ نموونە کاتێك خورماڵ لە ناحییەوە شەش مانگ دەبێت فەرمانەکەی بۆ دەرچووە ببێتە قەزا، بەڵام دەبێت ڕێکاری بۆ بگیرێتەبەر، واتا کاتێك تۆ دێیتە خورماڵ نابێت بەڕێوەبەری

**له سەردانی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاریشدا بڕیاری جێبەجێکردنی ماستەرپلانی هەڵەبجە لە ماوەی پێوانەیی لە ساڵی ٢٠٢٤ درا**

**ڕاستە لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا فەرمانی بە پارێزگابوونی هەڵەبجە بە تەواوەتی دەرنەچووە، بەڵام فەرمانی پێدانی تابلۆی تایبەت بە هەڵەبجە بە فەرمی هەیە و ئامێری پێشکەوتووی بۆ هێنراوە**



**له هەڵەبجە هەوڵەکانی بە پیشەسازیکردنی خۆراک دەستی پێ کردووە، پرۆژەی سایلۆکەش کاری تێدا دەکرێت و بە ساڵێک و هەشت مانگ تەواو دەبێت**

**پرۆژەی کارگەی هێلکەمان هەیە، کە توانایەکی بەرزی هەیە و نیوەی هێلکەی کوردستان دابین دەکات**

ناحیە لەوێ بێت، دەبێت قایمقامی لێ بێت، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بەڕێز سەرۆکی حکومەت، بەڕێز ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی ڕاسپارد، کە بەپەلە و بە خێرایی هەموو کارەکانی بەقەزابوونەکە جێبەجێ بکات. دیارە بوون بە قەزای خورماڵ وەکو ناوچەیەکی سەرسنووری، پێگەیەکی بازرگانی و گەشتیاری و کشتوکاڵیی زۆر گرنگی هەیە لە نێوان شارەزوور و هەوراماندا و کلیلی ناوچەکەیە. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا گفتوگۆی جددیمان کرد لەسەر زۆر بواری دیکەی تایبەت بە داواکاری و پێداویستیی پارێزگاکە، کە بۆ بووژاندنەوەی کەرتی ئابووری و چەندین بواری دیکەی تایبەت بە وەبەرهێنان و داهات گرنگن.

*** خاڵێکی گرنگی گفتوگۆکان تایبەت بوو بە تەرخانکردنی بەشێك لە داهاتی دەروازە سنوورییەکانی هەڵەبجە بۆ پرۆژەکانی پارێزگاکە، لەسەر ئەم خاڵە چی کرا؟**

- یەکێك لە گرفتەکانی بەردەم کارکردنمان نەبوونی داهاتە بۆ کار و خزمەتگوزاری و پرۆژەکان، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئێمە خاوەنی دوو دەروازەی سنووریی گرنگین. بۆیە بە خۆشحاڵییەوە هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا، بەشێك لە داهاتی هەردوو گومرگی دەروازە سنوورییەکەی هەڵەبجە کە (تەوێڵە و بەمۆ)یە، وەکو داهات ڕاستەوخۆ بۆ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکە تەرخان بکرێت، ئەم بڕیارەش تەنیا بۆ پارێزگای هەڵەبجەیە، بەو پێیەی هەڵەبجە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە.

*** کردنەوەی کۆلێژی پزیشکی و دامەزراندنی ژمارەیەك گەنج بە گرێبەست، دوو بابەتی گرنگی دیکەیە بۆ گەنجەکان و پارێزگای هەڵەبجە، ئایا تا چەند جێبەجێکردنی ئەم دوو بابەتە بۆ هەڵەبجە گرنگن؟**

- کردنەوەی کۆلێژی پزیشکیی هەڵەبجە زۆر دەمێکە داواکاری و کاری بۆ دەکەین، چونکە بۆ پەرەپێدانی کەرتی پزیشکی و دامەزراندنی گەنجەکان لەم کۆلێژەدا بایەخێکی زۆری هەیەو، پێشکەوتنێکە لە کەرتی زانکۆ و خوێندنی باڵا لە پارێزگاکەماندا، هاوکات دامەزراندنی ژمارەیەکیش بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی میلاکاتی هەڵەبجە گرنگیی




زۆری هەیە، سەبارەت بە دامەزراندنی گرێبەستەکان کە زۆر گرنگە بۆ هەڵەبجە کە بووەتە پارێزگا و بەڕێوەبەرایەتیی نوێی بۆ دامەزراوە و میلاکی نوێی دەوێت، بۆ نموونە من بەڕێوەبەرایەتیم هەیە بەڕێوەبەرەکە هەر خۆیەتی، بەیانیان دێت دەرگاکە دەکاتەوە و بەڕێوەبەرایەتییەکە خاوێن دەکاتەوە، هەر خۆیشی ژمێریاری دەکات و هەموو کارەکانی دیکەی پاسەوان و خزمەتگوزاری و کارگێڕی دەکات، بە خۆشحاڵییەوە سەرۆکی حکومەت ڕەزامەندیی دەربڕی بۆ دامەزراندنی ٥٠٠ فەرمانبەری گرێبەست، ڕەنگە بۆ ئەم کارە ٣٠٠٠ کەس داوا بکات، بۆ ئەمەش شێوازێك بە ئۆنلاین دادەنێین و خاڵبەندی بۆ کەسوکاری شەهید و خێزاندار کە دەرچووی چساڵێکە و شارەزایی و پسپۆڕایەتی هەمووی دادەنێین، تاوەکو دادپەروەرییەکی باشی تێدا بێت.

*** بابەتی شارەوانی و ماستەرپلان و قیرتاوکردنی شەقامەکان و چەند بوارێکی دیکەی خزمەتگوزاری چەند دەستکەوتێکی دیکەی ئەو سەردانەی سەرۆکی حکومەت بوون، بەتایبەتی دوای ئەو سەردانە وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار سەردانی پارێزگاکەی کرد و لەگەڵتان کۆبوونەوە. ئایا لەم ڕووەوە دەکرێت بڵێین بە کردار دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژە و کارەکانی شارەوانی کراوە؟**

- لە سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتدا تەوەرێکی سەرەکیی داواکاری و گفتوگۆکانمان تایبەت بوو بەو پرۆژانەی شارەوانی کە لە ڕیزبەندی پێشەوەی داواکاری و خواستی هاووڵاتیانی هەڵەبجە و ناحیەکانی دێت، لە سەردانی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاریشدا بڕیاری جێبەجێکردنی ماستەرپلانی هەڵەبجە لە ماوەی پێوانەیی لە ساڵی ٢٠٢٤ درا و، ڕاستەوخۆ وەزیری شارەوانی و گەشتوزار داوای کرد، لیستی ڕیزبەندی پرۆژەکانی قیرتاوکردن لە ناو سەنتەری شارەکە و ناحیەکانی سیروان و بەمۆ و خورماڵ و بیارە و تەوێڵە ئامادە بکەین و، خێرا کاری لەسەر بکرێت، کە چەند پرۆژەیەکی باخچەشی لەگەڵدایە، هەروەها گرفتی ئەو زەوییانەش چارەسەر دەکرێت کە کێشەیان تێدایە .

**سەرۆکی حکومەت یەکەم تابلۆی ئۆتۆمبێلی ژمارە (A 1000023)ی هەڵەبجەی چاپ کرد و پێشکەشی هاووڵاتییەکی هەڵەبجە کرد، کە خاوەنی چەندین شەهیدە**

**ئومێدەوارم لە دانیشتنی سێیەمی پەرلەمانی عێراقدا پەرلەمانتاران بە زۆرینە دەنگ بۆ بەپارێزگابوونەکەی هەڵەبجە بدەن**




**ڕێکارەکانی بەقەزابوونی خورماڵ ڕاسپێردرا بە وەزیری ناوخۆ و بە خێرایی جێبەجێی دەکات**

**پرۆژەکانی قیرتاوکردن لە ناو سەنتەری هەڵەبجە و ناحیەکانی سیروان و بەمۆ و خۆرماڵ و بیارە و تەوێڵە دەست پێ دەکات**

*** زۆر باس لە گرنگیی پردی تووەقوت دەکرێت، کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی بۆ دانا، ئایا تاچەند ئەم پردە بۆ پارێزگای هەڵەبجە و بووژانەوەی کەرتی گەشتیاری و گواستنەوە گرنگە؟**

- پردی تووەقوت، هەڵەبجە بە دەربەندیخان و گەرمیان و پارێزگاکانی خوارووی عێراقەوە دەبەستێتەوە و گرنگیی لە ڕاددەبەدەری بۆ گواستنەوە هەیە، بە دانانی بەردی بناغەی ئەم پردە، ماوە و تێچووی هاتووچۆ لەنێوان هەڵەبجە و گەرمیان و پارێزگاکانی خوارووی عێراقدا کەم دەبێتەوە، هاوکات بۆ ناوچە گەشتیارییەکان و گواستنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و هاتووچۆش زۆر گرنگە. پانیی پردەکە ٦٠ مەترە و بە ڕێگەیەکی ٢٧ کیلۆمەتریدا تێپەڕ دەبێت و، هەر لە بازگەی هەڵەبجەوە بۆ سەر ڕێگەی دەربەندیخانەوە بەلای گوندی میرەدێ ڕێگەکە قیر دەکرێت، واتە دوای تەواوبوونی پردی تووەقوت کە لە بازگەی هەڵەبجەوە بۆ سەر شەقامی دەربەندیخان تەنیا بە ١٠ بۆ ١٢ خولەك دەگەیت، دواتریش بە ٢٠ خولەك دەگەیتە دەربەندیخان، واتا لە هەڵەبجەوە بە ٣٠ خولەك دەگەیتە دەربەندیجان.

*** هەر لەو سەردانەدا سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی یەکەم تابلۆی ئۆتۆمبێلیان دابەش کرد، ئایا ئەم ژمارەی تابلۆیە تاچەند گرنگ بوو بۆ بە پارێزگابوونی هەڵەبجە؟**

- هەڵەبجە پارێزگایەکی سەربەخۆیە وەکو هەموو پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕاستە لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا فەرمانی بە پارێزگابوونی هەڵەبجە بە تەواوەتی دەرنەچووە، بەڵام فەرمانی پێدانی تابلۆی تایبەت بە هەڵەبجە بە فەرمی هەیە و ئامێری پێشکەوتووی بۆ هێنراوە، لە میانەی سەردانەکەشدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتوچۆی پارێزگای هەڵەبجەی کرد و، یەکەم تابلۆی ئۆتۆمبێلی ژمارە(23A10000)ی هەڵەبجەی چاپ کرد و پێشکەشی هاووڵاتییەکی هەڵەبجە کرد، کە خاوەنی چەندین شەهیدە.



*** یەکێك لە برگە گرنگەکان کەرتی وەبەرهێنانە، کە بە هۆی بارودۆخی هەڵەبجەوە بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە کەمترین وەبەرهێنانی تێدا ئەنجام دراوە، ئایا لەم ڕووەوە تاچەند بڕیارەکانی سەرۆکی حکومەت بۆ لابردنی ڕسومات و هەڵگرتنی پابەندییەکان بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەران گرنگ بوو؟**

- لەپێناو ڕاکێشانی وەبەرهێنەران و دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجەکانمان، داوامان کرد، کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا و مەرج و ئیلتزامات کە لەسەر وەبەرهێنەران هەیە، پارێزگای هەڵەبجە نەگرێتەوە و ئەم پارێزگایە ٢٠١٤ بووەتە پارێزگا، بۆ ئەمەش بڕیار درا لیژنەیەکی تایبەت کار لەسەر کەمکردنەوە و هەڵگرتنی ئەو ڕسومات و ئیلتیزاماتانە بکات. بۆ نموونە ئەگەر لە سلێمانی زەوییەك بە موساتەحە بۆ ٢٠ ساڵ بێت، با لە هەڵەبجە بۆ ٣٠ ساڵ بێت، یان بۆ نموونە لە سلێمانی مەتری بە ١٠٠٠ دۆلار لە هەڵەبجە بە ١٠٠ دۆلار بێت. لە هەڵەبجە هەوڵەکانی بەپیشەسازیکردنی خۆراك دەستی پێ کردووە، ئەوەتا پڕۆژەی سایلۆکەش کاری تێدا دەکرێت و بە ساڵێك و هەشت مانگ تەواو دەبێت، لە لایەکی دیکەوە پڕۆژەی کارگەی هێلکەمان هەیە، کە توانایەکی بەرزی هەیە و نیوەی هێلکەی کوردستان دابین دەکات، هاوکات چەندین کارگەی دیکەی زەیتی زەیتوون و ڕوبە هەنار و شیرەمەنیمان هەیە .

*** ئایا دواخستنی دەنگدان بۆ بەپارێزگابوونی هەڵەبجە و دانانی مەرج لەلایەن بەشێکی فراکسیۆنە شیعە و سوننەکان، تەنیا بۆ دەنگدان بە پڕۆژەیاساکە لە پەرلەمانی عێراق، غەدرێکی دیکە نییە لە خانەوادەی قوربانیانی ئەم پارێزگایە دەکرێت؟**

- بڕیاری بەپارێزگابوونی هەڵەبجە بەدەست دەوڵەتی عێراقە، لە دوو دانیشتنی پەرلەماندا دەنگ بە پارێزگابوونەکە دراوە، بەڵام دانیشتنی سێیەم دەنگدانی دەوێت، ئەم بابەتە ماوەتەوە، ئومێدەوارم لە دانیشتنی سێیەمی پەرلەمانی عێراقدا پەرلەمانتاران بە زۆرینە دەنگ بۆ بەپارێزگابوونەکەی هەڵەبجە بدەن.

**دامەزراندنی کۆلێژی پزیشکیی هەڵەبجە وەرچەرخانێکە لە کەرتی خوێندنی باڵا و بووژانەوەی کەرتی تەندروستی**

**تەرخانکردنی بەشێک لە داهاتی گومرگی هەردوو دەروازی تەوێڵە و بەمۆ بۆ پرۆژەکان دەبێت**

**د. ڤالا فەرید**
وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بۆ گوڵان:

# ئەوەی دادگای فیدراڵیی عێراق کردی کودەتا بوو بەسەر دەستووردا

**« بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی هەموویان لە دژی هەرێمن و ئەم دادگایەش دادگایەکی دەستووری نییە و سنووری ئەرك و دەسەڵاتە سەرەکییەکانی بەزاندووە، بڕیارەکانی پێشێلکردنی دەسەڵاتە دەستوورییەکانە». ئەمە تەنیا وتەی مەرجەع و ڕابەری کورد سەرۆك بارزانی نییە، بەڵکو وتەی پێشمەرگەیەکی کوردستانە کە لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا ٦١ ساڵی تێپەڕاندووە و سازشی لەسەر ماف و دەستکەوتەکانی نەتەوەکەی نەکردووە، گۆڤاری گوڵان بۆ قسەکردن لەسەر نادەستووریبوونی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و دژایەتیکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، دیدارێکی لەگەڵ د. ڤالا فەرید وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و، شارەزا و پسپۆڕ لە دەستوور و یاسا سازدا، لێرەدا دەقی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** دادگای فیدراڵی وێڕای ئەوەی هیچ پاڵپشتییەکی دەستووری و یاسایی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی لە قووڵکردنەوەی ناکۆکیی و گرژییەکاندا لە نێوان پێکهاتەکان و هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیدا هەیە. پرسیاری ئێمە لێرەدا ئەوەیە، وەکو شارەزایەکی دەستووری و یاسایی، خوێندنەوەت بۆ دوابڕیاری هەڵوەشانەوەی کورسیی کۆتای پێکهاتەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان چییە؟**

- ئەمە یەکەم جار نییە دادگای فیدراڵیی عێراق دوور لە تایبەتمەندیی خۆی کە لە ماددەی (٩٣)ی دەستووردا دەبینێتەوە، لە دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان بڕیار دەردەکات، بەپێچەوانەی تایبەتمەندیی دەستوورییەوە دەست دەبات بۆ هەموارکردنەوەی یاسا و داڕشتنی یاسا، لە کاتێکدا لەم ماددەیەی دەستووردا بە ڕوونی ئاماژە بەوە دراوە کە دادگا کاری تەشریع نییە، چونکە دەقی بەدیلی داناوە و دەبێت



پەرلەمـان ئـەو کارە بـکات، لـە هەمـوو جیهانـدا بـۆ یەکەمینجـارە دادگایەکـی فیدراڵـی شـتێکی وا بـکات و بڵێـت: (لیصبـح النـص کالآتـي) ئـەوە یاسادانەرە (مشرع) لـە پەرلەمـان ئـەم کارە دەکات، بەمـەش دادگاکـە دەستکاریی مـاددە و بڕگەکانـی دەسـتوور و یاساکانیشـی کـردووە و یاسـای نـوێ دەردەکات، لەکاتێکـدا ئـەم پێشـێلکارییە ئەرکـی دادگای فیدراڵـی و پسـپۆڕایەتی و تایبەتمەندیـی ئەو نییە، چونکە هەڵوەشانەوەی کورسیی کۆتـای پێکهاتـەکان بـۆ خولـی شەشـەمی پەرلەمانـی هەرێمـی کوردسـتان بڕیـار نییـە، بەڵکـو یاسـایە و ناچێتـە پسـپۆرایەتی و تایبەتمەندێتـی داگای فیدراڵییەوە. پسپۆڕایەتی و تایبەتمەندیی دادگای فیدراڵـی لـە مـاددەی ٩٣ی دەسـتووردا دیـاری کـراوە بـە ٨ بڕگـە و، تێیـدا پسـپۆڕایەتییەکانی دادگاکـە دیـاری کـراون، کـە دادگاکـە بـۆی نییـە لـەو پسـپۆڕایەتی و تایبەتمەندێتییـە دەربچێـت. بەداخـەوە ئـەوەی دادگای فیدراڵیـی عێـراق کـردی کودەتـا بـوو بەسـەر دەسـتووردا، چونکـە لـە دەرەوەی تایبەتمەندێتییەکانـی دادگا بڕیـاری دەرکـردووە و یاسـایەکی نوێـی داڕشـتووە، تەنانـەت دادگاکـە ئـەوەی پەیوەندیـدارە بـەم پرسـەوە لەسـەر چـوار تـەوەر لـە نـاو بڕیارەکەیـدا قسـەی کـردووە (بازنەکانـی هەڵبـژاردن و ژمـارەی کورسـییەکانی پەرلەمـان و کۆمسـیۆنی بـاڵای هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی و دەسـەڵاتەکانی پەرلەمانـی کوردسـتان و دەسـەڵاتی دادوەری - ئەوەنـدەی پەیوەندیـدارە بـە پرۆسـەی هەڵبژاردنـەوە). بـە شـێوەیەکی گشـتی دادگای فیدراڵیـی عێـراق تایبەتمەندیـی خـۆی تێپەڕانـدووە و کودەتـای بەسـەر دەسـتووردا کـردووە، هیـچ ڕێزێکـی بـۆ دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق دانەنـاوە، وەکـو سـەرۆك بارزانـی فەرمـووی: «دادگاکـە نادەسـتوورییە..» چونکـە دادگاکـە بەپێـی ئەحکامەکانـی دەسـتوور دانەمـەزراوە، لەبەرئەوەی دادگاکە بەپێی بڕگـەی ٢ی مـاددەی ٩٢ی دەسـتوور دانەمـەزراوە کـە داوا دەکات: (دادگایـەك دابمەزرێـت بـە دەنگـی زۆرینـەی دوو لەسـەر سـێی ئەندامانـی ئەنجومەنـی نوێنـەران) بێـت، زۆربـەی بڕیارەکانـی دادگاکـە پێچەوانـەی دەسـتوورە، دوا بڕیـاری لەسـەر هەڵبژاردنەکانـی کوردسـتان لـە پێشـێلکاریی دەسـتوور زۆر زیاتـرە و کودەتایەکـی ڕوون و ئاشـکرایە بەسـەر دەسـتووردا و، هەمـواری یاسـای هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی کوردسـتانی کـردووە، ئـەو لـە دەسـەڵاتیدا نییـە

**هەڵوەشانەوەی کورسیی کۆتای پێکهاتەکان بڕیار نییە، بەڵکو یاسایە و ناچێتە پسپۆڕایەتی و تایبەتمەندێتیی داگای فیدراڵییەوە**

**سەرۆک کۆمار دەتوانێت بڵێت کاتێک دادگاکە بە پێچەوانەی دەستوور بڕیار دەدات ئەوا بڕیارەکانی قابیلی جێبەجێکردن نابێت، چونکە دەستوور دایکی هەموو دامەزراوەکانە**

**هەڵوەشانەوەی کورسیی کۆتای پێکهاتەکان بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بڕیار نییە، بەڵکو یاسایە و ناچێتە پسپۆرایەتی و تایبەتمەندێتی داگای فیدراڵییەوە**

**دادگای فیدراڵی و زۆر لەو کەس و گرووپ و ئەجێندانەی لە پشت ئەم پێشێلکارییە دەستووری و دادگایی و یاساییەدان، ڕەچاوی ئەوەیان نەکردووە هەرێمی کوردستان بە سەرجەم پێکهاتەکانییەوە گەلی کوردستان پێک دەهێنن**

**ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵیی عێراق پێچەوانەی ئەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییانەیە کە پەیوەستە بە مافی مرۆڤ و پێکهاتەکان و عێراق تێیدا ئەندامە**

یاسای پەرلەمانی کوردستان هەڵبوەشێنێتەوە و دەقی نوێ دابڕێژێت، لە کاتێکدا یاساکە هاودژ نییە لەگەڵ دەستووردا و بەو یاسایە خولەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراون.

*** باسی بابەتی بازنەی هەڵبژاردنەکان و ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانت کرد، وەکو یاساناس و شارەزایەك لە مادده و بڕگەکانی دەستوور، ئایا تێبینی و سەرنجت لەسەر ئەم دوو بڕیارە چییە؟**

- دادگاکە ڕایگەیاندووە دەبێت هەڵبژاردنەکان یەك بازنە نەبێت و چوار بازنە، یان لە چوار بازنە کەمتر نەبێت و ژمارەی کورسییەکانیش ١٠٠ کورسیی پەرلەمانی بێت، گوایە یەك بازنە پێچەوانەی دەستوورە، ئەمە لە کاتێکدا دیاریی نەکردووە ئەمە پێچەوانەی چ ماددەیەکی دەستوورە، کە دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستانی لەسەر داڕێژراوە، ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانیش لە ١١١ کورسییەوە بۆ ١٠٠ کورسی کەم کردووەتەوە، گوایە دەستەواژەی یانزدە کورسی پێچەوانەی دەستوورە، لەکاتێکدا داڕشتنی دەقی نوێ کاری پەرلەمانی هەرێمی کوردستانە نەك دادگا، لەمەشدا دیاریی نەکردووە پێچەوانەی کام ماددەی دەستوورە، ماددەی ٣٦ی (مکرر)ی هەڵوەشاندووەتەوە، ئەم ماددەیەش لە ناو یاساکەدا دەڵێت پێنج کورسی بۆ کلدان و سریان و ئاشووری و پێنج کورسی بۆ تورکمان و یەك کورسی بۆ ئەرمەنە، ئەم ماددەیەشی بە تەواوەتی هەڵوەشاندووەتەوە و دادگاکە پێمان دەڵێت پێچەوانەی دەستوورە، بێ ئەوەی دیاری بکات و پێمان بڵێت پێچەوانەی کام ماددەی دەستوورە، لە کاتێکدا بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی ڕێك پێچەوانەی بڕگەی (١)ی ماددەی ٤٩ی دەستووری عێراقە کە بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کردووە، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێك دێت لە کۆمەڵێك ئەندام هەر ١٠٠ هەزار کەس کورسییەکی هەیە و، لە کۆتایی ماددەکەشدا دەڵێت: ئەم نوێنەرانە پێویستە نوێنەرایەتیی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بکەن ((يتكون مجلس النواب من عدد من الاعضاء بنسبة مقعد واحد لكل مائة الف نسمة من نفوس العراق يمثلون الشعب العراقي باكمله، يتم انتخابهم بطريق الاقتراع العام السري المباشر، ويراعي تمثيل سائر مكونات الشعب فيه- الماده ٤٩ – أولا))، ئەم ماددە دەستوورییە بە یاسادانەر دەڵێت، کاتێك یاسای هەڵبژاردن دادەنێیت، ئاگاداربە و پێویستە کۆتا جێگیر بکەیت بۆ ئەو پێکهاتانەی ناتوانن لە کێبڕکێی هەڵبژاردنەکاندا کورسی بەدەست بهێنن، هەر لەبەر ئەمەش بوو لە کۆتا هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لە ساڵی ٢٠٢٣ کۆتا جێگیر کرا لە ناو یاسای هەڵبژاردنی عێراقدا، لەلایەکی دیکەوە دادگای فیدراڵی و زۆر لەو کەس و گرووپ و ئەجێندانەی لە پشت ئەم پێشێلکارییە دەستووری و دادگایی و یاساییەدان، ڕەچاوی ئەوەیان نەکردووە هەرێمی کوردستان بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە گەلی کوردستان پێك دەهێنن و پێکەوەژیان لە ناو هەرێمی کوردستاندا مێژوویەکی دەوڵەمەند و قووڵ و جوانی هەیە، تەنانەت ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵیی عێراق پێچەوانەی ئەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییانەیە کە پەیوەستە بە مافی مرۆڤ و پێکهاتەکان و عێراق تێیدا ئەندامە.

*** پرسی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی، تەوەرێکی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بووە، وا پێدەچێت ئەم کودەتایەی دادگای فیدراڵی دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان، تەنانەت ڕێگە نادات، خاوەنی کۆمسیۆنێکی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بین، ئایا وا هەست ناکرێت ئەم بڕگەیە بە شێوەیەك داڕێژراوە ئەجێندەی دەرەکیی لە پێشتەوەیە؟**

- دادگای فیدراڵی لەسەر پرسی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و ماددەکانی ٦ و ٧ و ٥٨ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان قسەی کردووە، ئەم ماددانە باس لە ئەنجومەنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکات و دواتر بووەتە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان و، خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانی بەڕێوە بردووە، ئەم دەقانەی هەڵوەشاندووەتەوە و دەقێکی نوێی داڕشتووە کاتێك دەڵێت: «کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە دەبات»، بێ ئەوەی بڵێت کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی

عێراق خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە دەبات و بە ڕەهایی قسەی کردووە. بە واتایەکی دیکە ئەو مافەی لە قەوارەی هەرێمی کوردستان سەندووەتەوە کە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەبێت، ئەمە نەک تەنیا کودەتا و پێشێلکاریی دەستوورییە، بەڵکو هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو ڕێککەوتنانەشە کە لەسەر ئەو بنەمایە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ عێراقی نوێی لەسەر دامەزرا و مەبدەئی فیدراڵییەت و هاوبەشی و هاوسەنگی لە نێوان هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی (کورد و سوننە و شیعە) ڕێك خراوە، گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی دیکتاتۆریەت و پەراوێزخستن و دژایەتیکردنی گەلی کوردستان.

لەمەش مەترسیدارتر دادگاکەی ٥٠+١ی فیدراڵی دەستی بۆ پەرلەمانی کوردستانیش بردووە، بەوەی بڕگەی ٢ ی ماددەی ٥٦ ی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩١ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی هەڵوەشاندووەتەوە، کە باس لە دەسەڵات و ئەرکەکانی پەرلەمان دەکات، بەوەی پەرلەمان بۆی هەیە لە پرسە چارەنووسسازەکان و ڕێککەوتنەکان و چۆنیەتی پەیوەندیی هەرێم بە دەسەڵاتەکانی ناوەندەوە قسەی هەبێت.

دادگاکە هەر بەمەوە نەوەستاوە لەسەر دەسەڵاتی دادوەرییش قسەی کردووە، ئێمە بڕگەی ٤ی ماددەی ٦ مان هەیە، ئەمیشی هەڵوەشاندووەتەوە، ئەم بڕگەیە دەڵێت: «ئەو تانانەی کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەدرێت، لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە چەند دادوەرێك دادەنرێت کە بەو تانانەدا دەچنەوە و بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدەن، بە واتایەکی دیکە، ئەو مافەشی داوەتەوە بە دادوەرانی بەغدا بە بێ ئەوەی ئەو داوایە لە دادگا کرابێت.

بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی نادەستووری و پێشێلکردنی دەستوور و کودەتایە و جێگەی گومانە و ئەجێندای سیاسیی لە پشتەوەیە، تەنانەت ئەو بڕگەیەی حکومەتی ناوەندی پابەند دەکات بە ناردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، چەند ماددە و بڕگەیەکی لەگەڵدایە و باس لە یاسای ئیدارەی دارایی دەکات، کە بە شێوەیەکی مەرکەزی نووسراوە و هەرێمی کوردستانی وەکو پارێزگایەك سەیر کردووە، نەك هەرێمێك کە خاوەنی دەسەڵاتەکانی تەشریعی و جێبەجێکاری بێت، بواری بۆ جێبەجێنەکردن و دروستکردنی بیانوو پاساوی زۆریش هێشتووەتەوە، هەر خۆی لەخۆیدا نەیارانی کورد و کوردستان لە عێراقدا لە دژی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی ڕۆڵ و کاراکتەرەکانیان دابەش کردووە و هەمیشە جێگەی گومان بوون و هەرواش دەمێننەوە.

**نەیارانی کورد و کوردستان لە عێراقدا لە دژی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی ڕۆڵ و کاراکتەرەکانیان دابەش کردووە و هەمیشە جێگەی گومان بوون و هەرواش دەمێننەوە**

*** باشە، لە کاتێکدا دادگای فیدراڵی نادەستووری بێت و بڕیارەکانی لە تایبەتمەندێتیی خۆی دەرچوویێت، چ کەسێك دەتوانێت دادگاکە**



**ڕابگرێت، بەتایبەتی کە لە ماددەی ٩٤ دەڵێت بڕیارەکانی دادگا بنبڕن و قابیلی تانە لێدان نییە؟**

- تەنیا سەرۆکی کۆماری عێراق کە سەرۆکی وڵاتە بەپێی ماددەی ٦٧ ئەرکی دەکەوێتە ئەستۆ کە بریتییە لە پاراستن و پارێزگاریکردن و پابەندبوون بە دەستوور، واتا بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ تاکە کەسێك بتوانێت بەرەنگاری بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی ببێتەوە کاتێك بە نادەستووری بڕیار دەدات تەنیا سەرۆك کۆمارە، واتا سەرۆك کۆمار دەتوانێت بە دادگاکە بڵێت: «دادگای فیدراڵی ملکەچە (ملزم) کە ڕێز لە دەستوور بگرێت، کاتێك دادگاکە بە پێچەوانەی دەستوورەوە بڕیار دەدات، ئەوا بڕیارەکانی قابیلی جێبەجێکردن نابێت، چونکە دەستوور دایکی هەموو دامەزراوەکانە بە دەسەڵاتی تەشریعی و جێبەجێکار و دادوەرییشەوە.

**بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ تاکە کەسێک بتوانێت بەرەنگاری بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی ببێتەوە کاتێک بە نادەستووری بڕیار دەدات تەنیا سەرۆک کۆمارە**

### کەرخی ئاڵتی بەرماخ

سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتیی تورکمان بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی وەک مەرجەعی گەلی کوردستان هەڵوێست و دژایەتیی جددی خۆی دەربارەی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەربڕیوە

## یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەو تانەیەی کەلێنێکی گەورە و خراپیان لە نێوان خۆیان و پێکهاتەکانی کوردستاندا دروست کرد

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سکاڵایەکی لەسەر کورسیی کۆتاکان لە دادگای فیدراڵیی عێراق تۆمار کرد، لە پاش چەند دانیشتنێك لە کۆتاییدا دادگاکە بڕیاری دا، کورسیی کۆتاکان (کە ١١ کورسییە) لە پەرلەمانی کوردستان نەمێنێت، ئەمەش دژی پێکهاتەکانی کوردستان و ئەو پێکەوەژیانە هێمن و ئاشتییانەیە کە لە هەرێمی کوردستان بەرجەستە بووە. لەسەر ئەو بابەتە و چەندین پرسی دیکە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ کەرخی ئاڵتی بەرماخ سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتیی تورکمان ئەنجام دا .



*** بڕیاری دادگای فیدراڵی بە لابردنی کورسیی کۆتاکان هەنگاوێکی ترسناکە بۆ تێکدانی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، ئایا وەك نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان چۆن سەیری ئەم بڕیارەی دادگاکە دەکەن؟**

- بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی لەبارەی نەهێشتنی کورسیی کۆتاکان بڕیارێکی نایاسایی و نابەجێیە، چونکە کورسیی کۆتاکان لە هەرێمی کوردستان بە یاسا لە پەرلەمانی کوردستان ڕێك خراوە، بۆچی کورسیی کۆتا بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و پارێزگاکان لە عێراق هەیە و ڕەوایە و بە دەستووری دادەنرێت، کەچی بۆ پەرلەمان کوردستان دەبێ هەڵبوەشێنرێتەوە و نادەستوورییە؟ هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراق بە ئیمتیازی سیاسییە و هیچ ڕوویەکی یاسایی پێوە دیار نییە، بەڵکو تەنیا بۆ نانەوەی کێشە و گرفتە بۆ هەرێمی کوردستان و هەوڵێکە بۆ نانەوەی کێشەو گرفت بۆ ئەو پێکەوەژیانە جوان و ئاشتییانەیەی کە لە نێوان پێکهاتەکانی کوردستاندا هەیە. ئەو بڕیارە نارەوا و خراپە ئۆباڵەکەی دەکەوێتە سەر دادگای فیدراڵیی عێراق و لایەنی سکاڵاکار کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، ئەو گوناهەش تا دنیا ماوە، ئێمە وەك تورکمان و پێکهاتەکانی دیکە لە بیری ناکەین و مێژووش دەینووسێتەوە. بۆمان دەرکەوت کە یەکێتی نایەوێت ماف و بەرژەوەندیی پێکهاتەکانی کوردستان بدرێت، هاوکات ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی پاشەکشەیە لە دیموکراتی لە عێراقدا، چونکە ئەو عێراقە نوێیە لەسەر بنەمای دیموکراسییەت و تەوافوقی نێوان نەتەوە و پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان دامەزراوە، ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی جگە لەوەی شۆڤێنییانە، لە چەقی فرەیی و پێکەوەژیانیش دەدات و دەبێتە هۆی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتیش، چونکە بڕیارەکە بەو جۆرە ئەو نەتەوە و پێکهاتە و ئایینانەی کە بە ژمارە لە نەتەوەی سەرەکی کەمترن، کە بە سیستم و یاسای کۆتا ماف و دەنگ و بەرژەوەندییەکانیان دیاری کراوە و پارێزراوە، ناهێڵێت لە دانانی یاساکانی وڵاتدا بەشدار بن، هەر بۆیە بڕیارەکە زۆر مەترسیدار و تێکدەرانەیە و لە هیچ شوێنێکی دیموکراسییەتدا جێگای نابێتەوە.

*** ئەم بڕیارە لەسەر تانە، یان سکاڵایەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دراوە لە دژی پێکهاتەکان، ئایا نەمانی کورسیی پێکهاتەکان چ سوودێك بە یەکێتیی نیشتمانی و حزبەکانی دیکە دەگەیەنێت؟**

- ئەو بڕیارە نەك سوودیان پێ ناگەیەنێت، بەڵکو زەرەرێکی زۆر و گەورەیان پێ دەگەیەنێت، چونکە لایەنێکی وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی بە حزبێکی دیموکرات نیشان دەدات و لە بەیان و نووسینەکانیاندا وا خۆیان دەردەخەن کە باوەڕیان بە فرەیی و پێکەوەژیان هەیە، کەچی لە واقیع و هەقیقەتدا دەبینین نەك سکاڵا، بەڵکو شکایەت لە بنەمای دیموکراتییەت دەکەن، کە یەکێك لە بنەماکانی دیموکراتییەت لە هەرێمی کوردستان ئەو (١١) کورسییەی کۆتاکانە کە تەنیا هی پێکهاتە و نەتەوەی تورکمانیش نییە، بەڵکو ئەو کورسیی کۆتایانە هەق و مافی پێکهاتەی کلد و ئاشوور و سریانی و ئەرمەنی و هەموو ئایین و ئایینزاکانی پێکهاتەی کوردستانە، ئەو شکایەتە و بڕیارە دادگای فیدراڵی بووەتە هۆی دروستبوونی کەلێنێکی خراپ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و تەواوی پێکهاتەکاندا، کە هەق و پەیوەندییان بە کورسیی کۆتاکانەوە هەیە. یەکێتی بە شێوەیەك شکایەتی کردووە کە هیچ مافێك بۆ خاوەن ماف نەمێنێت و ئێمەی تورکمان وەك نەتەوەی دووەمی کوردستان و پێکهاتەکانی دیکەش بە تەواوی لە دانانی یاساکانی وڵاتدا بسڕێتەوە، کە دەزگایەکی تەشریعیی گرنگ و سەرەکییە کە ئەویش پەرلەمانە.

*** بۆچی ئەو حزبانە دژی کۆتای پێکهاتەکانن لە پەرلەمانی کوردستاندا؟**

- بە بۆچوونی ئەوان و بەتایبەتی یەکێتی، کە دەڵێن کورسیی کۆتاکان لە پارتی دیموکراتی کوردستان نزیکن، ئەمەش بنەما و هۆکاری خۆی هەیە و هەموو دنیاش لەسەر پەیوەندی و بەرژەوەندییەکان دانراوە، هەر لایەن و حزبێك زیاتر لایەنگر و داکۆکیکار بێت لەسەر بەرژەوەندی و مافی نەتەوە و پێکهاتەکان، ئەوا ئەو پێهکاتانە زیاتر لەو لایەنە نزیك دەبن، تا دەگاتە ئەوەی کە هاوپەیمانی لە نێوانیاندا پێك دەهێنرێت، یەکێتی و حزبەکانی دیکەش دەیانتوانی زیاتر لە پێکهاتەکان نزیك بوونایە و کار و هەوڵیان بۆ بەدەستهێنانی ماف و بەرژەوەندییەکانمان بووایە، نەك بچن دژی ئێمە و هەموو پێکهاتەکان کە هیچ سوودێکی بۆ ئەوانیش (یەکێتی) نییە، لە دادگای فیدراڵیی عێراق شکایەتمان لەسەر تۆمار بکەن، تا گەیاندیانە ئەو ئاستەی کە بڕیارێکی ئاوا نایاسایی و نادەستووری لە دژی ماف و بەرژەوەندییەکانی ئێمەی پێ دەرچوو، ئەوە سڕینەوەی هەموو پێهکاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانە لە مەنهەجی یەکێتیی نیشتمانی کە لە هەرێمی کوردستاندایە.

*** چۆن سەیری هەڵوێستی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن، کە زۆر بە جددی دژی ئەم بڕیارە ڕاوەستاوەتەوە و ڕەتی دەکاتەوە؟**

- جەنابی سەرۆك بارزانی وەك سەرکردە و کاریزما و مەرجەعی گەلی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانیش، هەموو کاتێك داکۆکیکار و بەرگریکارێکی سەرسەختی ماف و بەرژەوەندییە باڵاکانی ئێمە و پێکهاتەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بوون، لە و بڕیارە چارەنووسسازەشدا کە دەرهەق بە پێکهاتەکان بە ناهەقی دەرکراوە، هەر ئەو پشتیوانی و دڵسۆزییە لە جەنابی سەرۆك و تەواوی پارتی چاوەڕوان دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە لە سەروبەندی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا لە خزمەتی جەنابی سەرۆك بارزانی و ئەندامی شاندی باڵای هەرێمی کوردستان بووم بۆ نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووری عێراق، ڕۆڵی جەنابی سەرۆك بارزانی سەرەکیترین ڕۆڵ بوو بۆ چەسپاندنی مافی نەتەوە و پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان و لە دەستووری عێراقیشدا و بۆ مێژوو دەیڵێمەوە، ئەگەر ئامادەیی و ڕۆڵ و جددییەت و پێداگریی جەنابی سەرۆك بارزانی نەبووایە، ئەوە لایەنەکانی دیکەی عێراق (بە ئیسلامی و شۆڤێنییەکانەوە) پێیان قبووڵ نەدەکرا، ئەو مافانە بۆ پێهکاتەکان بەرجەستە ببێت و بخرێتە ناو دەستوورەوە و، لەو کاتانەی کە مافی پێکهاتەکان دەستنیشان دەکران بۆ دانانیان لە ناو دەستوورەکەدا، لایەنەکانی دیکەی عێراق ڕەفزیان دەکرەوە، بەڵام جەنابی سەرۆك بارزانی جەختی دەکردەوە، ئەگەر ئەو بەند و مادده و مافانەی پێکهاتەکان لە ناو دووتوێی دەستوورەکەدا جێگیر

**بۆچی کورسیی کۆتا بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و پارێزگاکان لە عێراق هەیە و ڕەوایە و بە دەستووری دادەنرێت، کەچی بۆ پەرلەمان کوردستان دەبێ هەڵبوەشێنرێتەوە و نادەستوورییە؟**

**بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراق بە ئیمتیازی سیاسییە و هیچ ڕوویەکی یاسایی پێوە دیار نییە، بەڵکو تەنیا بۆ نانەوەی کێشە و گرفتە بۆ هەرێمی کوردستان**

**ئەو بڕیارە ناڕەوا و خراپە ئۆباڵەکەی دەکەوێتە سەر دادگای فیدراڵیی عێراق و لایەنی سکاڵاکار کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، ئەو گوناهەش تا دنیا ماوە، ئێمە وەک تورکمان و پێکهاتەکانی دیکە لە بیری ناکەین و مێژووش دەینووسێتەوە**

**یەکێتی بە شێوەیەک شکایەتی کردووە کە هیچ مافێک بۆ خاوەن ماف نەمێنێت و ئێمەی تورکمان وەک نەتەوەی دووەمی کوردستان و پێکهاتەکانی دیکەش بە تەواوی لە دانانی یاساکانی وڵاتدا بسڕێتەوە،**

نەکرێت، ئەوە قبووڵی ناکات، هەر بۆیە ئێستاش لەسەر ئەو بڕیارەی دادگا ئەوە جەنابی سەرۆك لەسەر باوەڕبوون بە بنەماکان و پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی و دادپەروەری و دیموکراتی و هاوبەشی و پێکەوەژیان، جددییە و داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافی تەواوی پێکهاتەکانە، ئەو هەڵویستەی جەنابی سەرۆك بارزانی لە ڕێباز و عەقیدەی بارزانیی باوکەوە سەرچاوەی گرتووە و جەنابی سەرۆك بارزانی وەکو فریادڕەس بەهانای ئێمە و هەموو پێهکاتەکانەوە دێت بۆ گەیشتن بە هەق و ماف و بەرژەوەندییەکانمان.

*** زۆر لە یاساناسان تەفسیریان بۆ ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی بەو شێوەیە کە بڕیاری لەو شێوەیە لە دەسەڵاتی دادگا نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دادگای فیدراڵی خۆی خستووەتە جێگەی دەستوور، نەك تەفسیرکردنی ماددەکانی دەستوور، لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- کاتی خۆی بڕیارێك لە پەرلەمانی کوردستان بۆ پێکهاتەکان دەرچووە، کە پەرلەمانی کوردستانیش دەستوورییە، لە چوارچێوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ لە هەرێمی کوردستان یاسای هەڵبژاردنی یەکلا کردووەتەوە، بەڵام بە چەندین قۆناغ ئەو یاسایە هەموار کراوەتەوە، ئەوە بەشێك لە کۆتاکان وەك تورکمان و ئەرمەنی بەپێی یاسا زیاد کراوە، چونکە پێشتر کۆتای کریستیانەکان جێگیر کرابوو بۆ پەرلەمانی کوردستان، کەچی دادگای فیدراڵی ئەو بڕیار و یاسایانەی پەرلەمانی کوردستانی هەڵوەشاندووەتەوە، کە ئەوە کار و بڕیارە ئیشی دادگای فیدراڵی نییە، بەڵکو دەبوو لە پەرلەمان بە یاسا ئەو کورسییانەی کۆتا هەڵبوەشێتەوە. بۆیە لێرەدا دەبێت بڵێین چۆن دەبێت دادگای فیدراڵی ڕێگە بە خۆی بدات کە جێگەی دەزگایەکی تەشریعیی وەکو پەرلەمان بگرێتەوە؟ ئەوە کاری پەرلەمانە کە بە یاسا کورسیی کۆتاکان هەڵبوەشێنێتەوە، نەك دادگا.

*** ئەگەر لە ڕەهەندە سیاسییەکەوە سەیری بکەین، ئایا دادگای فیدراڵی مەبەستی سیاسیی لەم بڕیارە چییە؟**

- ئەو هەرێمەی ئێمە موستەهدەفە و لە ناوخۆ و لە دەرەوەش، بەتایبەتی وڵاتانی هەرێمایەتی دژایەتی دەکەن و بە هەموو شێوە و پیلانێك لە هەوڵی ئەوەدان کە هەرێم و قەوارەکەمان لاواز بکەن و، دەیانەوێت وردە وردە بابەت و پرسە یاسایی و سیاسییەکانی خۆی لە دەست بدات و وەکو پارێزگایەك هەڵسوکەوت و مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. ئەگەرچی هەرێمی کوردستان دەستوورییە و لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا چەسپاوە، هەر بۆیە ئەوەی دادگای فیدراڵی دەیکات، جێگای قبووڵ نییە، ئەو دادگایەشیان داناوە بۆ لێدان و دژایەتیی ئەم هەرێمە. بۆچوونی ئێمە ئەوەیە کە دادگای فیدراڵی لەو سنوورەدا ڕاناوەستێت، بەڵکو کار بۆ دژایەتیی زیاتر و گەورەتری قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکات، هەر بۆیە پێویستە لەسەر ئێمە و هەموو پێکهاتەکان و خەڵکی هەرێمی کوردستان بەگشتی کە دژی نەهێشتنی کورسیی کۆتاکان هەڵویست وەربگرین و نەهێڵین بۆیان بچێتەسەر.

*** ئایا بەنیازن ڕێوشوێنێك بگرنە بەر، کە کاریگەرییەکی هەبێت و دادگا بە بڕیارەکەی خۆیدا بچێتەوە؟**

- زۆر بەداخەوە ئەو دادگا فیدراڵییە بە شێوەیەك دامەزراوە کە دەڵێت بڕیارەکانی کۆتاییە و مولزەمە و باتە و ناتوانرێت تانەی لێ بدرێت، بەڵام ئێمە سەرۆك کۆمارمان هەیە و لە نەتەوەی کوردە و یەکێك لە وەزیفە هەرە گرنگەکانی پارێزەریکردنە لە دەستوور، سەرۆك کۆمار دەتوانێت ئەو بڕیارە ڕابگرێت و بە نادەستووری دەستنیشانی بکات و پێیان بڵێت ئێوە وەکو دادگا کارتان نەکردووە و خۆتان لە شوێنی یاسادانان داناوە، لەلایەکی دیکەوە ئێمە وەك پێکهاتەکان لەگەڵ نوێنەر و کونسوولی وڵاتان چەندین کۆبوونەوەمان ئەنجام داوە و گفتوگۆمان کردووە و پێمان گوتوون، کە ئەوەی دادگای فیدراڵی کردوویەتی، ناهەقی و نایاسایی و نادەستوورییە، لە لایەکی دیکەوە جەنابی سەرۆك بارزانی وەك خەمخۆری پێکهاتەکان و کاریزما و مەرجەعی گەلی کوردستان زۆر دژی ئەو بڕیارەیە و پێی ڕاگەیاندووین، کە پێکهاتەکان چۆن و چیتان دەوێت، ئەوە ئێمە لەگەڵتانین بۆ بەدەستهێنانی ماف و هەقە ڕەواکانتان. جەنابی سەرۆك بارزانی وەك باوکێکی میهرەبان دەفەرموێت: ئێوە بەشێکن لە ئێمە و کوردستان بە هەموومانەوە جوانە و مومکین نییە ئێوە وەك پێکهاتەکان بە بڕیارێك لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی کوردستان بن.

**هەر لایەن و حزبێک زیاتر لایەنگر و داکۆکیکار بێت لەسەر بەرژەوەندی و مافی نەتەوە و پێکهاتەکان، ئەوا ئەو پێهکاتانە زیاتر لەو لایەنە نزیک دەبن، تا دەگاتە ئەوەی کە هاوپەیمانی لە نێوانیاندا پێک دەهێنرێت**

**جەنابی سەرۆک بارزانی وەک سەرکردە و کاریزما و مەرجەعی گەلی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانیش، هەموو کاتێک داکۆکیکار و بەرگریکارێکی سەرسەختی ماف و بەرژەوەندییە باڵاکانی ئێمە و پێکهاتەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بوون**

**جەنابی سەرۆک لەسەر باوەڕبوون بە بنەماکان و پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی و دادپەروەری و دیموکراتی و هاوبەشی و پێکەوەژیان، جددییە و داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافی تەواوی پێکهاتەکانە**

**چۆن دەبێت دادگای فیدراڵی ڕێگە بە خۆی بدات کە جێگەی دەزگایەکی تەشریعیی وەکو پەرلەمان بگرێتەوە؟ ئەوە کاری پەرلەمانە کە بە یاسا کورسیی کۆتاکان هەڵبوەشێنێتەوە، نەک دادگا**

قەشە یترۆن یۆنان داود

قەشەی هاودیان و بێدیاڵ لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بۆ گوڵان:

# تانەی یەکێتی لە کورسیی کۆتاکان پێش هەموو شتێک لە دژی مام جەلال و ئیمزاکەیەتی کە لەسەر بوونی کورسیی کۆتاکان کردوویەتی



**هەرێمی کوردستان لە چەندین پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزا پێکهاتووە، لە هەموو قۆناغەکانی مێژوو وەکو یەك رووبەڕووی زوڵم و ستەم بوونەتەوە. لەدوای ئازادیی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی پەرلەمان لە ساڵی ١٩٩٢دا بەپێی یاسا کورسیی کۆتا بۆ کریستیانەکان دانرا، لە پاشان یاساکە هەموار کرایەوە و کورسیی کۆتا بۆ نەتەوەیی تورکمان و ئەرمەنیش زیاد کرا، کورسیی کۆتاکانیش بوو بە (١١) کورسی لە پەرلەمانی کوردستاندا، بەڵام ماوەیەکە لەسەر کورسیی کۆتاکان کێشەو گرفت لەنێوان لایەنەکانی هەرێمی کوردستان دروست بووە و، سەرئەنجام یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سکاڵایەکی لە دادگای فیدراڵیی عێراق لەسەر کورسیی کۆتاکان تۆمارکرد و، لەپاش چەند دانیشتنێکی ئەو دادگایە کورسیی کۆتاکانی لە پەرلەمانی کوردستان نەهێشت. بۆ ئەو پرسە و چەندین پرسیاری دیکە گۆڤاری گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ یترۆن یۆنان داود قەشەی هاودیان و بێدیاڵ لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ئەنجامدا.**

*** بڕیاری دادگای فیدراڵی بە لابردنی کورسیی کۆتاکان هەنگاوێکی ترسناکە بۆ تێکدانی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، ئایا ئێوە وەك نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان چۆن سەیری ئەم بڕیارەی دادگا دەکەن؟**

- لە ڕاستیدا ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی عێراق سیاسی بوو، بۆ تێکدانی ژیانێکی خۆش و پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان و، ئەو بڕیارە لە پێناو بەرژەوەندیی وڵاتانی هەرێمی و دەرەوەی عێراق و لەدژی هەموو میللەت و خەڵکی هەموو عێراقە. بڕیارەکە بۆ ئێمە وەك کریستیانەکان بەگشتی و بەتایبەتی بۆ خەڵکی و نەتەوەی ئاشووری کە هەزاران ساڵە لەو عێراق و کوردستانە دەژین، پێشێلکردنی ماف و بەرژەوەندییەکانمانە، چونکە بڕیارەکە بەو شێوەیە کریستیان و تەواوی پێکهاتەکانی دیکەش لە کوردستان ناتوانن هاوبەش و بەشدار بن لە دانانی یاسا و پرسە تەشریعییەکان و دامەزراوەیی بەڕێوەبردنی حکومەت و وڵاتدا. هاوکات کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و زۆری لەسەر ئەو پێکەوەژیانە جوان و پێشکەوتوو و مێژووییەی هەرێمی کوردستان هەیە، کە حکومەتی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ کار و پلان و بەرنامەی تۆکمە و کاریگەری هەبووە، بۆ ئەوەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستان زیاتر پەیوەندی و هاوخەمی و خۆشییان لەو هەرێمە تێکەڵاو بە یەکتر بێت. هەر بۆیە دەبینین ماوەی چەند ساڵە و لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان پێکەوەژیان چووەتە قۆناغێکی زۆر گەورە و کاریگەریی لەسەر ژیان و گوزەرانیی ئاشتییانە و لێبوردەیی دروست کردووە و پێکەوەژیانەکە بووەتە بەڵگەیەکی هەستپێکراو لە وڵاتانی پێشکەوتوو و ڕۆژئاوا و سەرنجی فاتیکان و قەداسەتی پاپاشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و هەرێمی کوردستان بووەتە لانکە و جێگای متمانەیی هەموو نەتەوە و پێکهاتە ئایین و ئایینزاکانی کوردستان و هەموو عێراقیش، هەر بۆیەش ئەو بڕیارە و جۆری دیکەش چاوەڕوانکراوە لە دادگایەکی وەکو دادگای فیدراڵی عێراقدا، چونکە لەلای عێراقی نوێ کە بەناو لەسەر بنەمای دیموکراتی دامەزراوە، ئەگەرچی قەتڵ و جینۆسایدی ئێمە و پێکهاتەی دیکەیان ئەنجامدا .

**دەنگی خۆمان گەیاندووەتە زۆر شوێن و وڵاتان بۆ ئەوەی لە دژی ئەو بڕیارە نایاساییەی دادگای فیدراڵی پشتگیری ئێمە بکەن**

**هەموو بڕیار و کار و هەوڵەکانی جەنابی سەرۆک لە پێناو ئازادی و خۆشگوزەرانیی هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بووە**

**پێکەوەژیانەکە بووەتە بەڵگەیەکی هەستپێکراو لە وڵاتانی پێشکەوتوو و ڕۆژئاوا و سەرنجی فاتیکان و قەداسەتی پاپاشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە**

**سیاسەتی یەکێتی و شکایەتەکەی کە ئەو بڕیارە تێکدەرانەی لێهاتووەتە بەرهەم، دەیسەلمێنێت کە یەکێتی لە دەرەوەی بازنەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی هەرێمی کوردستانە و لایەنێکی تێکدەرە بۆ ئەو سەقامگیرییەی لە هەرێمی کوردستان هاتووەتەدی**

**تەنیا فراکسیۆنی پارتی بەرگریکار و داکۆکیکارە لەسەر مافەکانی پێکهاتەکان کە ویستوویانە هەموو نەتەوە و پێهکاتەکان وەکو کورد لەو خاك و نیشتمانەدا هاوبەش و بەشدار بن**

*** ئەم بڕیارە لەسەر تانە، یان سکاڵایەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دراوە دژی پێکهاتەکان، ئایا نەمانی کورسیی پێکهاتەکان چ سوودێك بە یەکێتی نیشتمانی و حزبەکانی دیکە دەگەیەنێت؟**

- وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە زۆر قورسە، چونکە ئێمە لە کوردستان لەگەڵ ئەوانیش بەیەکەوە ژیاوین و دەژین و هاوبەشین لەیەك وڵاتدا کە کوردستانە، بەڵام من دەڵێم: ئەگەر مام جەلال(خوا لێی خۆش بێت) لە ژیان بایە، ئەو شکایەتە لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەدەکرا و بە هیچ جۆرێك، ئەو دژایەتی و بارودۆخەی بۆ پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان دروست بووە، قبووڵی نەدەکرد، بەڵکو نەیدەهێشت ڕووبدات. لەبەر ئەوەی مام جەلال لەکاتی خۆیدا هەوڵی دەدا کورسیی کۆتاکان زیاد بکرێت، نەك نەمێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا نازانم سیاسەتی یەکێتی ئێستا چۆنە و بۆچی بەو ئاقارەدا دەڕوات. چونکە ئەو جۆرە بڕیارە خراپە و کاریگەریی لەسەر چارەنووسی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان هەیە و نەك سوودی بۆ یەکێتی و لایەن و حزبەکانی دیکە نییە، بەڵکو هۆکارێکی مەترسیداری زۆر گەورەیە لەسەر مێژووی هەرێمی کوردستان و پێکەوەژیانە دیار و جوان و سەرنجڕاکێشەکەی، هەر بۆیەش دەبینین لایەنێکی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی بەتایبەتی جەنابی سەرۆك بارزانی زۆر خەفەتبار بوون، هەر بۆیە نەك لەگەڵ بڕیارەکە نەبوون، بەڵکو لەو کاتەی ئەو شکایەتەش لەلایەن یەکێتی بە دادگایی فیدراڵی درا، جەنابی سەرۆك بارزانی دژی بوو، ئێستاکەش لەوپەڕی خەمخۆری و دڵسۆزی وەك سەرکردەیەکی کاریزمایی و مەرجەعی گەلی کوردستان هەڵویستی دژی ڕاگەیاندووە و لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئەو بڕیارە هەڵوەشێتەوە. ئەگەرچی سیاسەتی یەکێتی و شکایەتەکەی کە ئەو بڕیارە تێکدەرانەی لێهاتووەتە بەرهەم، دەیسەلمێنێت کە یەکێتی لە دەرەوەی بازنەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی هەرێمی کوردستانە و لایەنێکی تێکدەرە بۆ ئەو سەقامگیرییەی لە هەرێمی کوردستان هاتووەتەدی لە سایەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستانەوە. لەلایەکی دیکەوە لە ساڵی ١٩٩٢ لەسەر دانانی کورسیی کۆتاکان کە یەکەمجار تەنیا بۆ کریستیانەکان بوو، ئەوە مام جەلال یەکەم کەس بوو، ئەو بڕیارەی ئیمزا کرد و لێرەدا بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕادەگەیەنم، ئەو شکایەت و بڕیارەی دژی کورسیی کۆتاکان کردوویانە پێش هەموو شتێك دژی ئیمزا و بیروباوەڕی مام جەلالە (بە ڕەحمەت بێت).

*** بۆچی ئەو حزبانە دژی کۆتای پێکهاتەکانن لە پەرلەمانی کوردستاندا؟**

- وەکو لە پێشەوە ئاماژەم پێدا، ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی سیاسی بوو، بە دەست لەپشتدانی وڵاتانی هەرێمایەتییە بۆ لاوازکردنی هەرێمی کوردستان و ڕاگرتنی ئەو گەشە و بەرەوپێشەوەچوونەی هەرێمی کوردستانە، لە ڕووی دادپەروەری و دانانی یاساکان و بەڕێوەبردنی دامودەزگاکان و ئەو ئاوەدانییە جوان و گەورەیەی هەنگاوی باشی ناوە، لەلایەکی دیکەوە لە عێراق پێکەوەژیان و دیموکراتی و ئاوەدانی نییە، ئەگەرچی دەبینن بە پێچەوانەوە هەرێمی کوردستان لەهەموو ڕوویێکەوە بەتایبەتی لە پێکەوەژیاندا زۆر پێشکەوتوو بووە و، بووەتە شوێنی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی عێراقیش کە هاتوون تێیدا دەژین و بە ئازادی مومارەسەی هەموو ژیانی خۆیان دەکەن. ئەو لایەن و حزبانەی کە دژی کۆتاکانن لە پەرلەمانی کوردستان بەتایبەتی یەکێتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەبینن لە هەموو خولەکانی پەلەمانی کوردستان، تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان کار و هەوڵ و گفتوگۆی یاساکان لە ناو پەرلەماندا بۆ بەرژەوەندیی هەموو هەرێم و بۆ پێکهاتەکانیشە و تەنیا فراکسیۆنی پارتی بەرگریکار و داکۆکیکارە لە مافەکانی پێکهاتەکان کە ویستوویانە هەموو نەتەوە و پێهکاتەکان وەکو کورد لەو خاك و نیشتمانەدا هاوبەش و بەشدار بن، ئەمەش وای کردووە، کورسیی کۆتاکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو لایەنە هاوپەیمان بن، کە بەرگرییان لێدەکات، کە ئەویش تەنیا فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، هەر بۆیەش ئەو هاوپەیمانییە سەرکەوتووانەی

کورسیی کۆتاکان لەگەڵ پارتی بووەتە جێگای سەرنج و تێڕامانی لایەنێکی وەك یەكێتی، هەر بۆیەش دژایەتیی خۆیان بە تەواوی و بەبێ پەردە دژی کۆتاکان ڕاگەیاند و گەیاندیانە ئەو قۆناغەی کە پێکهاتەکان لە هەرێم بسڕنەوە، چونکە نەمانی کورسیی کۆتاکان واتە نەمانی نوێنەری پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان لە پەرلەمان و هەرێمی کوردستاندا، کە ئەمەش پێشێلکردنی تەواوی بنەماکانی دیموکراتیەت و مومارەسەکردنی ئازادیی پێکهاتەکانە لە هەرێمدا و ئەمەش کەلێنێکی زۆر خراپ و دژوار و گەورە و لەبیرنەکراوی لە نێوان پێکهاتەکان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دروست کرد و لەبیرکردنی بۆ مێژوو زۆر سەخت و مەحاڵە.

*** چۆن سەیری هەڵوێستی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن، کە زۆر بە جددی دژی ئەم بڕیارە ڕاوەستاوەتەوە و ڕەتی دەکاتەوە؟**

- ئێمە هەمووومان دەزانین، جەنابی سەرۆك بارزانی لە سەرەتاوە تا ئێستاکە لەگەڵ ئێمە و هەموو پێهکاتەکان بووە و هەوڵی بەردەوامی جەنابیانە، کە ئێمە ماف و بەرژەوەندییەکانمان لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی نوێدا دانراوە و جێگیر کراوە و لە هەرێمی کوردستانیش سەرۆك داکۆکیکارێکی زۆر دیار و سەرسەختی پێکهاتەکانە کە بەشدار و هاوبەش بن لە خێروبێر و بەڕێوەبردنی دامودەزگاکان و پەرلەمان و بەدەستهێنانی مافەکانمان، هەر ئەمەشە وای کردووە، کە پێکهاتەکان وەکو ئێمە کریستیانەکان متمانەی تەواو و زۆرمان بە هەرێمە و دیتمان کە لە عێراق لێمان قەوما و تیرۆر ڕووبەڕوومان بووەوە، هەمووومان بە کریستیانەکانی ناوەڕاست و بەغدا و باشوورەوە ڕوومان لە لانکەی مێژوویی پێکەوەژیان کرد، کە هەرێمی کوردستانە، هەروەها هەموو کات جەنابی سەرۆك بارزانی فەرموویەتی ئێمە هەمووومان بە یەکەوە دەژین و لەگەڵ یەکتر جیا نین. هەموو بڕیار و کار و هەوڵەکانی جەنابی سەرۆك لە پێناو ئازادی و خۆشگوزەرانیی هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بووە، بێگومان لەو بڕیارەشدا جەنابی سەرۆك بارزانی زۆر دژیەتی و هەڵوێستێکی جوامێرانە و بەرپرسیاریەتی ڕاگەیاندووە، کە پێکهاتەکان خۆیان چیان دەوێت، ئەوەیان بۆ دەکرێت، بەڵام بەداخەوە بۆ حزبەکەی مام جەلال بەو شێوەیە دژایەتیی ئێمەی ڕاگەیاند و شکایەتی لەسەر هەق و مافەکانمان تۆمار کرد.

*** زۆر لە یاساناسان تەفسیریان بۆ ئەم بڕیارەی دادگای فیدڕاڵی بەو شێوەیە کە بڕیاری لەو شێوەیە لە دەسەڵاتی ئەو دادگایەدا نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دادگای فیدڕاڵی خۆی خستووەتە جێگەی دەستوور، نەك تەفسیرکردنی ماددەکانی دەستوور. لەو بارەیەوە ڕاتان چییە؟**

- ئەو بڕیارەی دادگای فیدڕاڵی لە جێگای خۆی نەبوو و کاری ئەویش نییە، بەڵکو کورسیی کۆتا بە یاسا دەرکراوە و هەر بە یاساش لە پەرلەمانی کوردستان دەبێت هەموار بکرێتەوە، بەڵام ئەوەی ئەو دادگایە کردوویەتی، لەو چوارچێوەیە بووە کە بۆی دامەزراوە، کە کاری شۆڤێنی و نایاسایی بکات. ئەو بڕیارە شۆڤێنییەشی دەرکردووە، بۆ تێکدان و لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستانە بە پشتیوانیی لایەنی شکایەتکار کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، لەلایەکی دیکەوە ئەو دادگایە بە فەرمان و پیلانی وڵاتێکی دراوسێ دامەزراوە و دەجووڵێتەوە و بڕیار دەدات.

*** ئایا بەنیازن ڕێوشوێنێك بگرنە بەر، کە کاریگەرییەکی هەبێت و دادگای فیدڕاڵی بە بڕیارەکەی خۆیدا بچێتەوە؟**

- ئێمە وەکو نەتەوە و ئایینیش کە ئاشووری و کلدو سریانی و ئەرمەنین، لە هەوڵی ئەوەداین، ئەو بڕیارە بە هەر جۆرێك بێت، هەڵوەشێتەوە و ڕابگیرێت، چونکە زۆر دژی ئێمە و هەموو پێکهاتەکان و هەرێمی کوردستانە و زوڵمێکی زۆر گەورە لە ژیان و ئازادیی ئێمە دەکات لە هەرێمدا و دەنگی خۆمان گەیاندووەتە زۆر شوێن و وڵاتان بۆ ئەوەی لە دژی ئەو بڕیارە نایاساییەی دادگای فیدڕاڵی پشتگیری ئێمە بکەن. لەلایەکی دیکەوە ئێمە هەموو لایەن و پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی کریستیانەکان بڕیاری خۆمان داوە لە دژی ئەو بڕیارە نایاساییەی دادگای فیدڕاڵیی عێراق و لەلایەنی ئایینییشەوە کەنیسە پشتگیریی کردووین.

**کورسیی کۆتاکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو لایەنە هاوپەیمان بن، کە بەرگرییان لێدەکات، کە ئەویش تەنیا فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانە**

**نەمانی کورسیی کۆتاکان واتە نەمانی نوێنەری پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان لە پەرلەمان و هەرێمی کوردستاندا، کە ئەمەش پێشێلکردنی تەواوی بنەماکانی دیموکراتیەت**

**کە لە عێراق لێمان قەوما و تیرۆر ڕووبەڕوومان بووەوە، هەمووومان بە کریستیانەکانی ناوەڕاست و بەغدا و باشوورەوە ڕوومان لە لانکەی مێژوویی پێکەوەژیان کرد، کە هەرێمی کوردستانە**



**یروانت ئەمینیان**

**سەرۆکی لێژنەی کارگێڕیی کەنیسەی ئەرمەنی لە دهۆک:**

# ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی نایاساییە و بە کاری خۆیان هەڵنەستاون و لەبری دەزگای تەشریعی کاریان کردووە

# ئێمە دەزانین تەنیا پارتی و بارزانی ماف و بەرژەوەندییەکانمان دەپارێزن و هەر ئەوانیش ناهێڵن جێگامان لەو وڵاتە لەق بێت

**ساڵی ١٩٩٢ لە یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان کریستیانەکان بە کورسیی کۆتا بەشدار بوون، لەپاشان ئەو یاساییە هەموار کرایەوە پێنج کورسی بە پێکهاتەی تورکمان و یەك کورسییش بۆ ئەرمەنی لە پەرلەمان زیاد کران. ئەو کارە یاساییە بۆ ئەوە بوو کە هەموو پێکهاتەکان لەو هەرێمەدا بەشدار و هاوبەش بن و بە کورسیی کۆتاکان ماف و بەرژەوەندییەکانیان دەستەبەر بکەن، بەڵام یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەم خولەی پێنجەمی پەرلەماندا سکاڵای لە پەرلەمانی کوردستان و کورسیی کۆتاکان لە دادگای فیدراڵی تۆمار کرد، دەرئەنجام دادگایی فیدراڵی کورسیی کۆتاکانی لە پەرلەمانی کوردستان هەڵوەشاندەوە. بۆ ئەو پرسە و چەندین پرسیاری دیکە، گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ یروانت ئەمینیان، ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (وەکو کورسیی کۆتای ئەرمەنی) و سەرۆکی لیژنەی کارگێڕیی کەنیسەی ئەرمەنی لە دهۆك ئەنجامدا.**

*** بڕیاری دادگای فیدراڵی بە لابردنی کورسیی کۆتاکان، هەنگاوێکی ترسناکە بۆ تێکدانی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، ئایا ئێوە وەك نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان چۆن سەیری ئەم بڕیارەی دادگا دەکەن؟**

- ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی بڕیارێکی سیاسی بووە و کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر پێکهاتەکان دەبێت، چونکە هەرێمی کوردستان بەو پێکهاتە هەمە ڕەنگییەی هەیەتی، زۆر جوانە، بەتایبەتی لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ کە توانرا پێکهاتەکان لە پەرلەمان بە کورسیی کۆتا تێیدا بەشدار بن، تاوەکو خۆمان بڕیار لەدەست و ئاگادار بین لەو یاسا و ماف و بەرژەوەندییانەی پەیوەندیی بە ئێمەوە هەیە کە دەردەچێت، بەڵام بەو بڕیارەی دەرچووە، وادەکات پێکهاتەکان لە پەرلەمان نوێنەریان نەمێنێت، ئەمەش زوڵمێکی زۆر گەورەیە کە دادگای فیدراڵی دەرهەق بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان دەیکات و، مەبەستی سەرەکییش لەو بڕیارە نایاساییە نانەوەی کێشە و گرفتە لە بەردەمی قەوارەی هەرێمی کوردستاندا. ئێمە وەکو ئەرمەنەکان لە خولی سێیەمەوە کورسییەکی کۆتامان هەبوو و بۆ ماوەی سێ خولە لە ڕێگای ئەو کورسییەوە توانیومانە بەشدار و ئاگادار بین لەو یاسایانەی لە هەرێمی کوردستان دەردەچن و هەر لەو ڕێگایەوە توانیومان شانبەشانی پێکهاتەکانی دیکەی هەرێم بەرگری لە ماف و بەرژەوەندییەکانمان بکەین وەك ئەرمەن.

**پێکهاتەکانی کوردستان دیوارێک دەبینن کە یەکێتی دروستی کردووە لەنێوان خۆیان و ئێمە و دەبێتە هۆی ئەوەش پێکهاتەکان نەتوانن لە هیچ جێگایەک لەگەڵ لایەنێکی وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەیوەندی و هاوکاری لەنێوانیان دروست بێت**

*** ئەم بڕیارە لەسەر تانەیەك، یان سکاڵایەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دژی پێکهاتەکان دراوە. ئایا نەمانی کورسیی پێکهاتەکان چ سوودێك بە یەکێتیی نیشتمانی و حزبەکانی دیکە دەگەیەنێت؟**

**لەو هەرێمە دیموکرات و هاوبەشەدا هیچ پێکهاتەیەک لە ماف و بڕیاردانداا بێبەش نابێت و خەونی دوژمنانمان لە گۆڕ دەنێین**

**ئەگەر هەرێمی کوردستان خاوەنی دەستووری خۆی بووایە، ئەو بڕیارەی دادگای فیدڕاڵی نەیدەتوانی بەو جۆرە کاریگەری هەبێت**

**یەکێتی خۆی بە خاوەن بیروباوەڕی سۆشیاڵ دیموکرات دەزانێت و حزبێکی کۆنی کوردستانە و خاوەنی مام جەلال و ئەو کەسایەتییەیە کە ئیمزای لەسەر بوون و پەسندکردنی کورسیی کۆتا کردووە**

**تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵ و کارەکانی بەو شێوەیەیە کە بەرگری و داکۆکی لە پێکهاتە و مافەکانمان دەکات، هەر بۆیەش پێکهاتەکان هاوپەیمانیمان لەگەڵ پارتی هەیە**

- شکایەتەکە لەسەر پەرلەمانی کوردستان و بەتایبەتی لەسەر کورسیی کۆتاکان لەلایەن فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کەسێکی کریستیان کە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بوو دراوە، بێگومان ئەو بڕیارەش زۆر مەترسیدارە لەسەر ڕەوشی ئەو پێکەوەژیانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە و، نەك یەکێتی سوودی لێ وەرناگرێت، بەڵکو بۆ ئەوانیش زیانێکی گەورەیە. چونکە بەو هۆیەوە پێکهاتەکانی کوردستان دیوارێك دەبینن کە یەکێتی دروستی کردووە لەنێوان خۆیان و ئێمە و دەبێتە هۆی ئەوەش پێکهاتەکان نەتوانن لە هیچ جێگایەك لەگەڵ لایەنێکی وەك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەیوەندی و هاوکاری لەنێوانیان دروست بێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەگشتی دروست دەکات، چونکە بە هۆی بڕیارەکە پێکهاتەکان بەگشتی و ئێمە وەکو ئەرمەنی هەست بە قبووڵنەکردن و سڕینەوەی خۆمان لە هەرێم دەکەین. لەلایەکی دیکەوە ئەوەی یەکێتی کردوویەتی کارێکی زۆر خراپە، لەبەر ئەوەی یەکێتی خۆی بە خاوەن بیروباوەڕی سۆشیاڵ دیموکرات دەزانێت و حزبێکی کۆنی کوردستانە و خاوەنی مام جەلال و ئەو کەسایەتییەیە کە ئیمزای لەسەر بوون و پەسندکردنی کورسیی کۆتا کردووە، کەچی ئێستا بە دەست و پیلانی ئەوان و دەست لە پشتدانی وڵاتانی هەرێمایەتی، یەکێتی ئەو بارودۆخە ناخۆش و خراپەی بۆ هەرێم دروست کردوە. هەر بۆیە بڕیارەکە زۆر بە گران لەسەر یەکێتی دەوەستێت.

*** بۆچی ئەو حزبانە دژی کۆتای پێکهاتەکانن لە پەرلەمانی کوردستاندا؟**

- ئێمە وەکو پێکهاتەکان بەتایبەتی تورکمان و کریستیان و ئەرمەنی، زیاتر لە زۆنێکین پارتی تێیدا باڵادەستە، هاوکات بە پراکتێکی دەبینین لە ناو حکومەت و پەرلەمانی کوردستان زیاتر، یان با بڵێین، تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵ و کارەکانی بەو شێوەیەیە کە بەرگری و داکۆکی لە پێکهاتە و مافەکانمان دەکات، هەر بۆیەش پێکهاتەکان هاوپەیمانیمان لەگەڵ پارتی هەیە. ئەو واقیعە وانیشانی داوە کە ئێمە و تەواوی پێکهاتەکان لەگەڵ پارتیین، بۆیە یەکێتی و لایەنی دیکەش هەن، ئەوەیان پێ قبووڵ ناکرێت و سەرئەنجام دەتوانم بڵێم چ یەکێتی چ هەر لایەنێکی دیکە بێت، لەو بارەوە بەهەڵە داچوون، چونکە ئێمە لە زۆر بابەت و پرۆژە ڕاوبۆچوونی خۆمان هەبووە و زۆرجاریش لەگەڵ تێڕوانینی پارتی نەبووین، بەڵام هەقیقەتێکی زۆر دیار و شیرین هەیە، دەبێت بیخەینەڕوو، ئەویش ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستان بە درێژایی مێژوو ماڵباتی بارزانی و هزر و عەقیدەیی بارزانیی باوك و درێژەپێدەری ئەو بیر و ڕێبازە پیرۆزە و جەنابی سەرۆك بارزانی بوونە داکۆکیکار و بەرگریکاری سەرسەختی ماف و بەرژەوەندییەکانی ئێمە و هەموو پێکهاتەکان.

*** چۆن سەیری هەڵوێستی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن، کە زۆر بە جددی دژی ئەم بڕیارە ڕاوەستاوە و ڕەتی دەکاتەوە؟**

- سەرەتا با ئاماژە بەوە بکەین کە جێگای مجامەلە نییە، جەنابی سەرۆك بارزانی هەموو کاتێك لە هەموو بارودۆخ و پرسێك خەمخۆری ڕاستەقینەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان بووە، ئەمەش ڕەوشت و هەستی بەرزی مرۆڤایەتیی و نیشتمانییە لە بارزانیی باوك و عەقیدەکەوە هاتووەتەدی و لە ئێستاشدا لەسەر دەستی جەنابی سەرۆك بارزانی پشتیوانی و داکۆکیکردن لە پێهکاتەکان زۆر بەهێز و دیارە، لەو بڕیارەشدا دیتمان، تەنیا پارتی و جەنابی بارزانی و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی کوردستان بەو پەڕی خەمخۆرییەوە تەماشای ئەو بڕیارەیان کرد و هەڵویستەکانیان لە دژی ڕاشکاوانە خستەڕوو، هەر بۆیە ئێمە وەکو ئەرمنی و پێکهاتەکانی دیکەش ئەو هەڵویستەی پارتی و بارزانی زۆر بەرز دەنرخێنین و بۆمان ڕوون بووتەوە، کە لە هەرێمی کوردستان تەنیا پارتی و بارزانی پشت و پەنامانن و زۆر هەڵویستیان هەیە کە قەت ناتوانرێت لەبیریان بکەین، کە لە بەرژەوەندیی ئێمەی پێکهاتەکان و هەموو هەرێمی کوردستان بووە، بەڵام بەداخەوە بۆ یەکێتی کە خۆی بە حزبێکی کوردستانی دەزانێت، لەو بڕیار و کارانەیان بۆمان دەردەکەوێت، کە یەکێتی

دژی ئێمە و پێکهاتەکانی دیکەن لە هەرێمدا و نایانەوێت پێکەوەژیانی سەرکەوتووی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان هەبێت. لەلایەکی دیکەوە لە شۆڕشەکانی کورد و کوردستان ئێمە لەلای بارزانییە نەمر و سەرۆک مسعود بارزانی بەشێکی دانەبڕاو بووین، هەروەها ئێمە وەکو ئەرمنی و کورد لە زەمانی قسەکردن و گفتوگۆدا هاوبەشین کە هەردووکمان زمانی دایکمان هێندوئەوروپییە، بۆیە ناکرێت ئێمە بسڕنەوەو لە هەرێمی کوردستاندا و هاوبەش و بەشدار نەبین. هاوکات ئێمە جینۆسایدی ئەرمەنییەکان لەبیر ناکەین، کە هەر ماڵباتی بارزانی بوون، پشتگیریی ئێمەیان کرد و دژی ئەو جینۆسایدە وەستانەوە. هەر بۆیە ئێمە وەکو ئەرمەنی، دەمانەوێت لەژێر چەتری عەقیدە و ڕێبازی بارزانی و جەنابی سەرۆک بارزانیدا بین و هەڵویستی بارزانی و پارتییش بەڵگەو قسە هەر ناگرێت، وەکو ئاماژەم پێدا، مێژوو و شۆڕش و ئەو سەردەمەی تازەش شاهێدن کە چەند دڵسۆز و هاریکار و خەمخۆرن بۆ بەدەستهێنانی ماف و بەرژەوەندییەکانمان لە هەرێمی کوردستاندا.

*** زۆر لە یاساناسان تەفسیریان بۆ ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی بەو شێوەیە کە بڕیاری لەو شێوەیە لە دەسەڵاتی ئەو دادگایە نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دادگای فیدراڵی خۆی خستووەتە جێگەی دەستوور، نەك تەفسیرکردنی ماددەکانی دەستوور؟**

- ئەو بڕیارە کاری دەزگایەکی تەشریعییە وەکو پەرلەمان، نەك دادگا، بەڵام دادگای فیدراڵی عێراق ئەو بڕیارەی لە دەرەوەی دەسەڵاتەکانی خۆی دەرکردووە و دژایەتیی دەستوور و یاسایی پێوە دیارە، چونکە دادگا جێگای لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکردنە لەسەر پرسەکان، نەك هەستێت پرۆژەیەك بە یاسا دەرکرابێت، ئەو بێت بە دادگا هەڵیبوەشێنێتەوە. دەکرا لە ڕێگایی پەرلەمانی کوردستان کە یاساکەی داناوە، ئەو یاساییە هەموار بکاتە و بڕیاری لەسەر بدات. بۆیە کار و بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی جگە لەوەی دژی پێکهاتەکانە و دژی قەوارەی هەرێمی کوردستانە و بڕیارێکی سیاسیی شۆڤێنییە و زۆر جوان دەستی وڵاتی هەرێمایەتی پێوە دیارە، چونکە ئەو بڕیارە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر پێکەوەژیانی سەرکەوتوو و جوانی هەرێمی کوردستان دروست دەکات، بەڵام ئەو پێکەوەژیانەی هەیە، لە سایەی جەنابی سەرۆك بارزانی و عەقیدە و ڕێبازەکەوە، لە شوێنی خۆی ڕاناوەستێت و گەشە دەکات و زیاتر بەرجەستە دەبێت و لە ناوچەکە و لە دنیاشدا دەدرەوەشێتەوە.

*** ئەگەر لەڕەهەندە سیاسییەکەوە سەیری بکەین، ئایا دادگای فیدراڵی مەبەستی سیاسیی لەم بڕیارە چییە؟**

- وەکو ئاماژەمان پێدا، مەبەستی سەرەکیی بڕیارەکەی دادگا لەدژی قەوارەی هەرێمی کوردستانە و دەیەوێت لە ڕێگای ئەو بڕیارەوە کێشە لە نێوان پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی کوردستان دروست بکات. بەڵام من لێرەدا پێیان ڕادەگەیەنم، ئەو پیلان و مەبەستە شۆڤێنییانەیی ئەو دادگایە لە هەرێمی کوردستان، لە سایەی بیر و عەقڵی پێشکەوتوو و مرۆڤدۆستیی جەنابی سەرۆك بارزانی، بە هیچ شێوەیەك نایەتەدی و لەو هەرێمە دیموکرات و هاوبەشەدا هیچ پێکهاتەیەك لە ماف و بڕیارداندا بێبەش نابێت و خەونی دوژمنانمان لە گۆڕ دەنێن. هەر هەرێمی کوردستان لەسەر قاچی خۆی دەمێنێت و گەشەکردوو و بەهێزتر دەبێت.

*** ئایا بەنیازن ڕێوشوێنێك بگرنە بەر کە کاریگەرییەکی هەبێت و دادگا بە بڕیارەکەی خۆیدا بچێتەوە؟**

- ئێمە لەو کاتەی ئەو بڕیارە دەرچووە تا ئێستا، کە گفتوگۆ لەگەڵ ئێوە دەکەم، لە هەولێرین بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێك لەگەڵ تەواوی پێکهاتەکانی کوردستان و کونسوولییە و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی لەدژی ئەو بڕیارە و هەوڵ هەیە بۆ ڕاگرتنی، ئەگەرچی بڕیاری ئەو دادگایە بەپێی دەستوور یەکجارەکییە و تانە قبووڵ ناکات و وەکو خۆی دەڕوات، بەڵام من داواکارم لەو خولەی پەرلەمانی کوردستان کە دێت، یاسایەك دەربچێت بۆ بەشداریکردنی پێکهاتەکان لە پەرلەماندا، ئەمە چارەسەری باشی دەکات. بەڵام ئەگەر هەرێمی کوردستان خاوەنی دەستووری خۆی بووایە، ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی نەیدەتوانی بەو جۆرە کاریگەری هەبێت.

ئێمە لە زۆر بابەت و پرۆژە ڕاوبۆچوونی خۆمان هەبووە و زۆرجاریش لەگەڵ تێڕوانینی پارتی نەبووین

جەنابی سەرۆک بارزانی هەموو کاتێک لە هەموو بارودۆخ و پرسێک خەمخۆری ڕاستەقینەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان بووە

ئێمە جینۆسایدی ئەرمەنییەکان لەبیر ناکەین، کە هەر ماڵباتی بارزانی بوون، پشتگیریی ئێمەیان کرد و دژی ئەو جینۆسایدە وەستانەوە

بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی جگە لەوەی دژی پێکهاتەکانە و دژی قەوارەی هەرێمی کوردستانە و بڕیارێکی سیاسیی شۆڤێنییە و زۆر جوان دەستی وڵاتی هەرێمایەتی پێوە دیارە

# ئازادیی ڕۆژنامەگەری و سیستەمی دیموکراسی

ڕۆژنامەگەریی ئامانجدار ڕۆڵی کۆنکرێتی نابێت لە گەیاندنی پەیامە نیشتمانییەکەی، مەگەر لەمیانی دەستەبەرکردنی کەشێك بۆ پیادەکردنی ئازادی لە ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتندا، چونکە ئازادیی ڕۆژنامەگەری لەنێوانیشیدا ئازادیی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە، کە ئامرازێکە بۆ بەخشینی دەرفەت بە کۆمەڵگە بۆ هەڵبژاردنی ئەو بیروڕایەی کە خۆی بڕوای پێیەتی، دواجار سنووردارکردن، یان ڕێگەلێگرتنی بێ ڕێسا و یاسا، یان پاساوی ڕەوا، واتا پێشێلکردنی کەرامەت و ئازادیی مرۆڤ، بۆیە دەبینین کە ڕێککەوتننامە و بەڵگەنامەکانی نێودەوڵەتی و دەستووورە نیشتمانییەکان لە دەوڵەتانی دیموکراسیدا گرنگییەکی زۆر بە ئازادیی ڕۆژنامەگەری دەدەن، سوورن لەسەر ئەوەی کە دەستەبەریی یاسایی بۆ پیادەکردنی ئەم پیشەیە فەراهەم بکەن، بەو پێەی کە ئەم ئازادییە یەکێکە لە بنەما بنەڕەتییەکانی سیستەمی دروستی دیموکراسی.

سەرەڕای گرنگیی ئەم ئازادییە و ڕۆڵی لە بنیادنان و پەرەپێدان و گەشەسەندنی کۆمەڵگە، بەڵام دەبێت ئەو ئازادییە نەبێتە هۆی پاشاگەردانی و بێسەروبەری و هۆکارێك بۆ بڵاوکردنەوەی ململانێ و جیاکاریی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، یان نانەوەی دووبەرەکی و خزانە نێو کاری دوور لە نەریت. ئازادیی ڕۆژنامەگەری پێویستە بکەوێتە ژێر باری داب و نەریت و بەهای پیشەیی و یاسایی و مۆڕاڵەوە، چونکە ڕۆژنامەگەری هۆکارێکە بۆ ڕادەربڕین لەنێو کۆمەڵگەدا، دواجار ڕۆڵی خۆی ببینێت لە دەستنیشانکردنی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کولتووری و بەشداریکردن لە دانانی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ هەموو ئەو گرفت و کێشانە.

ڕۆژنامەگەری بە شێوەی دیالیکتیکی پەیوەستە بە سیستەمی دیموکراسییەوە، چونکە دیموکراسی شەرعییەتی خۆی لە ڕۆژنامەگەریی ئازاد و نیشتمانی وەدەست دێنێت، دیارە ڕۆژنامەگەری کە گوزارشت لە ڕای گشتیی کۆمەڵگە دەکات، هاوکات کەلتووری پیادەکردنی دیموکراسی بڵاودەکاتەوە، دەتوانێت سیستەمی حوکمڕانی بە داخوازییە ڕەواکانی جەماوەر ئاگادار بکاتەوە، لە بەرانبەریشدا هەر ئەو ڕۆژنامەگەرییە جەماوەر بە دەستکەوتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی سیستەمی حوکمڕانی ئاشنا بکات، دواجار سانسۆر بخاتە سەر کارەکانی دەسەڵاتی حوکمڕان، لە هەمان کاتیشدا ڕێنوێنی ئەو دەسەڵاتە بکات بۆ ئاراستەیەکی دروست.

ڕۆژنامەگەریی نیشتمانی کە پابەند بێت بە کێشە و پرسەکانی گەلەکەی، پێویستی بە پارێزگاریکردنێکی یاسایی هەیە تاکو کاری پیشەیی خۆی ڕاپەڕێنێت، هەروەها لە بەرانبەر دەستدرێژیی دوژمنکارانە بیپارێزێت، بەڵام ئەوە بەم واتایە نییە کە ئازادییەکی ڕەهای بێ سنوور بدرێت بە ڕۆژنامەگەری، چوارچێوە و پێوەرەکانی پیشەیی و یاسایی تێپەڕێنێت، چونکە ئەمە پێچەوانەی پەیامی ڕۆژنامەگەرییە، لەبەر ئەوەی زۆر جار ئەمە بۆ وروژاندنی ڕق و کینە و دەمارگیری و پەرگیری و ئاشووب نانەوە دەقۆزرێتەوە، دواجار کۆمەڵگە لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێت.

سەرەڕای ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامانە نێودەوڵەتییانەی بڵاوکراونەتەوە، لەوانەش جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ کە لە ساڵی ١٩٤٨ دەرچووە و ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە بیروبۆچوون و گوزارشتکردن لە ئازادی دەستەبەر کردووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەو ئازادییە ڕەها بێت، بەڵکو ئەو جاڕنامەیە بە دەق پیادەکردنی مافی داوە، بە مەرجێك ڕێز لە ماف و ئازادییەکانی بەرانبەر بگیرێت و، پارێزگاری لە سیستەم و بەرژەوەندیی گشتی و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی بکرێت.

بۆیە، دەبینین تاکو ڕۆژنامەگەری بتوانێت پیشەی خۆی بەپێی مافەکانی پیادە بکات، دەبێت پابەندبێت بە دوورکەوتنەوە لە وروژاندنی کاری

**دیموکراسی شەرعییەتی خۆی لە ڕۆژنامەگەریی ئازاد و نیشتمانی وەدەست دێنێت، دیارە ڕۆژنامەگەری کە گوزارشت لە ڕای گشتیی کۆمەڵگە دەکات، هاوکات کەلتووری پیادەکردنی دیموکراسی بڵاودەکاتەوە**

**ڕۆژنامەگەریی نیشتمانی کە پابەند بێت بە کێشە و پرسەکانی گەلەکەی، پێویستی بە پارێزگاریکردنێکی یاسایی هەیە تاکو کاری پیشەیی خۆی ڕاپەڕێنێت**



پ. د.کامەران ساڵحی
شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ
بۆ گوڵانی نووسیوە

بێ بەهای ڕۆژنامەگەری و دارمانی پیشەیی و مۆراڵی، هاوکات لە کاتی ئاماژەکردن و باسکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتوورییەکاندا، پێویستە مۆراڵ و شەرەفی پیشەکە ڕەچاو بکرێت، چونکە ڕۆژنامەگەریی ئازاد و پابەند بە کێشەکانی گەل و نیشتمان، دەبێت لەسەر بنەما و پرەنسیپەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بنیاد بنرێت، دواجار پابەند بێت بە ڕەوشت و مۆراڵ و چەمکە گشتی و پیشەییەکان. لە بەرانبەریشدا، ئەگەر کۆتوبەندی بێ پاساو خرایە سەر ئازادیی ڕۆژنامەگەری، چ بە سەپاندنی سانسۆری توند، یان قەدەغەکردنی بۆ گەیشتن بە زانیاری، ئەمەیان دەبێتە هۆی پووکانەوەی ڕاستییەکان و شاردنەوەی تاوان و دەستدرێژی و سەرپێچییەکانی ڕەوشتی کۆمەڵگە و گەندەڵیی کارگێڕی و دارایی.

ئەوەی کە پەیوەستە بە پاراستنی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە دەستوورە نیشتمانییەکاندا، دەبینین کە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق لە ماددەی (٣٦)دا بە دەق باس لە ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی و پەخش و بڵاوکردنەوە دەکات، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە هەموو هاووڵاتییەکی عێراقی بە چاوپۆشی لە ئینتیمای نەتەوەیی، یان مەزهەبی، یان فیکری، مافی هەیە ئازاد بێت لە بیروبۆچوون و ئایین و مەزهەب، بێ هیچ گوشارێك، لەپاڵ ئەمەشدا مافی هەیە، هەواڵ بەدەست بهێنێت و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بڵاوی بکاتەوە، لەنێویاندا ڕۆژنامە، دیسان دەبێت بەپێی پرەنسیپ و بەهاکانی ڕەوشتی کۆمەڵگە بێت.

بۆیە دەبێت لێرەدا جەخت لەوە بکەینەوە، کە ئازادیی ڕۆژنامەگەری کاتێك ڕێگە بە تاکەکان دەدات بیروبۆچوون و زانیاری ئاڵوگۆڕ بکەن، هەروەها سیاسەتەکانی سیستەمی سیاسی هەڵبسەنگێنن، واتا ئەمە هاوکارییەکە بۆ ڕێزگرتن لە سەروەریی یاسا و جێبەجێکردنی یاساکان، دواجار ڕۆژنامەگەری ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە چاککردنی ئەدا و کارامەیی حکومەت لەپێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگەدا، چونکە هەر ئازادیی ڕۆژنامەگەرییە کە دەرفەت بە ڕۆژنامەنووس و چالاکان دەدات سەرنج بۆ کێشە و گرفتەکان و پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ ڕابکێشن، هاوکات پەردە لەسەر شوێن و جێگەکانی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی هەڵدەنەوە، لە کۆتاییشدا پاڵ بە سیستەمی حوکمڕانەوە بنێن، تاکو ڕێکاری کاریگەر و پێویست بگرێتە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسی.

**رۆژنامەگەری ئازاد و پابەند به كێشەكانی گەل و نیشتمان، دەبێت لەسەر بنەما و پرەنسیپەكانی بەرپرسیارێتیی كۆمەڵایەتی بنیاد بنرێت، دواجار پابەند بێت بە ڕەوشت و مۆراڵ و چەمكە گشتی و پیشەییەكان**

ڕۆژنامەگەریی ئازاد و پاك، ڕێگە لەبەردەم تاکەکانی کۆمەڵگە ڕۆشن دەکاتەوە، بۆ ئەوەی کاربکەن لە پێناو ئەوەی حوکمڕانانی وڵات هان بدەن، ئاسایش و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵگە وەدی بێنن. بێگومان ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی ڕۆژنامەگەریی ئازاد و پابەند بە کێشەکانی گەل و نیشتمان، توانای ئەوەی هەیە لێکدانەوە بۆ نهێنیی گرنگیدانی ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بکات، هەروەها جەخت لە دەستوورە نیشتمانییەکان بکات، بۆ دابینکردنی ئازادیی ڕۆژنامەگەری و میدیا و ئازادیی ڕادەربڕین و دواجار ببێتە دەستەبەری بنەڕەتیی پیادەکردنی دیموکراسی. چونکە دیموکراسی بەبێ ڕۆژنامەگەرییەکی ئازاد نایەتە دی، هەر ئەو ڕۆژنامەگەرییە ئازادەیە کە ئامرازێکی کاریگەرە لە چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت و هەڵسەنگاندنیان لە ڕووی ئەرێنی و نەرێنییەوە.

**لەسەر ڕۆژنامەنووس پێویستە هاوسەنگی بكات لەنێوان پێداویستییەكانی ئازادیی ڕادەربڕین و داخوازییەكانی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی و بەرژەوەندیی گشتیی كۆمەڵگە**

لە کۆتاییدا دەڵێین: ڕۆژنامەگەریی ئازاد، حوکمڕان ئاگادار دەکاتەوە بە داخوازییەکانی گەل، نەك ئاگادارکردنەوەی گەل بە داخوازییەکانی حوکمڕان، بۆیە هیچ کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی نایەتە دی، ئەگەر ڕۆژنامەگەریی ئازاد نەبێت، هەر لەبەر ئەوەیشە لە ڕابردوودا گوتوویانە «ئەگەر بزانیت سیستەمی حوکمڕان دیموکراسییە، ئەوە بڕۆ لە ئازادیی ڕۆژنامەگەری بپرسە».

# عێراق بە بێ ئەمریکا

**پرسی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنیی عێراق لە دۆخێکدا نییە، سەربازی ئەمریکی لەسەر خاکەکەی نەبێت**

**میلیشیاکان لەم وڵاتەدا تەنیا لەڕووی سەربازی و ئەمنی کۆنترۆڵی عێراقیان لە دەست نییە، بەڵکو لەڕووی سیاسی و حوکمڕانییش خاوەندارێتیی ئەم قۆناغە دەکەن**

گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و مشتومڕی سیاسییەکان و میدیایی لە بارەی دەرکردنی یاسایەك لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ کۆتاییهێنانی ئەرکەکانی سوپای ئەمریکا و هێزی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لەو وڵاتە، چڕبوونەوەیەکی کاتییە، یان خواستێکی گشتییە و عێراقییەکان نایانەوێ چیدی هێزی ئەمریکا لەسەر خاکیان بێت؟ یان خواستێکی هەرێمایەتییە و پەیوەندی بە هەژموونداریێتیی ئێرانەوە هەیە؟ یان یارییەکی دیکەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و بەشێکە لە ڕاکێشانی شەقامی ئەو وڵاتە لە نێوان کۆماری و دیموکراتییەکان؟ یان پەیوەستدارە بە شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیل؟

هەموو ئەو پرسیارانە لە جێی خۆیدا، هەڵگری چەندین شرۆڤە و لێکدانەوە و ئەگەر و خستنەڕوون، بەڵام هیچیان بە قەدەر جەوهەری مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق گرنگ نین، بەتایبەتی کە پرسی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنیی عێراق لە دۆخێکدا نییە، سەربازی ئەمریکی لەسەر خاکەکەی نەبێت. لەوانەیە ئەو پرسیارەش ڕاست بێت، بەم بنکە سەربازییانە چۆن دەتوانرێت عێراق لە مەترسییە ئەمنییەکان بپارێزرێت، لە کاتێکدا سێبەری هێزە میلیشیاکان لەم وڵاتەدا تەنیا لەڕووی سەربازی و ئەمنی کۆنترۆڵی عێراقیان لە دەست نییە، بەڵکو لەڕووی سیاسی و حوکمڕانییش خاوەندارێتیی ئەم قۆناغە دەکەن؟

شەقامی عێراقی لەگەڵ ئەو دەنگانە نییە کە باس لە کۆتاییهێنانی ئەرکەکانی سوپای ئەمریکا دەکات، لانیکەم سوننە و کورد و تورکمان و بەشێکیش لە شیعەکان خواستی وایان نییە و لەگەڵ ئەو ڕەوتە نین کە بە فیتی ئێران ئەم بابەتە دەورووژێنن و شەقامی ساردی جەماوەری خۆیانی پێ گەرم دەکەنەوە. لە خراپترین سیناریۆدا لە ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، ئەوەیە هیچ گەرەنتییەك نامێنێ لە ناڕوونیی ئایندەی حوکمڕانی و کودەتایەکی تائیفی شیعیی توندڕەو سەرهەڵبدات، کە بەردەوام خواستیان ئەوەیە بەهێزی چەکداری و عەقڵییەتی تاکڕەوانە حوکمڕانی بکەن.

ئەگەر لەبارەی خواستی ناوچەیی سەیری ئەو بابەتە بکرێت، ئەوا لە دوای ٢٠٠٣وە ئێران ئەم دروشمەی لە واقیعدا و بە کردەوە و بە هاندانی گرووپەکانی نزیك لەخۆی هانداوە کە لەسەر ئەم پرسە کار بکەن. دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی (٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠) فەرماندەی جێبەجێکاری ئەو خواستە ئێرانییە، هەوڵەکانی ئێران چڕتر بووە و گرووپە چەکدارەکانی لەناو خاکی عێراق بە کردەوە خستە خزمەتی ئەو خواستە کە لە هێزە ئەمریکییەکان بدەن و لە ڕووی چالاکیی سیاسیشەوە ئەوا گرووپە سیاسییەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی کە پێکهێنەری حکومەتە، خستە ناو بازنەی خواستەکەی خۆی، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش بە واژووکۆکردنەوە و دانیشتنی تایبەت سەرقاڵە کە حکومەتی عێراقی بکاتە خاوەن خواستەکەی ئێران. خۆ سیاسییەکان و فەرماندە سەربازییەکانی ئێران دڵنیان لەوەی خواستەکەیان تەنیا فشارە، بەڵام نایانەوێ بە بێدەنگی لە عێراق دانیشن و



پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم

توێژەری مێژووی سیاسی

بۆ گوڵانی نووسیوە

واز لە ڕۆڵ و کاریگەرییان بهێنن وەك کارەکتەرێکی هەرێمایەتی لە نەخشەی بڕیاردانی عێراقی، بەڵکو دەیانەوێ ئەم وڵاتە وەك دیوی دووەمی خۆیان بمێنێتەوە.

ئەو بۆچوونانە تا ڕاددەیەکی زۆر ڕۆژەڤێکی گرنگ نین بۆ شەقامی ئەمریکی لەبارەی کشانەوەی هێزەکانیان لە عێراق، تەنیا ئەوەندە نەبێت، ترامپ لە کۆمارییەکان وەك کارتێکی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردوویەتی بە یەکێك لە هەڵمەتەکانی دژ بە بایدن و دیموکراتەکان. بۆیە مانەوەی هێزەکانیان لەبەر باڵیۆزخانە و نێردە دیپلۆماتکارەکانیشیان بێت، دەهێڵنەوە و بەشی گرنگی بنکەکانیان دەبێت لە پشتیوانیکردنی بنکە سەرەکییەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

فشارەکانی هەندێك لایەنی سیاسی بۆ پرسی کۆتاییهێنانی ئەرکەکانی سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆر (داعش) تازە نین، وەك بەستنەوەیەکی میحوەریی گرنگ بە بابەتی شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیل. بەڵێ، ئەو بابەتە کاریگەریی هەبووە لە جووڵاندن و هەندێك بیانووگرتن و لێدان لە بنکەکانی ئەمریکا، بەڵام دواجار بابەتێکیشی تێدایە پەیوەستە بە موزایەدەی هەندێك سەرکردە و گرووپی شیعی بۆ شەقامی خۆیان.

لەسەرووی ئەو پرسیار و گریمانانەدا، عێراق بەبێ ئەمریکا وەك ئاماژە کرا، ناتوانێ هاوسەنگییە ناوخۆییەکان لە جۆری پێکهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبی و فرەلایەنی نێو شیعەکانیش ڕابگرێت، ڕاستە تا ئێستا سەدرییەکان لە سڕبوونێکی کاتیدان، بەڵام هەرگیز خواستی سەدر و جەماوەرەکەی نییە بە دیار ئەم گرووپە (چوارچێوەی هەماهەنگی ) دانیشن و بینەر بن، بەڵکو لەو فرسەت و دەرگا گەورەیە دەگەڕێن، چۆن و بە چ هێزێکی بەهێزترەوە بگەڕێنەوە ناو گۆڕەپانەکە، کە ئەمەش لە غیابی هێزی ئەمریکی مەترسییەکانی هەڵگیرسانی شەڕ و ناکۆکی و خوێنڕشتن دەباتە قۆناغێکی مەترسیدار.

گریمانەکە وای لێبکرێت: لێژنەی هاوبەشی نێوان ئەمریکا و حکومەتی عێراقی گەیشتنە ڕێککەوتن بۆ کشانەوە و کۆتاییهێنانی ئەرکەکانی شەڕکەرەکانی نێو هاوپەیمانێتی دژ بە تیرۆر (داعش)، پرۆسەکەی چۆن چۆنی دەبێت، کاتی لەبەردەم دیاری دەکرێت؟ چەندە کاتەکە؟ ئایا سوپا و میلیشیاکانی عێراق توانستی ئەوەیان هەیە زاڵ بن بەسەر هەر هەڕەشەیەك لە ئەنجامی ناکۆکی، یان گرووپی تیرۆریستی کە ڕووبەڕووی عێراقییەکان ببێتەوە؟ بێگومان نەخێر، نە کات هێندە بە کورتی لە بەردەم کشانەوە دەبێت، نە سوپا و نە میلیشیاکان توانستی ئەوەیان هەیە کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەن، ئەگەر موزایەدەیەکیش لە ئارادا بێت بۆ نیشاندانی هێزی عێراقی و پێویست نەبوونیان بە هێزی دەرەکی، ئەوا لە بچووکترین نموونەدا دەبینین شەڕی نێوان دوو خانەوادە یا دوو هۆزی عەرەبی، سوپا و میلیشیا چۆن دابەش دەبن و بەرانبەر یەك دەوستن. ئەوە کەی ئامادەگییە بەبێ ئەمریکا بتوانن سەقامگیری دابین بکەن؟

ئەوەی بەدی دەکرێت، هەر ئەوەیە، ئەمریکا بە ئاسانی و بێ ئامانج نەهاتووتە عێراق، تاکو بە ئاسانی و بێ ئامانج چۆڵی بکات.

**لە ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، هیچ گەرەنتییەک نامێنێ لە ناڕوونیی ئایندەی حوکمڕانی و کودەتایەکی تائیفی شیعیی توندڕەو سەرهەڵبدات، کە بەردەوام خواستیان ئەوەیە بەهێزی چەکداری و عەقڵییەتی تاکڕەوانە حوکمڕانی بکەن**

**عێراق بەبێ ئەمریکا ناتوانێ هاوسەنگییە ناوخۆییەکان لە جۆری پێکهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبی و فرەلایەنی نێو شیعەکانیش ڕابگرێت**

دیمانەی تایبەت



### پڕۆفیسۆر لینۆری مارتین بۆ گوڵان:

# سەرکردەکانی ئیسرائیل و حەماس توندڕەون و ئاشتییش سازش و بڕیاری سەختی دەوێت

**لینۆری مارتین، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی سیاسی کە لە زانکۆی شیکاگۆ بەدەستی هێناوە، ئێستا پرۆفیسۆری هەمان بوارە لە کۆلێژی ئیمانۆێل لە بۆستن. یەکێکە لە سەرپەرشتیارانی سێمیناری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەلایەن سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هارڤارد و لەلایەن (سەنتەری وێزهێد بۆ نێودەوڵەتیی)ـەوە سپۆنسەر دەکرێت. پرۆفیسۆر مارتین چەندین کتێب و توێژینەوەی نووسیوە لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، ئاسایشی نەتەوەیی ناوچەی کەنداو و سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، بۆ تاوتوێکردن و شرۆڤەکاریی پەیوەست بە شەڕی ئیسرائیل و حەماس و ئاقاری و ئاراستەکانی ئەم شەڕە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** هەروەك ئاشکرایە، هەمیشە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەی کێشە و تەنگژە بووە و وڵاتانی ئەم ناوچەیە بە دەست چەندین کێشەوە گرفتار بوون و گەلەکانیشیان باجی گەورەیان داوە. بەم دواییە شەڕێکی خوێناوی و کاولکاریی دیکە بەرۆکی ئەم ناوچەیەی گرتەوە کە مەبەستمان شەڕی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماسە، کە دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی تەنیا لە کەرتی غەززەدا قەتیس نەبووە، ئێوە چۆن لەم پێشهاتە و بەردەوامبوونی ئەم شەڕە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا دەکرێت لە چەند ڕوانگە و ڕەهەندێکەوە لێکدانەوە و شرۆڤەکاری بکەین بۆ بەرپابوونی ئەم شەڕەی ئێستای غەززە لە نێوان ئیسرائیل و حەماسدا. بەڵام هۆکاری هەرە ڕاستەوخۆ لەم ڕووەوە، بریتی بوو لە هێرش و پەلامارەکەی ڕۆژی ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو لەلایەن بزووتنەوەی حەماسەوە بۆ سەر ئیسرائیل. کە ئاشکرایە لەو کاتەدا حەماس تەواو دڵنیا بوو، لەوەی دەبێت ئیسرائیل بە ئاست و مەودا و ئەندازەیەکی گەورە پەنا بۆ تۆڵەکردنەوە ببات، ئەویش لەبەر ئەوەی هێرشەکەی حەماس پەلامار و شاڵاوێکی توند و سەخت و دڵڕەقانە و بەرفراوان بوو، هەروەها لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە بە بارمتەگرتنی کەسانی مەدەنییشی لەخۆ گرت.

*** بەڵام بۆچی ئەم ناکۆکییە هێندە درێژخایەن و خوێناوییە؟ بۆچی سەرجەم هەوڵ و کۆششەکان نەیانتوانیوە بگەنە ڕێگاچارەیەك کە مایەی ڕەزامەندیی هەردوولا بێت، ئەمە لە کاتێکدا کە جار لە دوای جار ئەم ناکۆکییە دەتەقێتەوە و توندوتیژی و کاولکاری و کوشتاری کەسانی مەدەنی لەخۆ دەگرێت؟ ئایا لە ئێستادا هیچ چارەسەرێك لە ئارادایە کە دەکرێت بگیرێتەبەر؟**

- دید و تێڕوانینی من ئەوەیە، لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل (تەنانەت من مشتومڕی ئەوە دەکەم کە پێش دامەزراندنی ئەم دەوڵەتەش)، پێویست بوو گەڵاڵە بکرێت و ویست و ئیرادەیەك هەبوو، لای ئیسرائیل و فەلەستینییەکان بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتنی چارەسەری دوو دەوڵەت (بوونی دەوڵەتی فەلەستین لەپاڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا)، چونکە چارەسەرێکی لەم چەشنە دەبووە هۆی ئەوەی هەردوو گەلی فەلەستینی و ئیسرائیل بتوانن مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بکەن. هەروەك ئێوەش لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکردووە، چەندین هەوڵ و کۆشش و ناوبژیوانی ئەنجام دراون لەم ڕووەوە و بە ئاراستەی بەدیهێنانی ئەم چارەسەرە، بەڵام دەکرێت بوترێت، یەکێك لە لایەنەکان، یان با بڵێین هەردوو لایان ئەم چەشنە ڕێککەوتنەیان ڕەت کردووەتەوە.

> **حەماس تەواو دڵنیا بوو، لەوەی دەبێت ئیسرائیل بە ئاست و مەودا و ئەندازەیەکی گەورە پەنا بۆ تۆڵەکردنەوە ببات، ئەویش لەبەر ئەوەی هێرشەکەی حەماس پەلامار و شاڵاوێکی توند و سەخت و دڵڕەقانە و بەرفراوان بوو**

*** مەبەستتان ئەوەیە ڕێککەوتنێکی لەم چەشنە ئەنجام نەدراوە، یان ڕێککەوتن هەبووە، بەڵام جێبەجێ نەکراوە و لایەنەکان پێوەی پابەند نەبوون، واتە کێشەکە لە گەیشتن بە ڕێککەوتندا نییە، بەڵکو لە جێبەجێکردن و پیادەکردنیەتی؟**

- ئەوەی گرنگە لەم ڕووەوە ئاماژەی پێبکەین، ئەوەیە کە ڕێککەوتنی ڕەمزی کرا بە ناوی دەستپێشخەریی (جنێڤ) یان ڕێککەوتنی جنێڤ لە ساڵی ٢٠٠٣دا، گەڵاڵەکردن و داڕشتنی ئەم ڕێککەوتنەش دوو ساڵی خایاند و لەلایەن گرووپێکەوە نووسرایەوە کە پێکهاتبوو لەو فەلەستینی و ئیسرائیلییانەی کە گفتوگۆکاری فەرمیی هەردوو لایەنی ناکۆکییەکە بوون. بیرۆکە بنەڕەتییەکەش ئەوە بوو، کە ئەوە بخرێتەڕوو کە ئەگەرێکی ڕاستەقینەی بەرپاکردن و هێنانەئارای ئاشتی هەیە لە ڕێی گرتنەبەر و پیادەکردنی چارەسەرێکەوە کە

> **هەم سەرکردایەتیی کەرتی غەززە و هەم سەرکردایەتیی نێو ئیسرائیل لە ئێستادا بەدەستی کەسانێکی توندڕەووەن، کەسانێکن کە ئامادە نین و ویستیان ئەوەیان نییە کە لە ڕێی گرتنەبەری پرۆسەی گفتوگۆیەکی جددییەوە بگەنە ڕێگاچارەیەکی درێژخایەنی ئاشتی**

بوونی دەوڵەت لەخۆ بگرێت و هەر بە ڕاستیش ئەم ئەگەرەیان خستەڕوو.

*** زۆر باشە، ئەگەر باسی سەرکردە و بڕیاربەدەستەکانی ئێستای هەردوولایەنی ناکۆکییەکە بکەین، ئایا پێتان وایە تا چەند بەرپرسیارن لەوەی دۆخەکە بەم ئاقار و ئاراستە کارەساتبارەدا ببەن؟**

- ئەوە ڕوونە کە هەم سەرکردایەتیی کەرتی غەززە و هەم سەرکردایەتیی نێو ئیسرائیل لە ئێستادا بەدەستی کەسانێکی توندڕەووەوەن، کەسانێکن کە ئامادە نین و ویستیان ئەوەیان نییە کە لە ڕێی گرتنەبەری پرۆسەی گفتوگۆیەکی جددییەوە بگەنە ڕێگاچارەیەکی درێژخایەنی ئاشتی. کە ئێمە دەزانین بەدیهێنانی ئاشتی ئاسان نییە و بگرە بڕیاری قورس و سەخت و سازشکردنی دەوێت. هەروەها زۆر گرنگە لەوە بڕوانین، کە ئێمە نازانین ئایا دەرئەنجام و دەرهاویشتەی ئەم شەڕە کاولکاری و کارەساتبارەی ئێستا - کە هۆکارەکەی بریتی بووە لە تووڕەیی و ئازار و لەسەرووی هەمووشیانەوە کەلێنێکی گەورەی بێ متمانەیی- چی دەبێت. واتە ئایا دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی بڵێین ئیدی با بەس بێت و کۆتایی پێ بێت، یان بە پێچەوانەوە سەردەکێشێت بۆ ئەوەی گیانی تۆڵەسەندنەوەیان لا زیاتر بکات و، دەرئەنجامیش بە تەواوەتی گرتنەبەری پرۆسەی ئاشتی ڕەت بکەنەوە.

*** بەڵام ئەوە ڕوونە کە مەرجی پێشوەختەی گفتوگۆ و دانوستاندنەکان ئەوەیە کە دەبێت هەردوولایەنی ناکۆکییە ددان بە یەکتریدا بنێن، یان بڕوا بە شەرعییەتی بوونی یەکتری بکەن. ئایا پێتان وانییە ئەمە کۆسپە سەرەکییەکە بێت؟**

- ئێمە دەبێت لەم ڕووەوە ئەوە لە یاد نەکەن، کە بزووتنەوەی حەماس ئیعتراف بە بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل ناکات، ئەمەش بیانوو و پاساوی بۆ ئیسرائیل دروست کردووە، بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی ئاشتی لەگەڵ بزووتنەوەی حەماسدا هەڵنەگرێت، کە پێدەچوو لە ڕابردوودا ئامادەی کارێکی لەم چەشنە بێت، بەڵام نابێت ئەوە ڕەچاو نەکەین کە حەماس تەنیا ئاشتییەکی کاتیی دەوێت. لەبەر ئەوە وەڵامی ئیسرائیل بەم شێوەیە: بۆچی ڕێککەوتن ئەنجام بدەم کە تەنیا ببێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی حەماس و تەنیا ئاشتییەکی ٣٠ ساڵە، یان هودنەیەك بەدەست بهێنم.

*** بەڵام ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی کراوە، ئەوەیە کە لە ئارادابوون و درێژەکێشانی بارودۆخی پڕ لە نائومێدی کە تێیدا چارەسەر و ئومێدێك لە ئاسۆدا بەدی نەکرێت، دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی سەرهەڵدانی توندوتیژی و ئەمەش زەبروزەنگی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە کە کەرتی غەززە لە دۆخێکدا جێهێڵدرابوو، کە سنوورەکانی لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە کۆنترۆڵ کرابوون، بە چەشنێك ئومێدێکی کەم بۆ خەڵکی غەززە مابوو بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و پەرەپێدانی ئابووری و ئومێد بە ئایندە، بەتایبەتی ئەم هەستە لای گەنجان لەئارادا بوو. هەروەها ئیسرائیلیش لە سایەی دەسەڵاتی حکومەتەکەی بنیامین نەتنیاهۆدا بەردەوام ئاراستەیەکی ڕاستڕەوی دەگرت، ئەوە بوو چەند وەزیرێکی زۆر توندڕەوی لەخۆ گرت کە پاڵپشتی و پشتیوانیی دروستکردنی کۆمەڵگەی زیاتری جوولەکەنشینیان دەکرد، لە کەناری ڕۆژئاوا و تەنانەت لە نێو کەرتی غەززەشدا. کەواتە دەکرێت لەم ڕوانگەیەوە ئاماژە بەوە بکرێت، ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس بەرپرس بوون لەوەی بۆ چەندین ساڵ بارودۆخێکی تراژیدی بخوڵقێنن کە سەری کێشا بۆ ئەوەی هەلومەرجەکە بەم حاڵەی ئێستا بگات. چونکە هەردوولا دەستیان بە دەسەڵاتەوە گرت، بە بێ ئەوەی هیچ لایەکیان ئامادە بێت سازش بکات.

*** بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەوەی لە کۆتاییدا باجەکەی داوە، خەڵکانی سڤیل بوون لە هەردوولایەنی ناکۆکییەکە، ئایا بۆچی ئەمە نەکراوەتە چەقی سیاسەتی دەسەڵاتدارانی بزووتنەوەی حەماس و ئیسرائیل؟**

- ئەوە ڕاستە کە گەلی هەردوولا و خەڵکانی مەدەنییان باجەکەیان داوە. ئێوە بڕوانن کە بۆچی دارایی هەبوو بۆ دروستکردنی تونێلەکان لە نێو کەرتی غەززەدا، بەڵام دەوترا، پارە نییە بۆ دروستکردنی شەڵتەر بۆ کەسانی مەدەنی؟ سووتەمەنی هەبوو بۆ ڕۆکێتەکان، کەچی بانگەشەی ئەوە دەکرا سووتەمەنی پێویست بۆ نەخۆشخانەکان لەبەردەستدا نییە. هەرچۆنێك بێت، دەرئەنجامەکە ئەوە بووە کە خەڵکانی مەدەنی بوونەتە قوربانی و ناچارکراون ماڵ و حاڵی خۆیان جێبهێڵن و خەڵکانێکی دیکەش بە بارمتە بگیرێن، لە نێویاندا کەسانی نەخۆش، لاو و بەساڵاچوو و مەدەنی هەن. لە بەرانبەریشدا کۆمەڵگەی زیاتری جوولەکەنشین لە کەناری ڕۆژئاوا دروست کران و هێرشی توندڕەوانەش لەلایەن ئەم کۆمەڵگەیانەوە کراونەتە سەر فەلەستینییەکان.

**بزووتنەوەی حەماس ئیعتراف بە بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل ناکات، ئەمەش بیانوو و پاساوی بۆ ئیسرائیل دروست کردووە، بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی ئاشتی لەگەڵ بزووتنەوەی حەماسدا هەڵنەگرێت**

**ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس بەرپرس بوون لەوەی بۆ چەندین ساڵ بارودۆخێکی تراژیدی بخوڵقێنن کە سەری کێشا بۆ ئەوەی هەلومەرجەکە بەم حاڵەی ئێستا بگات**

**بۆچی دارایی هەبوو بۆ دروستکردنی تونێلەکان لە نێو کەرتی غەززەدا، بەڵام دەوترا، پارە نییە بۆ دروستکردنی شەڵتەر بۆ کەسانی مەدەنی؟ سووتەمەنی هەبوو بۆ ڕۆکێتەکان، کەچی بانگەشەی ئەوە دەکرا سووتەمەنی پێویست بۆ نەخۆشخانەکان لەبەردەستدا نییە**

دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر جۆن تۆیفۆڵ درەیەر بۆ گوڵان:

# چین لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا سوودمەندی سەرەکی بووە

جۆن تۆیفۆڵ درەیەر، پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی میامی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کاروباری چین و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها شرۆڤەکاری بواری ئاسایشی نەتەوەییە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە هەڵکشانی هێزی چین و بەرەودان بە دەستڕۆیشتوویی ئەم وڵاتە لە جیهان بەگشتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی، هەروەها شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

**چین سەرقاڵی توندکردنی گوشارەکانیەتی لەسەر وڵاتی فیلیپین بۆ دەستبەرداربوون و دەستهەڵگرتن لە هەندێ لە بەشەکانی ئەوەی پێی دەگوترێت زۆنی حەسری ئابووری و، ڕادەستکردنی بە دەسەڵات و کۆنترۆڵی چین**

**فڕینی فڕۆکەکانی کۆماری گەلی چین بەسەر ئاسمانی تایواندا هۆشداریی لای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتی یابان هێناوەتە ئاراوە**

*** ئەگەر لە ڕوانگەی وڵاتی چینەوە لە ساڵی ڕابردوو بڕوانین، ئەوا دەکرێت بڵێین ساڵێکی سەرکەوتوو بووە بۆ ئەو وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمە سەرباری ئەو کارەسات و تراژیدیانەی بەسەر ئەم ناوچەیەدا هاتن، هەروەها چین سەرکەوتنی ستراتیژیشی بەدەست هێناوە، نەك تەنیا پەرەی بە ئابوورییەکەی داوە، بەڵکو هەوڵی داوە ناوبژیوانی بکات لە پرۆسەکانی ئاشتی و تەنانەت مانۆڕی سەربازیشی لەگەڵ یەکێك لە هاوپەیمانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجام دا. ئێوە چۆن لەم پەرەسەندنانە و لە هەوڵەکانی چین بۆ بەرەودان بە دەستڕۆیشتوویی خۆی دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە ڕاستە وڵاتی چین لە ساڵی ٢٠٢٣دا چەندین سەرکەوتنی بەدەست هێنا، هەروەك ئێوەش لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێ کردووە، هەروەها لە ئێستادا ئەوە بەدی دەکەین کە چین سەرقاڵی توندکردنی گوشارەکانیەتی لەسەر وڵاتی فیلیپین بۆ دەستبەرداربوون و دەستهەڵگرتن لە هەندێ لە بەشەکانی ئەوەی پێی دەگوترێت زۆنی حەسری ئابووری و، ڕادەستکردنی بە دەسەڵات و کۆنترۆڵی چین، هەروەها هەمان هەڵوێست و هەڵسوکەوتی هەیە لە ئاست وڵاتی یاباندا لە پەیوەندی بە دەریای ڕۆژهەڵاتی چینەوە، هەروەها بوار و پانتایی بەرگریی ئاسمانیی تایوانیشی کەم کردووەتەوە و بەرتەسکی کرووەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بڵێین کە ئەم تاکتیك و هەنگاوە فراوانخوازییانەی چین بووەتە هۆی ئەوەی بێزاری و نارەزایەتی لە ئاستی ئەو وڵاتەدا دروست بێت. بە دڵنیاییەوە چین نەیتوانی ئامانج و خواستی خۆی لە هەڵبژاردنەکانی تایواندا بەدی بهێنێت، ئەوە بوو کە پاڵێوراوی پارتی دیموکراسیی پێشکەوتنخواز (ویلیام لای چینگ تی) بە ڕێژەیەکی زۆر توانی شکست بە ڕکابەرەکەی لە حزبی کۆمینتانگ بهێنێت و هەڵبژاردنەکان بباتەوە، هەروەها فڕینی فڕۆکەکانی کۆماری گەلی چین بەسەر ئاسمانی تایواندا هۆشداریی لای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتی یابان هێناوەتە ئاراوە. لەلایەکی دیکەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین، ئابووریی چین بەردەوامە لە داکشان، ئەوەتا لە ئێستادا بێکاری لە نێو گەنجانی ئەو وڵاتەدا لە هەر کاتێکی دیکە بەرزترە، هەروەها چوونە دەرەوەیەکی جێی نیگەرانیی سەرمایە هەیە لە چیندا، هەم لەلایەن چینییەکان خۆیان و هەم لەلایەن بیانییەکانەوە، ئەمە سەرباری هەوڵەکانی حکومەتی ئەو وڵاتە بۆ سنووردارکردنی و بۆ دەستەبەرکردنی دڵنیایی بۆ وەبەرهێنەرە بیانییەکان.

*** ئەوەی پەیوەست بێت بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، ئەوا دەکرێت بڵێین چین دەیەوێت خۆی وەك ناوبژیوان بخاتە ڕوو، هەروەها سوودمەند بێت لە پشێوییەکانی بازاڕە جیهانییەکان، بە کڕینی وزەی هەرزان و هاوکاریکردنی ئابووریی ڕووسیا و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لێی کەوتووە لە تێکڕای داهاتە نیشتمانییەکەی لە ئەنجامی سزاکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، کەواتە ئایا دەکرێت بڵێین چین لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا سوودمەندی سەرەکی بووە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا بە ڕاستی چین دەیەوێت خۆی وەك ناوبژیوان بخاتە ڕوو و ناوبانگی خۆی لەم ڕووەوە بۆ ئاشتی برەو پێ بدات؟ چونکە من پێم وایە چین زیاتر وەك هێزێکی خۆسەپێنی نێودەوڵەتی هەڵسوکەوت

دەكات و هێزە سەربازییەكەی و دەستڕۆیشتوویيە ئابوورییەكەی بۆ ملكەچكردنی ئیرادەی وڵاتانی دیكە بۆ خواستەكانی بەكار دەهێنێت، هەروەها هەوڵەكانی وەك میانگیرێكی باوەڕپێكراو بۆ شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا و حەماس و ئیسرائیل ڕەت كراوەتەوە و، پاساوی باشیش هەبوو بۆ ئەم ڕەتكردنەوەیە، بەڵام بە دڵنیاییەوە چین لە ڕووی داراییەوە سوودمەند بووە لە ناكۆكیی نێوان ڕووسیا و ئۆكرانیا، ڕووسیای ناچار كردووە بە نرخێكی هەرزانتر نەوت و غازەكەی بفرۆشێت، كە گومانی تێدا نییە، ڤلادمیر پوتین بەم دۆخە خۆشحاڵ نییە. من پێم وانییە هیچ وڵاتێك بە ڕاستی سوودمەند بێت لەم شەڕە، ئەگەرچی ڕەنگە بتوانین بڵێین كە چین زیاتر لە هەر وڵاتێكی دیكە سوودمەند بووە.

*** ڕاستە لە ئێستادا هەوڵ دەدرێت لە نێوان چین و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا ڕێچكەی «كێبڕكێ بە بێ ناكۆكی» پیادە بكرێت، كە ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی ئەم دوو وڵاتە بچنە باری هاوكارییەوە، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین كە ئەم دوو وڵاتە توانیویانە ئەگەری هەڵكشانی زیاتری مەترسییەكان بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی چەكداری و لێكدابڕانی تەواو كەم بكەنەوە، بە دید و تێڕوانینی ئێوە تا چ ڕاددەیەك دەكرێت ئەم دۆخە بەردەوام بێت؟**

- من پێم وایە دەكرێت بەردەوام بێت، بەلای كەمەوە لە ئایندەی نزیكدا، ئێمە دەزانین كە سەرۆكی ئەمریكا (جۆ بایدن) خوازیاری ئەوە نییە پێش هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكەی وڵاتەكەی هیچ كێشە و پشێوییەك بخولقێنێت، خۆ ئەگەر دۆناڵد ترەمپ سەركەوتن بەدەست بهێنێت لە هەڵبژاردنەكاندا و ببێتەوە سەرۆكی ئەمریكا، ئەوا دەبێت خۆی لابدات لە لێدوانی وروژێنەر و ڕاگەیاندنی سەرسامبوونی خۆی بە سەرۆكی چین (شی جینگ پینگ)، هەروەك پێشتر بینیمان دۆناڵد ترەمپ بە زەحمەت دەتوانێت خۆی لە لێدوانی وروژێنەر بە دوور بگرێت. من خۆم كۆماریم، بەڵام خواستی ترەمپ بۆ ئەوەی تویت بكات و دواتر بیر بكاتەوە، مایەی ترس و نیگەرانییە لای من.

*** ئەوەی پەیوەست بێت بە تایوانەوە، ئەوا ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و چین بە وریاییەوە هەنگاو هەڵدەگرن و دەیانەوێت خۆیان لە پشێوی لابدەن، بەڵام سەركردەكانی هەردوو وڵات لەژێر گوشاری ناوخۆییدان بۆ ئەوەی بە لاوازی دەرنەكەون، ئەوەتا چین پێداگری دەكات لەسەر درێژكردنەوەی دەستڕۆیشتوویی خۆی بۆ گەرووی تایوان و بەزاندنی لە ڕێی فڕۆكەكانی و كەشتییە سەربازییەكانەوە، ئایا پێشبینی ئەوە دەكەیت كە دۆخی تایوان بەرەو هەڵكشان بچێت، بە چەشنێك كە چین دەست ببات بۆ داگیركردن و دەستبەسەرداگرتنی ئەو وڵاتە؟**

- لە ڕاستیدا من پێشبینیی ئەوە دەكەم كە چین بەردەوام بێت لە درێژەپێدانی گوشارەكان لە دژی تایوان، ئەویش لە ڕێی هەڵمەتی چەواشەكاری و هاككردن و هەڕەشە و گوڕەشە و لە ڕێی فڕۆكە جەنگییەكان و كەشتییەكانییەوە، بەڵام پێم وانییە دەست ببات بۆ داگیركاری و دەستبەسەرداگرتنی ئەو وڵاتە.

*** ئەگەر پرسیار لە دەستپێشخەرییە مەزنەكەی چین بكەین بە ناوی «پشتێنە و ڕێگە»، ئەوا ئاشكرایە كە كاریگەریی ئەم دەستپشخەرییە بەو شێوەیە نەبوو كە چین ئومێدی لەسەر هەڵچنیبوو، ئایا پێت وایە كە چیتر ناتوانێت ئامانجەكانی بەدی بهێنێت؟**

- من پێم وانییە سەرۆكی چین (شی جینگ پین) بتوانێت دەست لە دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگە هەڵبگرێت، لەبەر ئەوەی ئەمە بووەتە پڕۆژەیەك كە مۆركی خۆی لەسەرە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەم دەستپێشخەرییە ڕووبەڕووی كێشە و گرفت بووەتەوە، سەرباری ئەوەی چەند سەركەوتنێكی كەمی بەدەست هێناوە. لەم ڕوانگەوە من پێم وایە دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگە بەردەوام دەبێت، بەڵام داراییەكی كەمتری بۆ دەستەبەر دەكرێت، هەروەها لەمەودوا حزبی حوكمڕانی چین بە حەزەرێكی زیاترەوە لەوە دەڕوانێت كە وەبەرهێنان لە چ پڕۆژەیەكدا بكات.

*** لە پەیوەندی بە سیستمی جیهانییەوە، هەندێك دەڵێن، وڵاتی چین نایەوێت پێداچوونەوە بەم سیستمەدا بكرێت، بەڵام خوازیاری ئەوەیە سەرلەنوێ و لەسەر بنەما و بەهای نوێ دابڕێژرێتەوە، بۆچوون و تێڕوانینی ئەوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە ڕاستە و من تەواو هاوڕام لەگەڵ ئەم لێكدانەوە و بۆچوونەدا.

**چوونە دەرەوەیەكی جێی نیگەرانیی سەرمایە هەیە لە چیندا، هەم لەلایەن چینییەكان خۆیان و هەم لەلایەن بیانییەكانەوە**

**چین زیاتر وەک هێزێکی خۆسەپێنی نێودەوڵەتی هەڵسوكەوت دەكات و هێزە سەربازییەكەی و دەستڕۆیشتوویيە ئابوورییەكەی بۆ ملكەچكردنی ئیرادەی وڵاتانی دیكە بۆ خواستەكانی بەكار دەهێنێت**

**چین لە ڕووی داراییەوە سوودمەند بووە لە ناكۆكیی نێوان ڕووسیا و ئۆكرانیا، ڕووسیای ناچار كردووە بە نرخێكی هەرزانتر نەوت و غازەكەی بفرۆشێت**

**پێشبینیی ئەوە دەكەم كە چین بەردەوام بێت لە درێژەپێدانی گوشارەكان لە دژی تایوان، ئەویش لە ڕێی هەڵمەتی چەواشەكاری و هاككردن و هەڕەشە و گوڕەشە و لە ڕێی فڕۆكە جەنگییەكان و كەشتییەكانیەوە، بەڵام پێم وانییە دەست ببات بۆ داگیركاری و دەستبەسەرداگرتنی ئەو وڵاتە**



# گۆڕانی کەشوهەوا
# هۆشیارکردنەوە، نەک ترساندن

بایەخدان بە ژینگە بەگشتی و گۆڕانی کەشوهەوا بەتایبەتی، لەم ساڵانەی دواییدا دیاردەیەکی هەستپێکراوە و مایەی دڵخۆشیی زۆرێك لە ژینگەدۆستانە، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە، سەرکەوتنە سەر شەپۆلەکەیە لەلایەن هەندێکەوە کە ئەوەندەی مەبەستیان وروژاندنی تیۆریی تۆقاندنی خەڵکە، ئەوەندە ئامانجیان دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو و کردارییی نییە، بۆیە هەموو ئەمانە جۆرێك لە فەوزا و پشێویی ژینگەییان هێناوەتە ئاراوە، کە کاریگەریی دەروونیی خراپیان لەسەر باری دەروونیی هاووڵاتیان هەیە.

هەندێك لە شێوازەکانی ترساندنی ژینگەیی

یەکەم: گواستنەوەی وێنەی ناوچەیەکی پیسبووی جیهانی و پیشاندانی وەك ناوچەیەکی خۆماڵی.

دووەم: نووسین، یان وەرگێڕانی بابەتێك، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەی ڕەسەنی بابەتەکە بکرێت.

سێیەم: لێکدانی چەند کورتە زانیارییەك بە گۆڕانکارییەکی کەمەوە و ناولێنانی بە توێژینەوە.

چوارەم: وەرگرتنی زانیاری لە سەرچاوە و کەسانی ناپسپۆڕ و ناشارەزا لە ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا.

پێنجەم: گشتاندنی پێشبینیکردنی تەنیا کەسێك لە بارەی ئایندەی گۆڕانی کەشوهەوای جیهانەوە.


هەندێك لە هۆیەکانی ترساندنی ژینگەیی

یەکەم: هۆی نێودەوڵەتی. وەك دەرئەنجامێك بۆ ململانێی نێوان وڵاتان، بۆ شکاندنەوەی یەکدی لە ڕێگەی شەڕکردن بە داتای ناڕاست و ناچارکردنی وڵاتێك بەو ڕێگەچارەیەی بۆی دیاری کراوە.

دووەم: هۆی ئابووریی. وەك دەرئەنجامێك بۆ ململانێی نێوان کۆمپانیاکان بۆ بەبازاڕکردنی ئامێر و ئامراز و کەرەستەکانیان لە ڕێگەی ڕیکلامی ژینگەییەوە.

سێیەم: هۆی زانستی. وەك دەرئەنجامێك بۆ ململانێی نێوان زانکۆکان، یان نێوان سەنتەرەکانی توێژینەوە، بە مەبەستی شکاندن و دەرخستنی کەموکوڕییەکانی یەکدی.

چوارەم: هۆی سیاسی. لە ڕێگەی پێکهێنانی حزبی سیاسیی ژینگەیی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، کە مافێکی ئاسایی و دەستووریی



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

هاووڵاتییانە، بەڵام ئەو کات مەترسیدار دەبێت، کە حزبێکی ژینگەیی بە دروشمی «ئامانج ڕێگە دەدات، هەر هۆکارێك بگریتە بەر» کار بکات و، پەنا بباتە بەر بڵاوکردنەوەی داتای ناڕاست و قسەی هەڵبەستراو و توێژنەوەی کۆپیکراو، بۆ ترساندنی هاووڵاتیان و دەستخستنی دەنگیان.

پێنجەم: هۆی میدیایی. وەك دەرئەنجامێك بۆ ململانێی نێوان کەناڵ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ڕێگەی خستنەڕووی کێشە و گرفتەکان و، بڵاوکردنەوەی نائومێدیی ژینگەیی و خۆبەدوورگرتن لە خستنەڕووی چارەسەرەکان.

شەشەم: هۆی کەسیی و تایبەت. بە مەبەستی سەرنجڕاکێشانی زۆرترین وەرگر بۆ خاوەنی هەندێك ئەکاونت و پەیجە کەسییەکان لە ڕێگەی خستنەڕووی باس و بابەتی وروووژێنەر، بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی بینین و وەرگرتنی لایك و نووسینی کۆمێنت بۆ ئەکتیڤکردن.

حەوتەم: هۆی دارایی و ئابووریی. لە ڕێگەی چوونە سەر شەپۆلی ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا وەك مۆدێلی سەردەم و، خۆنواندن بە دامەزراندنی ڕێکخراو و سەنتەر و پێشکەشکردنی باس و کۆڕ و سیمینار و وۆرکشۆپ، بۆ بەدەستهێنانی فەند و دارایی لە ڕێکخراو و ئاژانسە بیانییەکان، کە بەشێك لەوانیش ڕۆڵیان هەیە لە بڵاوکردنەوەی گەندەڵیی ژینگەیی و خۆدەوڵەمەندکردنی کەسی لە ڕێگەی پارەدارکردنی پڕۆژەی بەناو ژینگەیی، بە ناوی گەورە و ناوەڕۆکی بچووکەوە.

هەندێك لە هۆکارەکانی گەشەپێدانی هۆشیاریی ژینگەیی

یەکەم: هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی هەستی بەرپرسیارێتی لای تاك و کۆمەڵگە لە بەرانبەر ژینگەدا.

دووەم: هاریکاریکردنی نێوان دامەزراوە حکوومییەکان و زانکۆ و سەنتەرەکانی توێژینەوە.

سێیەم: حزب و ڕێکخراوەکان لە ململانێی نێوانیاندا شەڕ بە ژینگە نەکەن، بەڵکو شەڕ بۆ ژینگە بکەن.

چوارەم: کارکردنی کارمەندانی بواری ڕاگەیاندن و میدیا بە (تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ).

پێنجەم: هاندانی هاووڵاتیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەزموون و چیرۆکەکانی سەرکەوتن.




## لە ساڵیادی ڕاپەڕیندا

# ڕۆڵی خانمان لە سەرخستنی ڕاپەڕین بەرز دەنرخێنرێت



ڕاپەڕینی جەماوەری کوردستان لە شاری ڕانیە(دەروازەی ڕاپەڕین) و لە ١٩٩١/٣/٥ دەستی پێکرد و دواتر ناوچەکانی دیکەی کوردستانی گرتەوە. ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە شۆڕش و تێکۆشانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، کە بەرهەمەکەی دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە شەرعی و دەستوورییەکانی هەرێم بوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ئافرەتی کورد لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری، بەشداریی ڕاپەڕینی سەرتاسەری کرد و شەهیدیشی دا. نموونەی خەجە باوە، ئەو ئافرەتەی بووە سیمبولی ڕاپەڕین لە شاری هەولێر، ئەگەرچی یەکەم ئافرەت نییە کە لە شۆڕش و بەرخۆدانی کورددا شەهید بووبێت، بەڵام ئەو لە ڕاپەڕینی شاری هەولێردا، بۆ ئازادکردنی شارەکەی، ئافرەتانی کۆڵان و گەڕەگی خۆی کۆ کردەوە، لەگەڵ کوڕ و برا و خزمەکانی، بە دروشمی «کوردستان، یان نەمان» هێرشیان کردە سەر مەنزوومە و پارێزگا، کە هەمان ڕۆژ (١٩٩١/٣/١١) شەهید بوو، ئەو یەکەم خانمە شەهیدی ڕاپەڕینی هەرێمی کوردستانە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان لە ڕوانگەی جیاوازەوە ڕۆڵی خانمان لە بەرجەستەکردنی ئازادی وڵات بەرز دەنرخێنن.

عارف روشدی ڕاوێژکاری پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «مانەوەی هەندێ گرفتی بەردەم ڕێگەی پێشکەوتنی ئافرەتانی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك، بەشێکی خودی ئافرەتان لێی بەرپرسن، چونکە کە هەنگاو دەنێن لە بواری ئەرکداریدا، پەنا دەبنە بەر چەتری هاوکارێك لە ڕەگەزی بەرامبەر، بۆیە وەك پێویست ناتوانن تواناکانی خۆیان بەرجەستە بکەن، چونکە وابەستە دەبن. هوکارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەندێشەی خۆسەپاندنی هەندێ بەرپرسیار کە باوەڕی بەوە نییە ئافرەت دەتوانێ خاوەن کەسایەتی خۆی بێت و، کەسێك دەبێت لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا دەبێت، چونکە بمانەوێ، یان نا، ئافرەت بێجگە لە پێکهاتە جەستەییەکەی، لە هیچ شتێکی دیکەدا لە تواناکانی لە توانای ڕەگەزی دیکە کەمتر نییە، هەروەها کێشەیەکی دیکە هەیە، ئەویش مەسەلەی کۆتایە، هەر چەندە کۆتا وەکو هەوڵێکە بۆ بەشدارییپێکردنی ئافرەتان لە کاروباری بەرپرسیاریدا، بەڵام دەستنیشانکردنی بەشێکی ئەو ئافرەتانە لە سەر بنەمای توانا و لێهاتوویی ئەنجام نادرێت، بۆیە ئافرەت پێویستە زیاتر باوەڕی بە کەسایەتیی خۆی هەبێت و بێمننەتانە هەوڵی خۆنواندن و سەلماندنی تواناکانی بدات، لە بیرشمان نەچێ، هەژمونی ئایینیش هۆکارێکی دیکەی پشتگوێخستنی ئافرەتانە.» هاوکات دەڵێت: «لەوانەیە خێزان بەشێك بێت لە ڕێگرییەکانی بەردەم پێشکەوتنی ئافرەت، بەتایبەتی ئەو خێزانانەی لە داخراوی کۆمەڵایەتیدا دەژین و بارگاوین بە هزری پیاوسالاری و دابونەریتی نەرێنی و نزمیی ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری.»

د. حوسێن ئیسماعیل خانی دەلۆ/ دکتۆرا لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ، سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردیدا. دەڵێت: «هەر لە دێرزەمانەوە ئافرەتان پشتیوان و هاوشانی پیاو بوون، لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا ڕۆڵ و نەخشی جوامێرانەیان هەبووە، پاشتریش لە شۆڕشی ئەیلولەوە و لە شۆڕشەکانی پێشووتریش بۆ نموونە لە شۆڕشەکەی شێخ مەحمود حەپسەخانی نەقیب ڕۆڵێکی بەرچاو و کارای هەبووە، عادیلە خانم ڕۆڵێکی بەرچاوی لە کایە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە کە خێزانی وەسمان پاشا بووە، هەروەها نەعیمە مستەفا لە شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ هاوشانی پیاوەکان لە سەنگەرەکان و مەتەرێزەکان هەوڵی داوە دەربکەوێت کە بە نەعە نێر ناسراوە، قەدەم خێر و خەجە باوە، و مینا خانم هاوژینی قازی محەمەد و ناهیدەی شێخ سەلام ...هتد، ئەمانە سومبل و هێمای خەباتی بێوچانی ئافرەتانن».

د. حوسێن ئیسماعیل خانی دەلۆ، لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «لە شۆڕشی ئەیلوولدا ئافرەت بە بەردەوامی هاوشانی پیاو بووە و یارمەتی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانیشیان داوە و خزمەتی بریندارەکانیان کردووە، هەتا دەگاتە ڕاپەڕینیش چەندین ئافرەت زیندانی کران و لە سێدارە دراون نموونەی لەیلا قاسم ساڵی ١٩٧٤ لە سێدارە درا، لە کاتێکدا لە یاسا و دەستووری عێراقیدا باس لەوە نەکرابوو ئافرەت لە سێدارە بدرێت، دواجار یاساکەیان گۆڕی ئافرەت وەکو پیاو لە سێدارە درا، لە ڕاپەڕینیشدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو هانی پیاوانیان دەدا بۆ ڕاپەڕین و بەتەواوی چین و توێژەکانەوە بەشدار بن.

کاتی ڕاپەڕینەکە من خۆم لە کەرکووك بووم ئافرەتەکان کە ئێمەیان دەبینی هەلهەلەیان لێدەدا خۆشحاڵیان دەردەبڕی شیرینییان بەسەر پێشکمەرگەدا ئەبەخشاندەوە، ئەمە یەکێك لە بنەمای کاری ئافرەت بوو بۆ ئەوەی پشتگیری پیاوان بێت . لە ساڵی ١٩٩١ و لە ڕۆژی ئازادکردنی شاری کفریدا مەهاباد قەرەداغی بە ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن بە بڵندگۆ هوتافی دەکێشا و هونراوەی دەوتەوە و خەڵکی بۆ راپەرین هان دەدا. دواتر لە کۆڕەوەکاندا هاوشانی پیاوانی کورد هەموو ئافرەتانی کورد نەهامەتی و دەردەسەری و ئاوارەییان بینیوە.»


گوتیشی:» ڕۆڵی ئافرەت کەم نییە لە ڕاپەڕین و بەرخودان و خۆڕاگری و شۆڕشگێڕیدا، ئافرەت دایك بووە منداڵی پەروەردە کردووە و کاری هەرەوەزی کردووە، بۆ کارئاسانی گوزەرانیان رۆڵیان لە کۆمەڵگەدا ئەگەر لە پیاوان زیاتر نەبێت کەمتر نەبووە.»

پشکۆ نەجمەدین، نووسەرو ڕووناکبیری ناسراو، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە: «ئافرەتی کورد لە ڕێڕەوی بزوتنەوەی سیاسی و چەکداریدا هەر لە بزووتنەوەی ئەیلوول و لە سەرەتای شەستەکانەوە تاوەکو ڕۆژگاری پاش هەرەس و لە دووبارە نوێبوونەوەی شۆڕشی چەکداری لە کوردستاندا، ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە، بەڵام بەپێی ئەو توانا و توانستەی خۆی نا، چونکە



عارف روشدی:

**بمانەوێ، یان نا، ئافرەت بێجگە لە پێکهاتە جەستەییەکەی، لە هیچ شتێکی دیکەدا تواناکانی لە توانای ڕەگەزی بەرانبەر کەمتر نییە**




د. حوسێن ئیسماعیل خانی دەلۆ:

**هەر لە دێرزەمانەوە ئافرەتان پشتیوان و هاوشانی پیاو بوون، لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا ڕۆڵ و نەخشی جوامێرانەیان هەبووە**

لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی وەکو کوردستان لەبواری هەڵسووڕان و کارکردندا چالاکیی ئافرەت وەکو پێویست نەبووە، لە ناو ڕێکخستنی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لەیلا قاسم لەپێناو پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆی پەتی سێدارەی هەڵبژارد، کە ئێستا وەکو سیمبولی خەبات و تێکۆشانی ئافرەتی کورد باسی لێوە دەکرێت». هاوکات دەڵێت: «ئەگەر هەوڵ و تێکۆشانی ئافرەت لە ناو ڕێکخراو و حزبە سیاسییەکان نەبووایە، زۆر کار هەبوون جێبەجێ نەدەکران، بە تایبەت کارەکانی ناو شار و کاری ڕێکخستن و گەیاندنی پێتاك و پارە و کۆمەك بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە شاخ، لەو سەردەمەدا هەموو حزبە کوردستانییەکان ڕێکخراوی ئافرەتانیان هەبوو کە پەیوەندیدار و گرێدراو بوون بە بزووتنەوەی چەکداریی کوردستانەوە. دوای هەرەسهێنانی شۆڕش کە بزووتنەوەی چەکداری دروست بووەوە، لە ڕیزی حزبە سیاسییەکان کۆمەڵێك ئافرەتی بەتوانا هەڵکەوتن، من خۆم شایەتی خەبات و تێکۆشانیان بووم کە لە شاخەکان چەکیان هەڵگرتووە و وەکو پێشمەرگەیەکی پیاو خەبات و تێکۆشانیان ئەنجامداوە، لە سەردەمی پێش ڕاپەڕین کە کوردستان بە قۆناغێکی ئێجگار دژواردا تێدەپەڕی، زوڵم و ستەم و چەوساندنەوەی بەعس و بە گژداچوونەوەی بەعس بۆ کورد و بۆ کوردستان بە ڕادەیەك بوو، کە پیاوانیش بە ئاستەنگ بەرگەیان دەگرت، بەڵام دیسانەوە ئافرەتانێکی زۆر لەو بوارەدا خەبات و تێکۆشانیان هەبوو، دەکرێت وەکو ڕەمز و خەسڵەتێکی زۆر جوانی ئافرەتانی کورد چاولێبکرێن، جگە لە کوردستانی خۆمان لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش خەباتی ئافرەت هەبووە و بەردەوامیشە، لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا ئەوەندەی من ئاگادار بم، ئافرەتان هێزێك بوون لە ڕاپەڕین و سازدانی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان دژ بە بەعس و مۆڵگەکانی بەعس لە کوردستاندا، بە ڤیدیۆ و دیکۆمێنت ئەو ئافرەتە قارەمانانە لە سلێمانی و لە هەولێر و ناوچەکانی کوردستان دەبینین کە چۆن شانبەشانی پیاوان ڕووبەڕووی بەعس دەبوونەوە، کاتێکیش ڕاپەڕین سەرکەوت، ئافرەتان بە دیدێکی دیکە بەشداریی خەبات و تێکۆشانی سیاسی گەلی کوردستانیان کرد، تا گەیشتە ئەو قۆناغەی کە خەباتی ئەمڕۆی ئافرەتان تەنیا لە پێناوی مەسەلەی سیاسی نەبێت، بەڵکو وەکو توێژێکی چەوساوە لە پێناو سەندنەوەی مافەکانیان تێدەکۆشن.

ئێستاش بە خۆشحاڵییەوە بەراورد بە ڕابردوو بوارەکەی زۆر فراوانترە و کۆمەڵێك ئافرەتی سەرکردەمان هەیە کە بۆ سەرخستنی دۆخی ئافرەت لە تەواوی بوارە جیاوازەکان خەبات و تێکۆشان دەکەن. ئەمڕۆ ئافرەتان هێزێکی کاریگەرن و پێموایە هەمیشەش پێم وابووە کە لە کۆمەڵێکدا ئەگەر ئافرەتان ئازاد نەبن و دۆخێکیان بۆ نەسازێندرێ کە بتوانن توانستی خۆیان بەکار بخەن، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە هەرگیز بەرەو پێش هەنگاو نانێت، سەرکەوتنی کۆمەڵگە بەندە بە ئازادی و پێشکەوتنی ئافرەت، جا لە کوردستان بێت، یان لە هەر شوێنێکی دیکەی دنیا بێت.

ڕێبوار حەمەلاو شوانی، چاودێری سیاسییە و سەبارەت بە هەمان پرس ئاماژە بەوە دەکات کە: «ئافرەتانی کوردستان بە درێژایی مێژوو ڕۆڵێکی باڵایان لە شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی کورد هەبووە، خەباتی بێوچانی گەلی کوردستان لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانی لە ژێردەستەیی و چەوساوەیی، مێژوویەکی کۆنی هەیە، هەر بۆیە لە هەموو قۆناغە جیاوازەکانی خەباتدا ئافرەت ڕۆڵ و کاریگەری بەهێزی لە ڕیزەکانی ئەو جووڵانەوەیدا هەبووە، وەك پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێڕ کە شان بە شانی پیاوان تێدەکۆشا، یا لە ڕێکخستنەکانی ناو شاردا کە ژیانێکی پڕ لە مەترسی بە دواوە بوو.» گوتیشی: «ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ی گەلی کورد لە باشووری کوردستان، ڕووداوێکی گەورە و گرینگ و بێوێنەی مێژوویی بوو، دەستکەوت، گۆڕانکاری و وەچەرخانێکی گەورەی هێنایە ئاراوە، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرھەنجامی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەی خەڵکی کوردستانن. ئەگەر گوزەرێك بکەین بەسەر پێگە و ڕۆڵی ئافرەتان، جێی شانازییە ئافرەتان بە درێژایی ژیانی شاخ و شار، هاوکار و پشتیوانی سەرەکی بوون، بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و ڕێزلێگیراو، کە پابەندە بە کۆمەڵێك پرەنسیپی جوان و شایستەی ستایش. ئافرەتی کورد لەهەموو بوارەکاندا هەوڵ و تێکۆشانی بووە و لە پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوو کە دەبێتە هێزێکی بەتوانا بۆ پێشکەوتنی وڵات ڕۆڵی باڵایان بووە. ئەوان لە ڕابردوو و لە خەباتی شاخ پشتیوانی شۆڕش بوون، جگە لە ئاوارەیی و دەربەدەری و خۆڕاگری زۆریان بەرانبەر قەیران و کارەساتەکان کردووە و بەشداریی کارایان لە ڕاپەڕینە شکۆمەندەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ کرد، چ وەك ئەوەی هاوکاری پێشمەرگە بوون بۆ برینپێچی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و چ لە ڕووی ئامادەکردنی خواردن، هاوکات لە شەڕی تیرۆریستانی داعشدا کچانی کورد قارەمانێتیان تۆمار کرد. هەروەها بەشداریی کارای ئافرەتان لە ڕاپەڕین بەرپرسیارێتییەکەی زیاتر کرد. قۆناغی دوای ڕاپەڕین، قۆناغی ئاوەدانکردنەوە و گەشەسەندنی ژێرخانی ئابووری بوو. لە بەهێزکردنی قەوارەی سیاسیی هەرێم و بەرەوپێشبردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان و لە گشت بوارە جیاوازەکانی پرۆسەی حوکمڕانی ڕۆڵ و پێگە و شوێن دەستی ئافرەتان دیارە، هەروەها لە کایەکانی سیاسی و دیپلۆماسی و سیاسی پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و قەوارەی هەرێمی کوردستان».



پشکۆ نەجمەدین:

**ئەگەر هەوڵ و تێکۆشانی ئافرەت لە ناو ڕێکخراو و حزبە سیاسییەکان نەبووایە، زۆر کار هەبوون جێبەجێ نەدەکران**



ڕێبوار حەمەلاو شوانی:

**جێی شانازییە ئافرەتان بە درێژایی ژیانی شاخ و شار، هاوکار و پشتیوانی سەرەکی بوون، بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و ڕێزلێگیراو**

# تووشبوون بە نەخۆشییە دەروونییەکان و لێکەوتە جەستەییەکان

ئاشکرایە کە جەستە و دەروون جیاواز نین، بۆیە سەیر نییە کە نەخۆشیی دەروونی کاریگەری لەسەر جەستە هەبێت. کەواتە دەکرێت کێشەی تەندروستیی دەروونی ببێتە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی گرفتی تەندروستیی جەستەیی و بە پێچەوانەش هەر ڕاستە. بێگومان هەر دوو لایەنی (جەستە و دەروون) کاریگەرییان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی تاک هەیە. هەروەها ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە گۆڕانکارییە فسیۆلۆژی، سۆزداری، تێکچوونی هۆڕمۆنەکان، خەوتن، لاوازی لە پرۆسە مەعریفییەکان و کەمیی وزە و هەستیاریی زۆر و تەنانەت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەموو ئەمانەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر لایەنی ڕەفتار و کوالیتیی ژیان دروست دەکەن.

بەپێی توێژینەوەیەکی پەیمانگای نیشتمانیی کەنەدی لەساڵی (٢٠٠٨)دا دەرکەوتووە کە ئەو کەسانەی لەگەڵ نەخۆشییەکی دەروونیی سەختدا دەژین، ئەگەری زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی تووشی کۆمەڵێک نەخۆشیی درێژخایەنی جەستەیی ببن، لەگەڵ ئەمەشدا پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە کە ئەو کەسانەی لەگەڵ حاڵەتێکی درێژخایەنی جەستەدا دەژین، ئەگەری زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی نەخۆشیی جەستەیی ببنەوە. هەروەها بەپێی توێژینەوەیەکی ئەمریکی لە ساڵی (٢٠٠٦) ئەوە دەردەخەن کە نزیکەی یەک لە هەر سێ کەس کە کێشەی تەندروستیی جەستەیی درێژخایەنیان هەیە، ئەگەری زیاتریان هەیە کە ڕووبەڕووی نەخۆشی، یان گرفتی دەروونی ببنەوە. لە ئێستادا بەو جۆرە نەخۆشییانە دەوترێت نەخۆشیی «سایکۆسۆماتیک»ـەکان و نەخۆشیی «سایکۆسس» کە ئەم نەخۆشییانە پەیوەندیان لەسەر لایەنی بیرکردنەوە و ڕەفتاری تاک هەیە.

**ئەو کەسانەی لەگەڵ نەخۆشییەکی دەروونیی سەختدا دەژین، ئەگەری زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی تووشی کۆمەڵێک نەخۆشیی درێژخایەنی جەستەیی ببن**

باوترینی ئەو نەخۆشییە دەروونییانەی کە ڕووبەرووی تاک دەبنەوە لەم سەردەمەدا بریتییە لە خەمۆکی و نوێترین توێژینەوەکانیش ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئەو کەسانەی نەخۆشیی خەمۆکییان هەیە، ئەگەری زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە، سەرئێشەی بەردەوام، ماندوویەتی (بێهێزی)، شەکرە، تەنگەنەفەسی و کێشەی هەرسکردن ببنەوە.

یەکێکی لە نەخۆشییە دەروونییەکانی دیکە بریتییە لە «شیزۆفرینیا» کە ڕەنگە زۆرجار ڕووبەڕووی تاک ببێتەوە و، ئەگەر لە ماوەیەکی کەمدا چارەسەر نەکرێت، ئەوا ئەگەری زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی تووشی نەخۆشییەکانی دڵ و هەناسەدان ببنەوە. دڵەڕاوکێ لە ئێستادا زۆر بەربڵاوە کە نەوەک کاریگەری نەرێنی دروست دەکات لەسەر بیرکردنەوەی تاک، بەڵکو ڕەنگدانەوی نەرێنی دروست دەکات لەسەر لایەنی جەستە و ڕەفتاری تاک، وەکو گرفتەکانی گەدە و هەرسکردنی خواردن و کەمیی سەرنجدان، یان تێکچوونی کۆئەندامی دەمار وەک نەخۆشییەکانی «نیرۆسس» کە بە یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانە دادەنرێت کە گرفت لە هەوکردنی جومگەکان دروست دەکات.

**لایەنی جینات(بۆماوەیی) بە هۆکاری سەرەکی دادەنرێت بۆ نەخۆشییە دەروونی و جەستەییەکان کە لە ڕێگەی کرۆمۆسۆمەکانەوە لە باوانەوە بۆ ئەندامانی خێزان دەگوازرێتەوە**

چەند هۆکار و لایەنی سەرەکی هەیە بۆ ئەوەی تاک تووشی نەخۆشیی دەروونی ببێتەوە. بە نموونە لایەنی جینات(بۆماوەیی) بە هۆکاری سەرەکی دادەنرێت هەم بۆ نەخۆشییە دەروونی و هەم بۆ نەخۆشییە جەستەییەکان کە لە ڕێگەی کرۆمۆسۆمەکانەوە لە باوانەوە بۆ ئەندامانی خێزان دەگوازرێتەوە، کە هەر لە سەرەتای تەمەن لەگەڵ تاک گەشە دەکات، بەڵام مەرج نییە تەنیا هۆکار بێت بۆ ئەوەی تاک تووشی نەخۆشیی دەروونی و جەستەیی ببێتەوە، چونکە ژینگەش ڕۆڵی سەرەکی هەیە، لەوانەش هەژاری بە هۆکاری سەرەکی دادەنرێت بۆ ئەوەی تاک تووشی نەخۆشیی دەروونی و جەستەیی ببێتەوە و پەل بکێشێت بۆ نەخۆشییە درێژخایەنەکان و، ئەگەر بە



ئیمان محەمەد شێرکاوەیی

قوتابیی بەشی دەروونزانی/ زانکۆی سۆران

زووترین کات حاڵەتەکە دەستنیشان نەکرێت و چارەسەر نەکرێت، دەرئەنجامی نەرێنی دروست دەکات. هەروەها بێکاری بە یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانە دادەنرێت بۆ ئەوەی تاک تووشی نەخۆشییە درێژخایەنەکان ببێتەوە لە ڕووی جەستەییەوە و ئەگەری زیاتر هەیە بۆ ئەوەی تووشی گرفتی دەروونی ببێتەوە. لایەنێکی دیکە بریتییە لە تەمەن، لەگەڵ ئەوەی کە نەخۆشییە دەروونی و جەستەییەکان لە هەموو تەمەنێک ئەگەری هەیە، تووشی تاک ببێت لە هەر دوو ڕەگەزدا، هەروەها نەبوونی ئەمن و ئاسایش، نەبوونی پشتگیریی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕینی ڕەفتارە ناتەندروستییەکان و نەبوونی پشتگیریی کۆمەڵایەتی و...هتد. بۆیە بوونی هەر گرفتێک لەلایەنی تەندروستی جەستەیی تاک کاریگەری دروست دەکات لەسەر لایەنی دەروونی.

توێژەران لە ئێستادا چەند ڕێگا و تەکنیک دەخەنەڕوو بۆ ئەوەی تاک هەست بە ئاسوودەیی بکات لە هەردوو لایەنی جەستەیی و دەروونی، باشترین چارەسەر بریتییە لە باشترکردنی کوالێتیی ژیان، یەکێک لەم لایەنەش وەرزشکردنی ڕێکخراو و تەندروست، یان ئەنجامدانی چالاکیی جەستەییە. توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە ڕۆژانە بۆ ماوەی ١٠ خولەک بەپێ ڕۆیشتن دەتوانێت باری دەروونیت باشتر بکات و وزەی ئەرێنی بەدەست بهێنیت. هەروەها لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە وەرزشکردن یارمەتیدەرە بۆ دەردانی هۆڕمۆنی ئەندرۆفین کە وا دەکات تاک هەست بە ئاسوودەیی بکات لەلایەنی جەستەیی و دەروونی، هەروەها بوونی ئامانج لە ژیان و دانانی پلان و کارکردن لەسەر پلانەکان ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی تاک کەمتر تووشی نەخۆشییە جەستەیی و دەروونییەکان ببێتەوە، چونکە وادەکات نیگەرانی و دڵەڕاوکێ کەم بکاتەوە، خواردنی باش و تەندروستیش ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ ئەوەی تاک هەست بە باشیی لایەنی تەندروستی جەستەیی و دەروونی بکات. واتا ڕێجیمکردنێکی هاوسەنگ دەتوانێت یارمەتیی تاک بدات بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی بە شێوەیەکی تەندروست، وازهێنان لەو خووە خراپانەش کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدات وەک جگەرەکێشان، ماددەی هۆشبەر و خواردنەوەی ئەلکحول، هەموو ئەمانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ژیانی تاک، چونکە تاک پێی وایە ئەوانە چارەسەرە بۆ ئەو کێشەی کە ڕووبەڕووی بووەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بەکارهێنەرانی تەنیا خۆیان ئارام دەکەنەوە لەو فشارە دەروونییەی کە هەیانە و پێیان وایە چارەسەرن، بەڵام کاتییە و نەک سوودی بۆ تاک نابێت، بگرە زیانی زۆری هەیە. بوونی کوالێتیی خەوی تەندروست گرنگە بۆ ڕێکخستن و دەردانی هۆڕمۆنەکان لە کاتی پێویستدا و پشتگیریی کۆمەڵایەتی و خێزانییش بۆ هەر کێشەیەک کە ڕووبەڕوی تاک دەبێتەوە، وەکو چارەسەری بەکۆمەڵ یان گرنگیدان بەو کێشە دەروونی و جەستەییانەی کە ڕووبەڕووی هەر تاکێک دەبێتەوە وەکو وەرگرتنی چارەسەر لەلای پزیشک و ڕێنمایی دەروونی کە ئەمەش بەپێی حاڵەتەکان دەگۆڕدرێت.

ماوەتەوە بڵێم: هەر وەکو گرنگی بە لایەنی تەندروستی و جەستەیی خۆمان دەدەین، پێویستە گرنگی بە لایەنی دەروونیی تاک بدرێت، چونکە لە ئەنجامدا بوونی دەروونێکی ئارام و تەندروست وا دەکات تەندروستییەکی جەستەیی باش و ئەرێنی بەرهەم بێنێت، بە پێچەوانەشەوە کاریگەریی نەرێنی دروست دەکات، بۆیە پێویستە گرینگی بدەینە هەر دوو لایەنی جەستەیی و دەروونیی تاک بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسوودە و بەرهەمدار بژین.

**هەژاری بە هۆکاری سەرەکی دادەنرێت بۆ ئەوەی تاک تووشی نەخۆشیی دەروونی و جەستەیی ببێتەوە و پەل بکێشێت بۆ نەخۆشییە درێژخایەنەکان**

**باشترین چارەسەر بریتییە لە باشترکردنی کوالێتیی ژیان، یەکێک لەم لایەنەش وەرزشکردنی ڕێکخراو و تەندروست، یان ئەنجامدانی چالاکیی جەستەییە**



## لەیلا عەلەوی:


# بەم دواییانە کاری کۆمیدی سەرنجم ڕادەکێشێت

هونەرمەندی میسری (لەیلا عەلەوی) لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئەلشەرق ئەلئەوسەت ڕایگەیاند کە سینەما مێژووی هونەرمەند دەنووسێت، هەروەها پێوەرێکی ڕاستەقینەی خۆشەویستیی بینەرە، لەیلا دڵخۆشیی خۆی دەربڕی بە گەڕانەوەی بۆ شانۆ جارێکی دی، دوای دوورکەوتنەوەی بۆماوەی ٢٧ ساڵ لە ڕێگەی ئاهەنگەکانی (وەرزی ڕیاز)ی و بە شانۆگەرییەك.

ئەو ئەستێرە میسرییە دەڵێت: «سینەما مێژووی هونەرمەندە، هەروەها پێوەرێکی ڕاستەقینەی خۆشەویستیی بینەرە، کە کاتیان بۆ تەرخان کرد و چوونە سینەما و بلیتێکیان کڕی بۆ بینینی ئەستێرە خۆشەویستەکەی، نیشانەی گرنگیدانی بینەرانە بە کاری سینەمایی.»

سەبارەت بە دووبارە گەڕانەوەی بۆ سەر تەختی شانۆ گوتی: «زۆر بیری ئەوەم دەکرد کە لەسەر شانۆ بووم، دوا شانۆگەری کە نمایشم کرد ٢٧ ساڵ لەمەوبەر بوو، بەهۆی ئەو بارودۆخە ئابوورییەی کە شانۆکە پێیدا تێپەڕیبوو، ئەو سیناریۆیەی پێشکەش نەکردم کە ورووژێنەر بێت، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بەو ئەزموونەدا تێپەڕ بم، بەڵام سیناریۆی شانۆی (سندووقی سوور) پاڵنەرێك بوو بۆ گەڕانەوەم، چونکە کۆمێدی و نمایش تێکەڵ دەکات، هەروەها لەگەڵ ستافێکی گەورەدا کار دەکەم».

ئەو هونەرمەندە دانی بەوەنا نا کە لەم دواییانەدا فیلمە کۆمیدییەکان زیاتر سەرنجڕاکێشتر بوون بۆی، ئەمەش بە پاساو هێنایەوە بەوەی (فشارەکانی ژیان و ئەو شەڕانەی لە دەوروبەرمان دەگوزەرێن، هەردووکیان وامان لێ دەکات کە بەدوای خۆشیدا بگەڕێین، بۆیە ئەو بەرهەمانەی کە خەندەیەك دەخەنە سەر لێوی بینەر چییە، کە لە ئێستادا سەرنجی ڕابکێشن».



# براد پیت پیرە قۆزەکە بیر لە پشوودان دەکاتەوە

لە ساڵانی ڕابردوودا ئەستێرەی ئەمریکی (براد پیت) چەند کارێکی نایابی پێشکەش کرد، بەتایبەتی بەشداریکردنی لە دوو فیلمی لە نێو کەشوهەوای پەتای کۆرۆنادا، و لەگەڵ هاوڕێکەی (جۆرج کلۆنی) ڕۆڵی سەرەکیی لە فیلمێکدا بینی، کە لەلایەن کۆمپانیای ئەپڵەوە بەرهەم هێنرا؛ لە ١٨ی کانوونی دووەم پێی نایە تەمەنی (٦٠) ساڵییەوە، هەستێکی تایبەتی هەبوو لە نێوان وردبوونەوە و بیر کردنەوە لە داوڕۆژ و گەشبینییەوە بە داهاتوودا.

یەکێك لە هاوڕێ نزیکەکانی بە ماڵپەڕ (People)ی ڕاگەیاند: «پیتی تەمەن ٦٠ ساڵ پلانی هەیە ڕۆژێکی لەدایکبوونی بێدەنگ بەسەر ببات و، بە بیرکردنەوە بەسەری ببات، و بە کەمترین ئاستی ئاهەنگگێڕان»، ئاماژەی بەوەشکرد کە: «بەوپەڕی چاوەڕوانییەوە چاوەڕێی ساڵێکی نوێیە، کە تێیدا هەوڵ دەدات بە ئەرێنی بمێنێتەوە، دەیەوێ گرنگییەکی زیاتر بە منداڵەکانی و پەروەردەکردنیان بدات، هەرچەندە دۆخی پیت لەگەڵ منداڵەکانی هێشتا سەخت و بێزارکەرە، بەڵام ئەوان بۆ ئەو گرنگترین شتن لە ژیانیدا».

لەلایەکی دیکەوە گۆڤاری (Us Weekly) لە ڕاپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە براد پیت نایەوێت پەیوەندییەکەی لەگەڵ هاوسەرەکەی پێشووی (ئەنجلینا جولی) بەم شێوەیە بە بەستوویی بمێنێتەوە و هەوڵ دەدات کارێك بکات کە لە بەرژەوەندیی منداڵەکانیدا بێت.»

براد بێت دڵتەنگی و دڵەڕاوکێی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەو بەدواداچوونە بەردەوامەی میدیایی، کە ژیانی تایبەتی خۆی تووشی کێشە کردووە، لە دوای جیابوونەوەی لە جنیفەر ئەنیستۆن لە ساڵی ٢٠٠٥ و هاوسەرگیریی لەگەڵ ئەنجلینا جۆلی لە ساڵی ٢٠١٤ و جیابوونەوەی لە دوای دوو ساڵ. چونکە بێزاکردنی ڕۆژنامەنووسان گەیشتبووە ئەو ڕاددەیەی کە نەیدەتوانی لەگەڵ هیچ هاوڕێیەکیدا قاوە بخواتەوە، بەبێ ئەوەی قسە و باس لە دەوروبەریدا بڵاو بێتەوە.

# جەمیلە یوسف: هونەر ژ بۆ کەیفخوەشی و بەخت

* * *

**جەمیلە یوسفی ئێکە ژ هونەرمەندێن رۆژ ئاڤاییێ کوردستانی کو چەند سالەکە د بوارێ هونەریدا خەباتێ دکەت و نها ل وەلاتێ ئەلمانیا دژیت و بەردەوامە.**

* * *

سەبارەت ب دیتنا وێ بو کارێ هونەری پشتی چەندین سالان خەباتێ د بێژیت: هەموو شێوەیێن هونەرێ ژ بۆ کەیفخوەشی و بەختەواریا گوهدار و بینەران پەیدا بوویە د دتۆکێ دە و ڤێ رۆلێ دلیزە ژ دەسپێکێ دە ب تایبەت ستران. هەموو رەنگێ سترانێ گوهدارەکی وێ هەیە و کەیفخوەشیا خوە تێدە د بینە،هەتا خەمگینی و تراجیدیا ژی تیپەك ژ کێڤێ یە.

ب نەرینا جەمیلایێ کارێ هونری لە دەرڤە پر زەحمەتە و ئاستەنگێن زور بو هونەرمەندان چێ دبن و د بیژیت : گەلەك ئاستەنگی و ئالۆزی دکەڤن پێشیا مە دە وەکە هونەرمەند بتایبەت ل ئەوروپا ژ بەر کۆ جەماوەر نییە یان ژی بەلاڤە ل باژاران ژ بەر هندێ هەمی کارێ هونەری یێ کۆ چێدبن د بن سیا کۆمەلە و رێکخستنا نە و هونەرمەند مەجبوورە ل گۆری پرەنسیبێ وان شەڤێ پێشکێش بکە.

# کیڤان بارزانی بە تابلۆکانی گوزارشت لە زمان و کەسایەتییەکانی کورد دەکات

**ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢١ی شوبات سەنتەری ڕۆشنبیریی زانکۆی جیهان لە هۆڵی «جیهان ئارت» پیشانگایەک بۆ شێوەکار کیڤان بارزانی کرایەوە.**




لەم بارەیەوە کیڤان بارزانی، هونەرمەندی شێوەکار ڕایگەیاند: «لە ساڵی ٢٠١٣ دەستم بە دروستکردنی ئەم تابلۆیانە کە هەمووی لەسەر دار و بە خاڵڕێژی نەخشاندوومن. ئەم کارە ماندووبوونێکی زۆری دەوێت و هەر تابلۆیەک لە نێوان ٤٥ تا ٥٠ کاتژمێری کاتی دەوێت».

ئەو هونەرمەندە شێوەکارە لە بارەی ئامانج و مەبەستی لەو کارانەی گوتی: «ئامانجم لەم کارە ئەوەیە، زۆرێک لە نەوەی نوێ، کە کەسایەتییە ناودارەکانی کوردیان نەبینیوە، یان نایانناسن، دەمەوێت لە ڕێگەی کارەکەمەوە ئەوانە بە نەوەی ئێستا و داهاتوو ئاشنا بکەم».

لەبارەی ئەوەش کە بۆچی کارەکانی لەسەر دار نەخشاندووە، کیڤان بارزانی گوتی: «بۆیە کارەکانم لەسەر دار نەخشاندووە، چونکە دەمەوێت تابلۆکانم پێشکەشی مۆزەخانەکانی کوردستان بکەم، ئەگەر هاتوو حکومەت هاریکار بێت».

بە گوتەی ئەو هونەرمەندە شێوەکارە، ئێستا زیاتر لە ١٣٠ تابلۆی ئامادەیە و ڕۆژانەش کاتەکانی خۆی بە دروستکردنی تابلۆ بەسەر دەبات.

هونەرمەند لە ساڵی ١٩٩٣وە لە نێو ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی کاری هونەریدا بووە، لە کاتێکدا کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێری تەواو کردووە، لە بوارەکانی ڕاگەیاندن، دیکۆر و پۆرترێت و میکیاژی سینەمایی، هێڵکاری



# ـــــەوەریا گوهدار و بینەرا پەیدا بوویە

سەبارەت هونەرمەندێن گەنج دبێژیت: هونەرمەندێ کورد کاربوون تەکنیك و تەکنۆلۆژ یا نووژەن ژ بۆ هونەرا کوردی ب کار بینن ئەم د بینن گەلەك بەرهەم یێ کۆ ب دەنگێ نە مر تەحسین تاها، ئایشە شان، حەسەن زیرەك، محەمەد شێخۆ، محەمەد عەزیز، سەید یووسف.. جوانێن مە کاریبوون هونەرا وان جارەکە دن تۆمار بکن ب رەنگەکێ هین بەدەوتر و نووژەن پێشکەش کرن تەڤلی کۆ گەلەك ستروومەنتێ نوو ب کار ئانین لێ روحێ وێ هونەرێ ژی پاراستن.

هەروەسا د بێژیت: موزك ل گۆری رتما ژیان و جڤاکێ تێ ئافراندن و رۆژ رۆژ رتما ژیانێ هاتیە گوهەرتن،ژ بەر ولۆ ژی هونەرەکە دن ب شێوازەکی دن تێ پێشکێش کرن،لێ جار دی ژی ئەو بنگەها وی روحێ کوردیە،ڤرکا کوردی، فلکلۆرێ کوردی یە کۆ ئەم د بینن هاتیە پاراستن تەڤلی نووژەنیێ ژی. هەلبەت وێ کێماسی و چەوتی ژی دەرکەڤن لێ راستیێن وێ بێترن.

و ڕەنگ ئەزموونێکی پتەو و زۆری هەیە بۆ پۆرترێت و کارە هونەرییەکانی، لە زۆر جێگا کاری کردووە وەکو هونەرمەندێك لە ڕۆژنامەکانی خەبات و برایەتی و موئتەمەر و گوڵان و ڕامان و هەروەها لە دەزگای سەتەلایتی کوردستان تیڤی وەکو دیکۆریست کاری کردووە. ئەمەو بەردەوام سەرقاڵی پلانی هونەرییە کەوا دیارە بەشی زۆری ژیانی لەو ستودیو و ڤێگا هونەرییە بەسەر بردووە و دەیەوێت خزمەتی مێژووی میللەتەکەی بکات، بەو کارە پۆرترێتیانەی کە کەسایەتیی ناوداری گەلی کورد لە مێژووی خەبات و ڕۆشنبیریدا هەیانبووە.

لەدوای پڕۆژەی پۆرترێتیی کەسایەتییە ناودارەکان، لەسەر عاج چەند کارێکی کردووە کە لە کاری هونەرمەندە چینییەکان نزیکە، بەڵام بە فۆرم و بابەتی کوردی.

هونەرمەند کیڤان بە شێوەیەکی زانستی و هونەری بە پۆرترێت دەیەوێت مێژووی سەرکردە و شۆڕشگێڕەکانی کوردستان نەفەوتێت و زیندوویان بکاتەوە، بە هەمان شێوە ئاوڕی لە مێژووی نووسەر و شاعیر و توێژەر و پسپۆڕەکانی کوردستان داوەتەوە.

خوێندنەوەی مێژووی بەسەرهات و ڕووداوە تاڵەکان بەشێکن لە پڕۆژەکانی هونەرمەند کیڤان وەک جینۆساید و سڕینەوەی گەلێك و چیرۆکە شاراوەکانی کردووەتە تابلۆیەك و هەزاران کاراکتەر و مرۆڤی پڕ لە سەنگەری لەخۆ گرتووە.

هونەرمەند کیڤان بارزانی لەساڵی ١٩٨٥ یەکەم پێشانگای تایبەتی لە قۆناغی سەرەتایی کردووەتەوە.

دیدەن ڕێبوار

یاریزانی تۆپی باڵەی سیروانی هەڵەبجە:

# هەستی سەرکەوتن هەقی هەموو هیلاکییەکان دەکاتەوە



قەزای سیروانی سەر بە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید یەکێك لەو شارانەی کوردستانە کە گرنگیی زۆر بە یاریی تۆپی باڵە دەدات، هەموو کات کچە یاریزانانی ئەو شارۆچکەیە بەردەوام ڕکابەریی سەرسەختی یانەکانی دیکەی کوردستان دەکەن، لە زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکاندا ساڵانە تیپە جیاوازییەکان بەشدارن لە خولەکان، یانەی سیروانی هەڵەبجە گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی دەدەن لەسەر ئاستی کچان، تیپی باڵەی یانەکە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە کە ساڵانە لە خولی کوردستان بەشدارن، کچانی سیروان لەگەڵ کردنەوەی خولەکانی باڵە بەردەوام لە کێبڕکێ دابوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و شەڕکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکەی لەسەر ئاستی کوردستان دیدەن (ڕێبوار مەحمود)ە کە لەدایك بووی ساڵی ٢٠٠٥ی پارێزگای هەڵەبجەیە و تەنا یاریی بۆ یانەی سیروانی هەڵەبجە کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو هاتیتە نێو دونیای وەرزشی؟**

- سەرەتای هاتنە ناوەوە بۆ بواری وەرزشی لە ڕێگەی پوورەکانمەوە بوو، کە ئێستا ڕاهێنەرمن، لە قوتابخانەکانەوە دەستم پێکرد و دواتر چوومە یانەی سیروانی هەڵەبجە، لەوێ لەگەڵ سێ پوور و خوشکەکەم هەوڵم دا بۆ ئەوەی زیاتر فێرببم.

*** لە نێو ئەو هەموو وەرزشە جۆراوجۆرە بۆچی تۆپی باڵەت هەڵبژارد؟**

- لە یاریی باڵەدا حەز و خولیام بۆ دروست بوو کاتێك پوورەکانم یاریزان بوون، سەرەتا یاریی تۆپی پێم کرد، ئەمساڵیش بەشداریی خولی فوتساڵم کردو لە هەردوو یارییەکەدا لە ئاستێکی باشم، بەڵام لە یاریی باڵەدا ئاستم باشترە و مەشقم بەردەوامە، ئەمساڵیش زیاتر پەرەم بە تواناکانم دا.

*** هەست ناکەیت یارییەکی پڕ تەکنیکی و کێبڕکێت هەڵبژاردووە؟**

- بەڵێ یاریی باڵە یەکێکە لەو یارییانەی پڕە لە تەکنیکی جۆراوجۆر و پڕچێژ، سەرەڕای ئەوەی یارییەکی بە کۆمەڵە، یاریزانی تاکیش دەتوانێت لە ناو یاریگا کێبڕکێی تەواو بکات لەگەڵ تیپی بەرامبەر بە هاوکاریی یاریزانەکانی دیکە.

*** ئاستی یاریی باڵە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- تا ڕادەیەك باشە، بەڵام بەهۆی نەبوونی خولەکانەوە یاریزان ئاستی بەرەو دواوە دەچێت و لاواز دەبن.

*** چی بکرێ باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان؟**

- کردنەوەی خول بۆ هەموو ئاستەکان و هاوکاریکردنی ماددی و مەعنەوی یانەکان و یاریزانان.

*** ئایا ڕاستە یانەکانی کوردستان یاریی باڵەی کچانیان پشتگوێ خستووە؟**

- ڕاستی نەك هەر کچان، بگرە کوڕانیش پشتگوێ خراون، ئێستا وای لێ هاتووە یاریزانی باڵە بووە بە دەگمەن و ئەوەندە گرنگیی پێ نادرێ، ئەوەش هۆکاری نەبوونی یاریگە و ئەنجام نەدانی خولە.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت؟**

- دەمەوێ ئاستی خۆم زۆر بەرەوپێش ببەم بە یارمەتی ڕاهێنەرانەکانم کە زۆر ماندوو بوون لەگەڵمان.

*** سەرکەوتن چ هەستێکت پێ دەبەخشێ؟**

- سەرکەوتن هەقی هەموو هیلاکییەکانت بۆ دەکاتەوە و وا دەکات کە ئاستم زۆر باش بێت.

*** کێ بە ڕکابەریی خۆت دەزانیت؟**

- کەسێکی دیاریکراو نییە تا بە ڕکابەری خۆمی بزانم، بەڵام هەموو شتێك دەکەم کە تا ئاستم زۆر باش بێت.

*** هیواو ئاواتت لە وەرزشکردن چییە؟**

-هیوا و ئاواتم ئەوەیە ڕۆژێك بێت لە یانەیەکی دەرەوەی وڵات یاری بکەم و زیاتر پەرە بە یاریکردنم بدەم و سەرکەوتووبم.

*** بۆچی کچان بە کەمی ڕوو لەم یارییە دەکەن؟**

- بە گشتی لە چاو ساڵانی پێشوودا ئێستا کچان زیاتر ڕوو لە وەرزش دەکەن، ساڵانی پێشوو لە بەر کۆمەڵگە و ماڵەوە کچان زۆر کەم وەرزشیان هەڵدەبژارد، ئێستا خانەوادە هاندەرێکی باش منداڵەکانیان هەرچەندە لە هەندێ شوێن ئەم بیرکردنەوە دواکەوتووە هەر ماوە.

*** هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردوویت؟**

- نەخێر لە بەر ئەوەی کردنەوەی خولی باڵەی کوردستان زۆر کەمە بۆ کچان، لە ساڵێکدا یەکجار ئەنجام دەدرێت، بۆیە ئەو هەلەمان نابێ بۆ ئەوەی بەرچاو بین.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن لە وەرزشکردن؟**

-تا ڕادەیەکی زۆر باوکم و دایکم و خوشکم و پوورەکانم هەموویان وەکو من یاریزانی باڵەن و زۆر پاڵپشتمن، بەتایبەتی پوورم (پەیمان) کە سکرتێری یانەکەمانە، ڕاهێنەرەکانم هەمووی پاڵپشتن.

*** لە کوتاییدا چ پەیامێکت هەیە؟**

- لە ڕووی کچانەوە یاریی باڵە زۆر پشتگوێ خراوە، داواکارم لە یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان باڵە پشتگوێ نەخەن، یانەکان گرنگییەکی زۆر بە باڵە نادەن، هاودارم حکومەت هاوکاری وەرزش بکات، سوپاس بۆ هەرسێ ڕاهێنەرەکانم (م.کاروان، م.فەرحان، م.پەیمان، سوپاسی زۆر بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەمووە خەمخۆرییەی لە کوردستان هەیەتی بۆ وەرزش.



## دوو کوڕە کورد گەیشتنە ڕیزی هەڵبژاردەی تایکواندۆی عێراق

لە شاری بەغداد پاڵوانێتیی تایکواندۆی تازەپێگەیشتوانی یانەکانی عێراقی بە بەشداریی چەندین یانەی شارەکانی عێراقی بەڕێوە چوو، مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتیە دەستنیشانکردنی یاریزانانی ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی بوو، یاریزانانی ٤٥ یانەی شارەکانی عێراقی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە کێبڕکێدابوون بۆ بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوە و گەیشتن بە هەڵبژاردەی عێراقی، قوتابخانەی تایکواندۆی پاڵەوانانی سەر بە یانەی جیهان بەشداریی ئەم پاڵەوانێتییەیان کردبوو بە پێنج یاریزان بەشداریان کرد بوو لە چەند کێشی جیاوازدا، لەم پاڵەوانێتیەشدا کوڕە کوردانی شاری هەولێر توانیان دوو مەدالیای زێڕ و پلەی یەکەم و مەدالیایەکی برۆنزی بەدەست بهێنن و لە ئاستی تازەپێگەیشتوان پلەی یەکەمیان بەدەست هێنا، هەریەك لە یاریزانان (ئەمین ئیبراهیم، مەنسور هەمزە) لە کێشی ٤٨،٥٢کگم توانیان پلەی یەکەم و گەیشتن بە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی بەدەست بهێنن، ئەلیاس خالید پلەی سێیەم لە کێشی ٤٣کگم، لەم بارەشەوە عەلی سەرکەوت ڕاهێنەری هۆڵی پاڵەوانان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: « ئاستی پاڵەوانێتییەکە زۆر بەهێز بوو، یاریزانانی بەشداربوو کێبڕکێی بەهێزیان دەکرد، ئێمەش وەکو یاریزانانی شاری هەولێر ئامادەکاریی پێویستیان کردبوو بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین، و گەیشتن بە ڕیزی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقی مسۆگەر بکەین».



## گرفتی دارایی بەرۆکی یانەی ڕواندز بەرنادات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی ڕواندز ئەم وەرزە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بە بارودۆخێکی دژواردا تێپەر دەبێت، هەرچەندە لە کۆی ئەنجامدانی ١٣ یاری لە خولەکە، نەیتوانیوە ئاستێکی شایستە پێشکەش بکات، لە کۆی هەر ١٣ هەفتەکە تەنیا دوو سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و پێنج یەکسان بوون و پێنج شکستی بەدەست هێناوە، خاوەنی ١١ خاڵە، یانەکە بۆ ئەم وەرزە دەیەوێت هەوڵی مانەوە بدات لە خولی پلە یەکی کوردستان، لەم بارەشەوە (سەرهەد حاجی سەلام) سەرۆکی یانەی وەرزشیی ڕواندز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەرزە لە چاو وەرزی ڕابردوو زۆر باشترین لە ڕیزبەندی یانەکان لە پلەی دوازدەیم داین و پێنج خاڵ دوورین لە دابەزین، بەڵام لە ڕووی دارییەوە زۆر وێرانین و بارودۆخمان خراپە و چەند ڕۆژێکە تێپەریوە و مووچەی یاریزانانی یانەکەمان نەداوە، تەنیا گرفتی ئێمە باری داراییە، ئەگەر نا لە ڕووی ئاستەوە زۆر باشین»، لە بارەی هاوکاریکردنی یانەکەش گوتی: «نزیکەی ٣٠٪مەسروفی تیپەکەمان ئیدارەی سەربەخۆیی سۆران دابینی کردووە، ئەوەی تریشمان بە قەرز دابین کردووە، قەرزاری خەڵکین، دەمانەوێ ئەم وەرزە بمێنینەوە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، خولی پلە یەکیش خولێکی دووردرێژە و پێویستی بە پارە دەبێت بۆ ئەنجامدانی یارییەکان، ئەوەی لەسەرمان بێت کەمتەرخەمی ناکەین بۆ ئەوەی بتوانین زۆرترین خزمەت بە یانەی وەرزشی ڕواندز بکەین لە هەموو ڕوویەکەوە».






# یانەکەی دەڤەری بارزان مانەوەی مسۆگەر کردووە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەڵۆی دەڤەری بارزان، ئەم وەرزە بەشدارە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان وەکو نوێنەری ناوچەکە، لە کۆی ئەنجامدانی ١٣ یارییش لە خولەکە خاوەنی ١٦ خاڵە و مانەوەی مسۆگەر کردووە لەم وەرزەی خولەکە، یانەکەی بەپێی ئەو داهاتەی لە بەر دەستیدایە تەنیا دەیەوێت بەشدار بێت لە خولەکە و پلێتی مانەوەشی بەدەست هێناوە، لەم بارەشەوە ئەحمەد خەلیل سەرۆکی یانەی وەرزشیی یانەی هەڵۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەرنامەی ئێمە هەر لە سەرەتای دەستپێکی خولەکەوە ئیمکانیات و داهاتمان تەنیا بۆ مانەوە بوو لە خولەکە، سوپاس بۆ خودای گەورەش سێ یاری ماوە، ئەو مەبەستەمان بەدەست هێناوە کە سەرەتا دیاریمان کردبوو، ئەو ئیمکانیەتی لەبەر دەستی ئێمەیە تەنیا ئەوەندەیە، ئەگەر بە پێی ئیمکاناتی بەردەستمان بوایە دەبوایە خراپتر بین، بەڵام کە باشتر بووین سوپاس بۆ خودا خاوەنی دەستەیەکی کارگێڕیی باشین و توانیومانە مامەڵەیەکی باش لەگەڵ یارییەکان بکەین»، لەبارەی گرفتەکانیشیان گوتیشی: «بارودۆخی دارایی یانەکەمان زۆر خراپە، تاکو ئێستاش بە وەرزی ڕابردووشەوە نزیکەی ٤٥ملیۆن دینار قەرزارین و قەرزەکە لەسەرمان کەڵەکە بووە، بەهیوای ئەوەین بتوانین بارودۆخی تیپەکە چاك بکەین لە هەموو ڕوویەکەوە».






# لە زستاندا پێویستە ڕۆژانە چەند ئاو بخۆیتەوە؟



گەلێك كەس بڕی تەواوی ئاو ناخۆنەوە لە زستان و كەشی سارددا، ئەمەش كاریگەریی نەرێنی بۆ تەندروستی دەبێت. ئەگەرچی لە كەشی سارددا كەمتر ئارەقە دەكەین بەرارود بە هاوین، هەروەها كەمتر هەست بە تێنووبوون دەكەین، بەڵام زۆر پێویستە كە ڕۆژانە بڕی تەواوی ئاو بخۆینەوە. ڕێگەیەكی پراكتیكی بۆ زانینی ئەوەی كە بڕی تەواوی ئاو بۆ لەش دابینكراوە یان نا، بریتییە لە تێبینیكردنی ڕەنگی میز، بۆنموونە خواردنەوەی بڕی تەواوی ئاو وا دەكات كە ڕەنگی میز زەردێكی كاڵ بێت، كەچی كەم دابینكردنی ئاو بۆ لەش وا دەكات كە ڕەنگی میز زەردێكی تاریك بێت. ئەمەش زانراوە كە چالاكیی بەدەنی لە وەرزی زستاندا هاندەرە بۆ ونكردنی ئاوی لەش، بۆیە پێویست بە قەرەبووكردنەوە دەكات. لە وەرزی زستاندا، كەسانی پێگەیشتوو پێویستە كە ڕۆژانە بڕێكی دیاریكراوی ئاو بخۆنەوە جگە لە چای یان قاوە یان سوپی گەرمی جۆراوجۆر، بۆ نموونە، بۆ پیاو ٨-١٠ پەرداخ لە كاتی ئاساییدا و ١٠-١٤ پەرداخ ئەگەر ڕۆژانە مەشقی وەرزشی یان چالاكیی فیزیكی زۆر ئەنجام بدات، بۆ ئافرەت ٦-٨ پەرداخ لە كاتی ئاساییدا و ٨-١٢ پەرداخ ئەگەر ڕۆژانە مەشقی وەرزشی یان چالاكیی فیزیكی ئەنجام بدات، هەروەها بۆ ئافرەت لە كاتی شیردانی سرووشتیدا ٧-١٠پەرداخ ئاوی پێویستە.

# مەشقی وەرزشی وەکو چارەسەر بۆ خەمۆکی!

ئەمە ڕوونە کە مەشقی وەرزشی سوودی تەندروستیی زۆری هەیە، بەڵام بەم دواییە لێکۆڵنیەوەکانی کۆمەڵەی پزیشکیی بەریتانی جەختیان کردووەتەوە کە مەشقی وەرزشی سوودێکی دیکەی هەیە، کە بریتییە لە سووککردنێکی بەرچاوی نیشانەکانی خەمۆکی. لێکۆڵینەوەکان باسی ئەمەیان کردووە کە مەشقەکانی پیادەڕۆیی، یۆگا، ڕاکردن، لەگەڵ مەشقەکانی هێز باشترین جۆری مەشقی وەرزشین، کە وەکو هەنگاوێکی کاریگەری چارەسەرکردنی خەمۆکی سوودبەخشە بۆ تووشبووان. ئاماژە بەمەش کراوە کە وا پێدەچێت ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی دەرمانی دژەخەمۆکی و چارەسەری دەروونیدا Psychotherapy، ببێتە بەشێکی بنەڕەتی بۆ چارەسەرکردنی خەمۆکی. خەمۆکی هۆکاریکە بۆ هەستکرن بە ناڕازیبون لە ژیان بە ئاستێکی زیاتر لە قەرزاری، جیابوونەوەی هاوسەر یان نەخۆشیی شەکرە، هەروەها لە سەختیی چەند نەخۆشییەك زیاد دەکات وەکو نەخۆشیی دڵ، پەستی، هەروەها شێرپەنجە. ئەمەش ڕوون کراوەتەوە کە ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی توندتر کاریگەریی باشتری دەبێت بۆ چارەسەرکردنی خەمۆکی، بۆیە پێویستە کە بکرێتە بەشێکی گرنگی چارەسەرکردن بۆ هەموو تووشبووانی خەمۆکی.



# کۆلیستیرۆڵی باش، کۆلیستیرۆڵی خراپ

پاش ٩-١٢ کاتژمێر پارێز لە خواردن و خواردنەوە کە پشکنینی خوێن بۆ کۆلیستیرۆڵ ئەنجام دەدرێت، ئاستی کۆلیستیرۆڵی گشتی Total cholesterol، کۆلیستیرۆڵی باش HDL، لەگەڵ ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL پیشان دەدات. ئەو هۆکارانەی کە کاریگەری دەکەنە سەر ئاستی کۆلیستیرۆڵی گشتی و جۆرەکانی دیکە : تەمەن، ڕەگەز، بۆماوە، خۆراك، کێشی لەش، مەشقی وەرزشی، سترێس، ئەلکهول. کۆلیستیرۆڵی باش بەوە ناوزەرکراوە، چونکە کۆلیستیرۆڵی خراپ لە خوێنبەرەکانەوە ڕادەماڵێت و دەیگوازێتەوە بۆ خانەکانی لەش، یان بۆ جگەر، واتە دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ لە خوێندا، ئەمەش ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ کەم دەکاتەوە. ڕێژەی تەندروستی کۆلیستیرۆڵی باش بریتییە لە ٦٠ ملگم/دێسیلیتر یان بەرزتر و هەنگاوێکە بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون بە نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ، بۆنموونە زیادبوونی تەنیا ٤ ملگم/دێسیلیتر کۆلیستیرۆڵی باش، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی خوێنبەرەکانی تاجی دڵ تا ڕێژەی ١٠٪ کەم دەکاتەوە. کۆلیستیرۆڵی خراپ، کۆلیستیرۆڵ لە جگەر بۆ خوێن دەگوازێتەوە و کە ڕێژەکەی بەرزبوویەوە، ئەوا لەسەر ناوپۆشی خوێنبەرەکان دەنیشێت. ئاستی دروستی کۆلیستیرۆڵی خراپ لە خوێندا پێویستە کە لە ١٠٠ملگم/دێسیلیتر کەمتر بێت، تا ئەم ڕێژەیە بەرزتر بێت ئەگەری نیشتنی لەسەر ناوپۆشی خوێنبەرەکاندا زیاتر دەبێت و ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك بەرزدەبێتەوە.

# سوود و زیانەکانی مایۆنەیز

مایۆنەیز Mayonnaise تێکەڵاوێکە لە پێکهاتەی تەندروست و ناتەندروست، بۆنموونە چەوریی تەندروست و ماددەی خۆراکیی گرنگی زەردێنەی هێلکە، کەچی وزەیەکی زۆر و کۆلیستیرۆڵ و چەوورە تێرەکانیش لەخۆدەگرێت، بۆنموونە یەك کەوچکی گەورەی مایۆنەیز نزیکەی ١,٦ گرام چەوورە تێرەکان، یەك گرام شەکر، لەگەڵ ١٠٠ کالۆری وزە لەخۆدەگرێت. بە هەر حاڵ، پێویستە کە مایۆنەیز بە بڕی کەم بخورێت. زیاد خواردنی مایۆنەیز ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاد دەکات، چونکە بڕی زیادی چەوورە تێرەکان هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ لە خوێندا، کە ئەگەری ڕەقبوونی خوێنبەرەکان Atherosclero-sis زیاد دەکات، کە لەوانەیە ببێتە هۆی نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ، نۆرەی دڵ، هەروەها جەڵتەی مێشك. لە لایەکی دیکە زیاد خواردنی مایۆنەیز لەوانەیە ببێتە ئەگەری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، چونکە ڕێژەیەکی بەرز لە ترشە چەورییەکانی ئۆمیگا٦ لەخۆدەگرێت، کە هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، زیادبوونی کێشی لەش، سەرئێشە، زیادبوونی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، هێڵنج، لەگەڵ هەستکردن بە بێهێزیی گشتی لەش.






# بایەخی تەندروستیی نانی هەویری هەوێنبوو

مێژووی نانی هەویری هەوینبوو Sourdough bread دەگەڕێتەوە بۆ پێش ٥،٠٠٠ ساڵ لە میسری کۆندا، تا پەیدابوونی هەوێنی دەستکر،د یان هەوێنی بازرگانی لەساڵەکانی ١٨٠٠دا، هەویری هەوێنبوو بە هەوێنی سرووشتی و بەکتریای ترشی لاکتیك Lactic acid دروست دەکرا. نانی هەویری هەوێنبوو بەتایبەتی کە لە ئاردی گەنمی تەواو دروست بکرێت، بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە لە ڕێژەی بەرزی ڕیشاڵ، ڤیتامینەکانی B1، B2، B5، B9، لەگەڵ کانزاکانی ئاسن، کۆپەر، مەنگەنیز،سیلینیۆم، زینك، بەراورد بە هەویری هەوێنبوو کە لە ئاردی سپی دروست دەکرێت.

سووده تەندروستییەکانی نانی هەویری هەوێنبوو: دابینکردنی ماددەی خۆراکیی گرنگ بۆ لەش، کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن، ئاسانی لە هەرسبوونیدا، هەروەها هەویری هەوێنبوو پریبایۆتیکی Prebiotics سرووشتی لەخۆدەگرێت، کە جۆرێکی ڕیشاڵی هاندەرە بۆ تەندروستیی کۆئەندامی هەرس، هەروەها بیتا-گلوکان Beta-Glucan کە جۆرێکی پریبایۆتیکە بە بەکتریا لە ڕیخۆڵەی گەورەدا هەوێن دەبێت و دەبێتە سەرچاوەیەکی خۆراکی، بۆ خانەکانی ناوپۆشی ڕیخۆڵە، هەروەها کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن و هاندانی بەرهەمهێنانی ماددەی لینجی ڕیخۆڵە. هەویری هەوێنبوو ماددەی گلوتین Gluten واتەپرۆتینی سرووشتیی گەنم لەخۆ دەگرێت، بۆیە گونجاو نییە بۆ کەسانی تووشبوو بە نەخۆشیی سیلیاکی ڕیخۆڵە و ئەو کەسانەی کە هەستیارن بۆ گلوتین.



# بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن چی بەسەر دڵ دا دەهێنێت؟




بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشییەکی درێژخایەنە، تا ئێستا چارەسەری یەکجارەکی بۆ نەدۆزراوەتەوە، ئەگەر بە باشی کۆنترۆڵ نەکرێت، دەبێتە هۆی گەلێك ئاڵۆزی لە لەشدا، بۆنموونە لە کۆئەندامی دڵ و سووڕاندا دەبێتە ئەگەری تێکدانی خوێنبەرەکان بە شێوەی ئەستووربوون و کەمبوونەوەی توانای لاستیکیی دیوارەکانیان، هەروەها تەسکبوونەوەی خوێنبەرەکان، واتە کەمبوونەوەی هاتووچۆی خوێن تیایاندا و کەم گەیشتنی ئۆکسجین بە ماسوولکەی دڵ، ئەمەش کە هاوکات دەبێت لەگەڵ نیشتنی کۆلیستیرۆڵ لەسەر ناوپۆشەکانیاندا ئەوا ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك زیاد دەبێت، لەلایەکی دیکەوە، پەستانی بەرزی خوێن بارگرانیی زۆر دەخاتە سەر ماسوولکەی دڵ بۆ پەمپکردنی خوێن بە هەموو بەشەکانی لەشدا، پاشان سکۆڵەی چەپ بەرە بەرە دەئاوسێت و دیوارەکەی ئەستوور دەبێت LVH بەتایبەتی کە پەستانی خوێن لە ٩٠/١٤٠ ملم جیوە بەرزتر بێت، ئەمەش هاوکات لەگەڵ ڕەقبوون و تەسکبوونەوەی خوینبەرەکانی تاجی دڵ Coronary ئەگەری ڕوودانی نۆرەی دڵ (مردنی بەشێکی ماسوولکەی دڵ) و پەککەوتنی دڵ زیاد دەکات. گرفتێکی دیکە بریتییە لە کشانی بۆڕییەکانی خوێن لە مێشکدا Cerebral aneurysm واتە ئاوسان و بڵقکردنی دیواری بۆڕییەکانی خوێن، کە لەوانەیە لە هەر ساتێکدا بتەقێت و ببێتە هۆی خوێنبەربوون، کە ژیان دەخاتە مەترسییەوە.

# بەبێ مۆبایل پەیوەندی بکە

ئەگەر بۆ گەشت و گەڕان بۆ ناو دارستان یا چیا یا ڕووبار و دەریا بە گرووپ دەڕۆی، بۆ ئەوەی لەکاتی دووركەوتنەوەی ئەندامەکانی گرووپەکە پێکەوە پەیوەندیان بمێنێ، دەتوانن بەبێ ئەوەی مۆبایل بەکار بێنن، چونکە مۆبایل لە هەموو شوێنێك هێڵی نییە، دەتوانن پێکەوە بەهۆی ئامێری milo action لە پەیوەندی دابن. ئامێرێکی بچووك، بەقەد مەدالیایەك! ئەندامانی گرووپێك هەرکامیان کە ئەو ئامێرەیان پێبێت دەتوانن پێکەوە پەیوەندیان هەبێت، هەتا ٨ کەس دەتوانن لە گرووپێك دابن. مەودای بەڕێکردنی دەنگی ٦٠٠ مەترە. لەکاتی ڕۆیشتندا، ئامێرەکە دەنگە دەنگی زیادی وەك دەنگی شەپۆلی دەریا یا هاژەی چەم و ڕووبار، یا گڤەی با لە دارستان و چیا، وەرناگرێ و دەنگێکی بێ ژاوەژاو بەڕێ دەکات و وەردەگرێت. ئامێرەکە لە شەش مایك و سپیکەرێك پێکهاتووە.









# مایكرۆفۆنێک تایبەت بە ڕاگەیاندنکاران

مۆبایلەکان خۆیان مایکی خۆیان لەگەڵدایە و دەنگیش باش وەردەگرن، بەڵام ئەگەر نیازت هەبێ بەهۆی مۆبایلەوە دیمانەیەك بکەی، یا بتەوێ لە شوێنێك دەنگ هەڵبگریەوە، لە کاتێکی وادا مایکی مۆبایل زۆر باش نییە، چونکە ناکرێت مۆبایلەکەت ئەوەندە لە بەردەنگەکەت نزیك بکەیەوە.

مایکی جۆری hohem MIC مایکێکی سەرکەوتووە، کێشی کەمە و تەنیا ١٥ گرامە. هەم بۆ مۆبایل دەبێت و هەم بۆ لاپتۆپ و تەنانەت سەربەخۆش بەبێ ئەوانەش دەنگ هەڵدەگرێتەوە. خۆی میمۆرییەکەی ٣٢ گیگابایتی لەسەر دادەنرێ بۆ ماوەی ٩٤ کاتژمێر دەنگ هەڵدەگرێتەوە. هەروەها هەستەوەری دژی کەمکردنەوەی ژاوەژاوی لەگەڵدایە. بێ وایەرە و دەتوانێت مەودای دە مەتر لە مۆبایلەکەشەوە دوور بێت.

# کیبۆردێکی ناوازە و شاشەیەکی بچووک



بەگشتی هەمیشە کیبۆرد بۆ شاشە داندراوە، بەڵام کیبۆردی جۆری kwumsy k3 شاشەی بۆ داندراوە. کیبۆردەکە زۆر ناوازەیەو هەم بۆ تایپ کردن و هەم بۆ یاری دەگونجێت، چونکە دوگمەکانی تایبەت بە یاریشی بۆ داندراون، بەگشتی لە ٨٢ دوگمە پێکهاتووە. ئەوەی کیبۆردەکەی ناوازە کردووە، شاشەیەکی ١٣ ئینجی بچووکە لەسەرووی کیبۆردکە، شاشەکە هەم دەکرێت وەك شاشەی دووەم سوودی لێوەربگیرێت و هەم دەکرێت پرۆگرامی تایبەت بە ڕێکخستنی دوگمەکانی کیبۆردەکەی پێ ڕێکبخرێت. شاشەکە جێگیر نییە و دەتوانرێ ٩٠ پلە بسووڕێندرێت. کیبۆردی ناوبراو لەگەڵ هەموو سیستەمەکانی وەك ئەندرۆید، ویندۆز و ماك و لینۆکس دەگونجێت. جگە لەوەش بۆخۆی وەك «هاپ»ێك دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت، چونکە شوێنی هەموو جۆرە کێبڵێکی هەیە. شاشەکەی لەمسییە و لەیەك کاتدا دەکرێت بە هەر دە پەنجە لە شاشەکە سوود وەربگری.



# ڕۆبۆتی چات جی پی تی

ژیریی دەستکردی ChatGPT گۆڕانکارییەکی گەورەی لە جیهاندا پێکهێنا و زۆرکەس وەك سەرەتای قۆناغێکی دیکەی مرۆڤایەتی سەیری ژیریی دەستکرد دەکەن. لە ChatGPTدا دەتوانی وتار بنووسی، چیرۆك و شیعر بنووسی، وەڵامی پرسیارەکان لە هەر بوارێکدا وەربگریەوە.. ئەوەی مرۆڤ دەیهەوێ لە بواری زانیاریی و بەرهەمە لەوێدا وەریبگری. کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی ڕۆبۆت هاتووە، ڕۆبۆتێکی تایبەت بە ChatGPT بەرهەم هێناوە، کە لە شاشەیەکی 3D دا هێمایەکی مرۆڤ دەبیندرێت، کاتێك مرۆڤ لە ChatGPTدەپرسێ وەك ئەوە وایە لەگەڵ مرۆڤێك قسە بکات. ڕۆبۆتەکە کە هەر لە ڕوخسارێك پێکهاتووە ناوی WeHead GPT Editionە. دەکرێ ڕوخسارەکە بگۆڕی لە ژنەوە بۆ پیاو یا بۆ هەر ئاواتارێك مەبەستتە. ئامێرەکە کامێرای لەسەرە و بەکارهێنەرەکەی دەبینێت. بە هەر زمانێك لەگەڵی بدوێی بەو زمانە قسەت لەگەڵ دەکات، چیرۆکت بۆ دەنووسێ و گۆرانیت بۆ دەڵێ، وەك مامۆستا و فێرکارێك فێرت دەکات..




# باڵۆنێکی کامێرا هەمیشە لە بەرزیدا دەمێنێتەوە



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت سیستەمی NFC چییە؟**

خوێنەری بەڕێز سیستەمی NFC کە کورتکراوەی دەستەواژەی Near Field Communication بە مانای پەیوەندی لە سنوورێکی نزیکدا دێت. ئەم سیستەمە ئەو هەلە بۆ تەبلێت و مۆبایل و لاپتۆپەکان دەڕخسێنێ بە ئاسانی داتاکان بۆ یەکتر بگوازرێتەوە. نە تەنیا لە نێو ئامێرەکاندا بەڵکو لە نێوان کارتەکانی بانکی و کارتە زانیارییەکان و تەنانەت کارتە شەخسیەکانیش دەگوازێتەوە، مەودای لێك نزیکبوونی دوو ئامێرەکە دەبێ ٤ سانت بێ. وەك بلوتوس نییە کە دەبێت حەتمەن ئەوانە لە ڕێگای کۆدەوە پێکەوە ببەسترێنەوە، بەڵکو هەر لێکنزیك بنەوە ئامێرەکان پێکەوە پەیوەند دەدرێن. بۆ کڕینی کەلوپەلیش سوودی لێوەردەگیردرێت و لەبری کارتی بانکی سوودی لێوەردەگیردرێت.

## شەترەنجە زیرەکەکان پەرە دەستێنن

یاری شەترەنجە، یارییەکی هزری مرۆڤە و تەنیا پێویستی بە لێکدانەوە و هزری مرۆڤەکەیە، لەو یارییەدا شانس و بەخت هیچ ڕۆڵێکی نییە. لە سەردەمی ژیریی دەستکرددا شەترەنجە زیرەکەکان جارێکی دیکە بەرهەم هاتنەوە. ئەمجارەیان پاڵپشتی لە زیرەکیی دەستکرد دەکەن. شەترەنجی جۆری -ches sUP هەم شەترەنجە و هەم ڕاهێنەری شەترەنجە. ئەوانەی هیچ شارەزاییان نییە فێریان دەکا. هەموو جوڵەکانی بەکارهێنەرەکەی وەبەرچاو دەگرێت و ئەگەر جوڵەیەکی نایاسایی بکات ئاگاداری دەکاتەوە.

## پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی پرۆگرامە سیخوڕییەکان

چەند ساڵێکە بەهۆی پێشکەوتنی سیستەمی وەگەڕخەری کۆمپیوتەرەکان چ کۆمپیوتەری ویندۆز یا ماك، ڤایرۆس و پرۆگرامی تێکدەر و پرۆگرامی سیخوڕی کەمبوونەتەوە، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نایەت بنبڕ ببن.

یەکێك لە پرۆگرامەکانی تایبەت بە سڕینەوەی پرۆگرامە سیخوڕییەکان و پرۆگرامە تێکدەرەکان، پرۆگرامە ڕێکلامییەکان...تاد. پرۆگرامی Obit Malware Fighterە. ئەم پرۆگرامە دەتوانێت گشت ئەو فایلەکانەی تێکدەدەن لەناو ببات و بەبێ ئەوەی بچووکترین گرفت بۆ کۆمپیوتەرەکە دروست ببێت.




پرۆگرامەکە سێ شێوازی بۆ لەناوبردنی پرۆگرامە تێکدەرەکان هەیە. سکانی زیرەك، سکانی تەواو، هەروەها سکانکردنی خوازراو.. بەئاسانی و ڕۆژانە لە ئینتەرنێتدا خۆی نوێ دەکاتەوە. هەروەها خۆکاریش بەردەوام پرۆگرامە سیخوڕی و تێکدەرەکان دەسڕێتەوە.

کامێرا و باڵۆنی جۆری H-aero داهێنانێکی نوێیە، بەرهەمی تازەیە لە جیهانی تەکنەلۆژیادا، باڵۆنێکی بچووك کە کێشەکەی تەنیا ٣ کیلۆ گرامە و قەبارەکەی ٢مەتر زیاترە کامێرایەکی وێنەگرتن بە کوالیتی 4K هەڵدەگرێت و بۆ ماوەی پێنج کاتژمێر بەبێ ئەوەی پێویستی بە شەحن بێت لە بەرزاییدا دەمێنێتەوە. دیارە ئەگەر پێویستی بە وزەش بێت ئەوە لە تیشکی خۆر سوود وەردەگرێت و بارگاوی دەبێتەوە. باڵۆنەکە هەروەك ئاماژەی پێدرا ٣ کیلۆیە و ٨,٣ مەتر گازی هیلۆم هەڵدەگرێت و مانەوەی لەبەرزیدا بەهۆی گازی هیلیۆمەوەیە. بۆ فیلم هەڵگرتنەوە، چاودێری ورد و پێوانی ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی و هی دیکە سوودی لێوەردەگیرێت. لەکاتێکدا کە گازی هیلیۆمی تێدا نەبێت دەنوشتێتەوەو دەبێتە ٤٠ سانت و دەکرێت لە جانتایەکی بچووکدا هەڵبگیردرێت.





# درۆنێک بۆ چنینەوەی میوە



ژیریی دەستکرد هەر پەیوەندی بە جیهانی کۆمپیوتەر و ڕاگەیاندن و میدیاوە نییە، بەڵکو خۆی دەخزێنێتەوە گشت کون و کەلەبەرەکانی ژیانی مرۆڤەوە، بۆ نموونە ڕۆبۆتی Tevel Far کە پاڵپشتی لە ژیریی دەستکرد دەکات و تایبەتە بە چنینەوە و ڕنینی میوە.

درۆنەکە شوێنی ئەو کرێکارانە دەگرێتەوە کە ساڵانە بژیوی ژیانیان لەسەر چین و ڕنینەوەی میوە و بەربوومی باخەکانە. درۆنەکە هەتا شوێنی دارەکە بەرز دەبێتەوە و لوولەیەکی هەڵمژینی هەیە و بەربوومەکە هەڵدەمژێ و لێیدەکاتەوە. درۆنەکە بەهۆی ژیریی دەستکردەوە لە نێوان بەربوومەکان و شتی دیکەدا جیاوازی دادەنێ و جیایان دەکاتەوە. هەروەها دەزانێت قەبارەی میوەکە چەندە و گەیشتووە یان نا؟ تەنیا ئەو بەربوومانە دەڕێنێتەوە کە تەواو پێگەیشتوون. دوای تەواو بوونی ڕنینەوەکەش پێویست بە کێشانی میوەکە ناکات چونکە دەزانێت چەندە میوە لێکراوەتەوەو تەنانەت چەند دەنکیشە.

## دروستکردنی ماڵپەڕ لە دوو خولەکدا

دروستکردنی ماڵپەڕ لە پێشوودا کەسی شارەزای دەویست و پرۆگرامی تایبەت بە دروستکردنی ماڵپەڕ، لە سەردەمی ژیریی دەستکردا، دروستکردنی ماڵپەڕ ئەوەندە سانا بووە، دەکرێت تەنیا لە ماوەی دوو خولەکدا ماڵپەڕێك بۆ کاروبارەکانت دروست بکەی.

دوای ئەوەی ماڵپەڕی hocoos.com کردەوە، هەژمارێك بۆخۆت دروست دەکەی و پاشان تەنیا وەڵامی پرسیار دەدەیەوە یا هەڵبژاردن دەکەی. بۆ نموونە ماڵپەڕەکەت بە چ مەبەستێك دەکەوێ، لە بۆکسێکدا ناوی ئەرك و کارەکان نووسراوە، وەك تاکەکەسی، مارکێت، جوانکاری، پیشەسازی... دوای ئەوە ماڵپەڕەکە دیزاین و چوارچێوەیەکی چۆن بێت دەبێت، بۆی دیاری بکەی. بەگشتی هەشت بۆکسە و پڕی دەکەیەوەو دواتر ماڵپەڕێکی تەواوت بۆ دروست دەکا.

# چۆن جانتاکان بۆ وەرزی زستان ڕێک دەخەیت؟

هەندێك مۆدێلی جانتا هەیە کە پێویستە لەگەڵ پۆشاکی زستانەدا ڕێکی بخەیت، بۆیە پێویستە سەرنجت لەسەر هەڵبژاردنی بێت بە دیزاینێك کە لەگەڵ خۆتدا بگونجێت. ئەو جانتایانەی کە بە نەخشی پێستی ئاژەڵ ڕازێندراونەتەوە، بە یەکێك لە مۆدێلە بەناوبانگەکانی جانتا دادەنرێن لەم وەرزەداو بگرە بە درێژایی ساڵیش، بۆیە دەتوانیت ئەو جانتایانە هەڵبژێریت کە بە نەخشی پێستی پڵنگ، مار، یان زێبرا ڕازێندراونەتەوە، ئەم نەخشانە زۆر بەناوبانگ بوون لەمساڵدا. ئەم دیزاینانە دەتوانن ڕەنگدانەوەی دەرکەوتنێکی نایاب بن لە هەموو کاتێکدا، چونکە زۆربەی دیزاینەرانی مۆدە و ئیکسسوارەکان حەزیان لەوەیە بە شێوەی پراکتیکی و کلاسیك بەرهەمەکانیان پێشکەشی هەوادارانیان بکەن، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی جوان و نایاب بگونجێت.



# چۆن بۆنی ناخۆشی بالیف لاببەین؟

ئەگەر هەر بۆنێکی ناخۆش بە بالیفەکانەوە بوو، دوای شۆردنی تیشکی خۆر بەکاربهێنە بۆ لابردنی، واتە بالیفەکان لە شوێنێکدا دابنێ کە بەر تیشکی ڕاستەوخۆی خۆر و هەوای پاك بکەوێت بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك. ئەگەر ئەوە کار نەکات، سۆدەی نان کارەکە تەواو دەکات، واتە ئەو تۆزە بپژێنە بەسەر بالیفەکەدا و بۆ چەند کاتژمێرێك بەجێی بهێڵە و پاشان بیسڕە.

بۆ پاك ڕاگرتنی بالیفەکانت ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە جێبەجێ بکە:





- بەکارهێنانی بەرگی بالیف بۆ پاراستنیان لە بەکتریا و تۆز و پاشماوەکانی دیکە.
- ناوبەناو هەواگۆڕکێ بە بالیفەکان بکە، بۆ ئەوەی ڕزگارت ببێت لە بۆنی ناخۆش.
- دوور بکەوەرەوە لە خواردن لە سەر جێگە.
- ئاژەڵە ماڵییەکان لە جێگە و بالیف دوور بخەرەوە.
- کاتێك بەکار نەهێنرێت، بالیفەکان لە شوێنێکی فێنك و وشکدا هەڵبگرە.

# سوودەکانی چای سەوز بۆ دەمو چاو پێش خەوتن

پێست بە بەردەوامی پێویستی بە پاراستن و چاودێریکردن هەیە، دەکرێت بە چەند هەنگاوێك پارێزگاری لە پێستمان بکەین، وەك:

*** بۆ پێستێکی نەرم و نیان:** سەرەتا دوو کەوچکی چێشت جێڵی ئالۆڤێرای تازە و یەك کەوچك چای سەوز تێکەڵ بکە، تێکەڵەکە بدە لە پێستی دەموچاوت و بۆ ماوەی چارەکێك بەجێی بهێڵە، دوای ئەوە دەموچاوت بشۆ و بە کرێمی شێدارکەرەوە شێداری بکە.

*** بۆ چارەسەری پنتی ڕەش و هەڵئاوسانی دەموچاو:** کوپێکی بچوك ئاو بکوڵێنە، پاشان کیسێك چای سەوزی تێدا نوقم بکە، بۆ ماوەی نیو کاتژمێر بیخەرە ناو سەلاجەوە، پاشان بۆ ماوەی ١٠ خولەك لەسەر دەوروبەری چاوت دایبنێ، ئەم ڕێگەیە ڕۆژانە دووبارە بکەرەوە تا ئەنجامەکەت دەست دەکەوێت.


- **بۆ زیندووهێشتنەوەی پێستی ڕوخسار:** کەوچکێك چای سەوز و دوو کەوچکی چێشت هەنگوینی سرووشتی و کەمێك ئاوی لیمۆ تێکەڵ بکە، تێکەڵەکە بدە لە دەموچاوت، بە جووڵەی بازنەیی نەرم مەساجی پێ بکە، تێکەڵەکە بۆ ماوەی ١٠ خولەك لەسەر دەموچاوت بەجێ بهێڵە، پاشان بە ئاوی شلەتێن دەموچاوت بشۆ.


**ئامادەکردنی:**
**شیلان عەلی**



# سەمای پێکەوە ژیان بە میوزیکی کوردی

لە جیهاندا چەندین جۆر سەمای تایبەت بە نەتەوە و ڕێباز و هۆزەکان هەن، هەندێکیان لە سەردەمێکی زووەوە و تا ئێستا ماونەتەوە، سەمای مەولانایی کە جۆرە سەمایەکی ڕۆحییە لە فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتدا و، ئاوێزانی سرووتی ئاینێکی ئاسمانییە کە نمایش دەکرێت. نمایشی (سەمای مەولانایی) گەڕانەوەیە بۆ چەند سەدەیەك لەمەوبەر، کە جاران لە بۆنە ئایینیەکانی سەردەمی ڕابردوودا بە جلێکی سپی و پۆشاکی تایبەتەوە گوزارشتیان لە سەرکەوتن و ڕوودانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەکرد، هەروەها بە نمایشکردنی ئەم جۆرە سەمایە، درێژەیان بە کولتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدا، جگە لەوەش ئەم جۆرە سەمایە لە نێو کلتووری عوسمانییەکاندا وەك سیمبولی دەربڕینی جوانی و هەست بۆ ماوەیەکی زۆر مایەوە، لە کاتی نمایشەکەشدا لەلایەن تەمبورژەنێکەوە چەند پارچە میوزیکێکی کوردی پێشکەش دەکرێت، تا لەگەڵ ڕیتم و جووڵانەوەی سەماکەدا بگونجێت، کە گوزارشت لە پێکەوە ژیانی نەتەوە جیا جیاکان دەکات.










# گوارەکان چاودێری پلەی گەرمی خانمان دەکەن

گوارەی گەرمی Thermal Earring، بە ئامێرێکی بچوکی پێتەل بە بەردەوامی چاودێریی پلەی گەرمیی گوێچکە دەکات. ئەم ئامێرە داهێنەرە، قەبارەی نزیکەی گیرەی کاغەزێکە (paper-clip) و تەمەنی پاترییەکی ٢٨ ڕۆژە، وا دەردەکەوێت سەرکەوتوبێت لە بەکارهێنانی جۆراوجۆردا، وەك پلانی ئاسایی ڕۆژانە، فشاری دەروونی، خواردن و وەرزش. بە پێچەوانەی کاتژمێرە زیرەکەکان، وردتر هەستکردن بە پلەی گەرمی دەستنیشان دەکات، بەتایبەتی لە کاتی پشوودا. دیزاینە پتەوەکەی و بەکارهێنانی توانای کارای، وا دەکات کە گونجاو بێت بۆ جلوبەرگی ڕۆژانە. تاقیکردنەوە سەرەتاییەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر چاودێریی (تا) بکات و جیاوازیی پلەی گەرمی بدۆزێتەوە، کە پەیوەستە بە چالاکییە جیاوازەکان، لە کاتێکدا هێشتا لە قۆناغی توێژینەوەدایە، ئامانجی تیمەکە ئەوەیە کە زیاتر پەرە بە ئامێرەکە بدات بۆ بەکارهێنانی توانای بازرگانی، لەگەڵ پلاندا بۆ یەکخستنی تایبەتمەندییەکانی چاودێریکردنی تەندروستیی زیاتر و دۆزینەوەی سەرچاوەی وزەی بەردەوام.




## فیلترۆمی لێو

شوێنێکی بچووك لەژێر لووت و ناوەڕاستیدا، وەك شێوە لاکێشەیەکی لارە، زۆر جار ڕەنگە بیرمان لەوە کردبێتەوە ئەو شوێنە بۆ وایە، ڕاستی و دروستیی زانستی وەڵامی ئەو پرسە بریتییە لەوەی، ئەم ناوچەی ژێر لووت پێی دەوترێت فیلترۆم (philtrum)، ئاسانکاری بۆ دەربڕینی زۆربەی پیتەکان دەکات، بەو پێیەی یارمەتیدەرە لە جووڵاندنی لێوەکان بە شێوەیەکی دیاریکراو، کە ڕێگەمان پێ دەدات بە دروستی پیتەکان دەربڕین، هەروەها یارمەتیدەرە لە دروستکردنی هەستێکی بەهێزی بۆنکردن.

## ئۆتۆمبێلی قالۆنجکە و خاڵ خاڵۆکە



جاران ئوتۆمبێلە بچووکەکەی کۆمپانیای ڤۆلکسڤاگنی ئەڵمانی بە ناوی (قالۆنچە) ناسرابوو، ئۆتۆمبیلێکی باو بوو، تا ئێستا لەسەر شێوازی تازەی بەکار دەهینرێت، بەتایبەت لە لایەن ئافرەتانەوە کە وەك ئوتۆمبیلێکی بچووك و سادە و ناسك بۆ کاروباری ژیانی ڕۆژانە بەکاری دەهێنن، کەچی کۆمپانیای میتسوبیشیی ژاپۆنی هەڵساوە بە کێبڕکێی لەگەڵ کۆمپانیا ئەڵمانییەکە، کە بچووکترین ئوتۆمبێلی لە شێوەی خاڵخاڵۆکە دروست کردووە، ئەو بەرهەمە بە یەکێك لە نوێترین مۆدێلی ئۆتۆمبێلەکانی ساڵی ٢٠٢٤ دادەنرێت، کە لە نمایشێکی تایبەتدا بڵاو کراوەتەوە، کە بچووك و جوانە و وەك خاڵخاڵۆکەیە و بڕێکی کەم بەنزین دەخوات و ژینگە دۆستە.





## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە گرنگیی ئەقڵ دەکات، هاوشێوەی ماکینەی وردکردن، چی بخەیتە ناو مێشک هەر ئەوەش لە دەم و قسەکردندا دێتە دەرەوە.




## دیمەنە سەیرەکان

کراسێکی بووک لە کاغەز و بەڵگەکانی تەڵاقدان
کچە پارێزەرێکی بەریتانی کراسێکی بوکینیی دروست کردوە زیاتر لە ١٥٠٠ کاغەزی تەڵاق.

# تایبەتمەندەکانی ئیریسکی چاو و پەنجە مۆر





بەکارهێنانی پەنجەمۆر و ئیریسکی چاوەکان، بۆ تایبەتمەندی و بەکارهێنانی پاس و وشەی تێپەڕی تایبەت لە نێو ئامێر و بوارەکانی ئەمنی و سیکیوریتی، گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە پەنجە و شێوەی گلێنەی چاوی هەر کەسێك لەگەڵ کەسێکی دیکەدا جیاوازە، بەڵام ئەوەی سەیرە پەنجەمۆر ٤٠ تایبەتمەندیی هەیە، کەچی ئیریسکی چاو (مۆری چاو) ٢٥٦ تایبەتمەندیی هەیە، هەر بۆیەش بۆ مەبەستی ئەمنی بەکاردێت، بەڵام لەم دواییانەدا هەندێك وڵات پەنجەمۆری مێشکیان بەکار هێناوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ناسنامەی تاکەکان، چونکە مۆری مێشك ناتوانرێت وەك پەنجەمۆر یان ئیریس غەشی تێدا بکرێت.

## یاسا



### سزای تۆمەت هەڵبەستن

هەڵبەستنی تۆمەت بریتییە لە خستنەپاڵی ڕووداوێکی دیاریکراو بۆ کەسێك بە یەکێك لە ڕێگەکانی ئاشکرایی، خۆئەگەر ئەو ڕووداوەکە ڕاست بێت و ببێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسە سزا بدرێت، یان لە لایەن خەڵکی هاونیشتیمانیانی خۆیەوە سوکایەتیی پێ بکرێت، ئەوەی کە تۆمەتەکەی هەڵبەستی بۆ کەسێکی دیکە سزا دەدرێت بە بەندکرن و پێبژاردن یان بە یەکێك لەو دوو سزایە، ئەگەر تۆمەت هەڵبەستنەکە بە ڕێگەی بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامە یان چاپکراوەکان یان بە یەکێك لە ڕێگاکەنی دیکەی ڕاگەیاندن ئەنجامدرابێت، ئەوا ئەمە بە بارودۆخی توندکردنی سزا دادەنرێت، ئەگەر تۆمەت هەڵبەست ئەنجام درابێت بە بێ ئاشکرایی یان بە ڕێگەی تەلەفۆن، ئاراستەی تاوان لەسەرکراو کرابێ یان لە ڕێگەی نامەوە بۆی نێردرابێت، ئەوا سزای ئەو تاوانە بریتی دەبێت لە بەندکردن بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە شەش مانگ و، پێبژاردن بە بڕێك زیاتر نەبێ لە (٢٢٥٠٠٠) هەزار دینار، یان بە یەکێك لەو دوو سزایە.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

بەدوای دەرفەتێکی تایبەتدا دەگەڕێیت بۆ ئەوەی تواناکانتی تێدا دەربخەیت، ئەم ماوەیە زیاتر خۆت بە کارەکانتەوە ماندوو بکە، هەروەها ڕێگە مەدە کەسانی دیکە دەست وەربدەنە کارەکانتەوە، باشترە وریای هەواڵە نا ڕاستەکان بیت تا کاریگەری نەکاتە سەر ژیانی سۆزداریت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەگەڵ بارودۆخەکاندا خۆت بگونجێنە، بەزوویی بڕیار مەدە کاتێك گرفتێك ڕوو دەدات، چاوەڕێ بکە تا شتەکان ڕوون دەبنەوە، هەموو چاوەکان لەسەر تۆن، هەوڵ بدە متمانەت بە خۆت هەبێت و خۆت تووشی شڵەژان مەکە، متمانە بە کەسانی چواردەورت ببەخشە و پەیوەندییەکانت بەهێز بکە.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەگەر هەست دەکەیت ئامادەنیت بۆ گۆڕانکاری، بەدوای پەیوەندیی سۆزداریی نوێدا مەگەڕێ، لە لایەنی پیشەییەوە تێڕوانینی خۆت بگۆڕە و خۆت لەگەڵ دۆخەکاندا بگونجێنە، ئەم ماوەیە شتەکان کەمێك ناڕوونن، باشترە ژیرانە بیر لە هەنگاوەکانت بکەیتەوە.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

کەسێك دەبینیت و سەرنجت ڕادەکێشێت، ڕەنگە چیرۆکێکی نوێ درووست بکەیت، ئەمڕۆ بیر لەو گۆڕانکارییە گرنگانە بکەرەوە کە دەتەوێت لە ژیانتدا ئەنجامیان بدەیت، ئەوەی ڕۆیشت ناگەڕێتەوە، هەربۆیە خۆت بە بیرکردنەوە لە ڕابردوو سەرقاڵ مەکە.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

پێویستە لەو دۆخە بێیتە دەرەوە کە بیر لە داهاتوو بکەیەوە و ترست هەبێت، متمانەت بە خۆت و تواناکانت هەبێت و هەمو شتێك زۆر بە باشی دەڕوات بەڕێوە، ئەرێنیبوونت کاریگەریی زۆر باش لەسەر کارەکەت جێ دەهێڵێت و بەرەو سەرکەوتن دەڕۆیت.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢


لە ئامانجەکانت نزیکیت، ڕێگەمەدە هیچ کەس و هیچ شتێك هۆکاربێت بۆ ئەوەی تۆ لە ئامانجەکانت دوور بکەویتەوە، ڕۆژێکی باشە بۆ خۆشەویستی، ئەگەر کەسێکی دیاریکراو هەیە، کەواتە لەسەر چی وەستاویت؟، پێویستە ئەم قۆناغەی ئێستای ژیانی تایبەتیت بگۆڕیت و بە یەك شێواز بەردەوام نەبیت.





# بۆ زانیاریت

## یەکەکانی پێوانە




یەك مەتر = سەد سانتیمەتر
یەك کیلۆمەتر = یەك هەزار مەتر.
یەك ئینج = ٢.٥٤ سم.
یەك پێ = ٣٠,٤٨ سم.
یەك حەوشە = ٩١,٤٤ سانتیمەتر.
یەك میل = ١٦٠٩,٣٤ مەتر.
قۆڵی ئاسایی = ٦٩ سم.
قۆڵی تەلارسازی = ٧٥ سم. R = ١٠٠ مەتر چوارگۆشە.
دۆویم = ١٠٠٠ مەتر چوارگۆشە.
هێکتار = ١٠ هەزار مەتر چوارگۆشە.
دۆنم = ٤٠٥٠ مەتر چوارگۆشە.
پێوانەکان و هاوکێشەکانیان: لیترێك شلەمەنی = ١٠٠٠ سانتیمەتر سێجا. یەك لیتر ئاو کێشی یەك کیلۆیە.
گاڵۆنی ئینگلیزی = ٤,٤٥٥ لیتر.
گاڵۆنی ئەمریکی = ٣,٧٨٥ لیتر.
تانکی نەوتی سپی = ١٨ لیتر. یەك مەتر سێجا = ١٠٠٠ لیتر.
یەك مەل و بای گەنم = ١٨ کیلۆ.
یەك کیلۆ زەیتوون = ٣٠ پاوەند.
ڕۆنی کەمتر = ١٣ پاوەند.

تەرازوو و هاوکێشەکانیان-ئۆنسەیەك = ٢٠٠ گرام.
یەك کیلۆ = پێنج ئۆنسە = ١٠٠٠ گرام.
کینتاڵێك = ١٠٠ پاوند = ٢٥٠ کیلۆگرام، یەك تۆن = ١٠٠٠ کیلۆ = ٤ کونتاڵ.
تەرازوو = ٤٥٣,٥٩٣ گرام.
ستاندارده گشتیەکان بۆ کێش:
١ ئۆنسە = ٢٨ گرام.
٨ ئۆنسە = ١ کوپ.
یەك کەوچکی سەر مێز = ٣ کەوچکی چا.
٤ کەوچکی سەر مێز = ٤/١ کوپ
پلەکانی گەرما: -پلەی گەرمی دەپێورێت، سەبارەت بە ڕێژەی سەدی یان پلەی فەهرەنهایت:
*** پلەی گەرمی بە پلەی سەدی (5C) = (پلەی گەرمی بە فارنهایت C=(F – ٣٢)×٩/٥**
. (٩/٥)×(٣٢)، پلەی گەرمی بە فارنهایت (F°)= پلەی گەرمی بە سەدی x (٥/٩) + ٣٢. x° C= F ٥/٩ + ٣٢ .

## پەند و وتە

ماری جین ماکلۆید بیتۆن، وانەبێژی ئەمریکی و ئافرەتی چالاکوان لە بواری مافی سڤیل و مرۆڤدا، لە ساڵی ١٨٧٥ لە ئەمریکا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٥٥ کۆچیی دوایی کردووە، دەربارەی ژیانی ئافرەت دەڵێ: ئافرەت کاتێك بەپێی پرەنسیب و بەرنامەکانی خۆی بژی، هەروەها توانی کەشێکی تایبەت بە تواناکانی دابین بکات، ئەو کاتە وەك ئافرەتێکی سەربەخۆ دەناسرێت و دەتوانێت گشت سنوورەکان ببەزێنێت و خاوەن کەسایەتی و مافی خۆی دەبێت.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا ئافرەتێك هەیە، لە نێو چەند هێڵکارییەکدایە، هەوڵ بدە بزانە شوێنەکە دەستکردە یان نەخشکراوی باڵەخانەیە، بە وردی سەیری ستوونەکانی ناو وێنەکەدا بکە.

## فیلم

### دەزگای دڵ شکاندن - The Heartbreak Agency




فیلمێکی کۆمیدی و ڕۆمانسییە، لە ساڵی ٢٠٢٤ بەرهەم هاتووە و لە ئێستاشدا لە سینەماکاندا نمایش دەکرێت، باس لە ڕۆژنامەنووسێکی بەهرەدار دەکات، لەو کاتەی زۆربەی وتارەکانی ڕەت دەکرێنەوە لە دەزگاکاندا، کە ئەوەش دەبێتە مایەی دڵشکاندنی، بەڵام ئەو کۆڵ نادات و بەردەوام دەبێت، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی سەردانی چارەسەری دەروونی بکات، ماوەی فیلمەکە (١) کاتژمێر و ٥٤ خولەکە، لە دەرهێنانی شیریل پیلاگ، لە نووسینی ستیڤان بورچاردێت، لە نواندنی: لاورێنس ڕۆپ، ئیمیلا میلۆی، پاولار چارمان، ماریا هۆفستاتەر، ڕۆسیلا تۆماس.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لەلایەنی سۆزدارییەوە ڕۆژێکی باشترت دەبێت بەراورد بە ڕۆژانەی ڕابردوو، گۆڕانکاریی ئەرێنی ڕوو دەدات، لەلایەنی دەروونییەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، لەڕوی پیشەییەوە کارەکانت بە خێرایی ئەنجام دەدەیت و ئەمەش سەرنجی بەرپرسانت ڕادەکێشێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

دڵەڕاوکێیەکی زۆرت هەیە، ترس لە خۆت دوور بخەرەوە، ئەم ماوەیە دەرفەتێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی تواناکانت پێش بخەیت، مەکە لە ڕووی سۆزدارییەوە هاوسەنگی ڕابگرە و خۆت تووشی کێشە، چونکە دواتر چارەسەر ئاسان نابێت، لەلایەنی داراییەوە خەرجییەکانت کەم بکەرەوە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەگەڵ خۆشەویستەکەت لەبارەی چەند بابەتێکی گرنگەوە دەدوێن، ئەم ماوەیە لە ژیانی تایبەتیتدا بە کاتێکی سەختدا تێدەپەڕیت و تووشی دڵەڕاوکێی دەروونی دەبیت، دووڵ مەبە لەوەی داوای یارمەتی لە کەسێکی خۆشەویست یان هاوڕێیەکت بکەیت، گرەو لەسەر سەرکەوتن مەکە لەلایەنی پیشەییەوە، کارەکان کەمێك ئاڵۆز دەبن.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


ژیانی سۆزدارییت مەخەرە مەترسییەوە بۆ چەند بڕیارێك لە شوێنی کارەکەت، باشترە بە ژیرانە بیر بکەیتەوە، پێویستە لە ئێستادا لەگەڵ خێزانەکەت بمێنیتەوە و پاڵپشتییان بکەیت، لە لایەنی تەندروستییەوە هەست بە بەهێزی دەکەیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەندێك لە کارەکانت دوا دەخرێن و لە کاتی خۆیدا ڕەنگە ئەو ئەنجامە بەدەست نەهێنیت کە دەتەوێت، گۆڕانکاری یارمەتیت دەدات داهێنان لە کارەکانتدا بکەیت، کەسانێکی زۆر پاڵپشتی بیرۆکەکانت دەکەن، کاتی پێویست بە کەسە نزیکەکانت ببەخشە و لەبەر کارەکەت پشتگوێیان مەخە.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لەگەڵ ئەوەی بەردەوام سەرقاڵی ئەرکەکانتیت، ڕەنگە نەتوانیت گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت، بە گشتی توانای کۆنترۆڵی بارودۆخەکانت هەیە، بڕیاری ژیرانە بدە و ڕێگە مەدە فشارەکانی ڕۆژانە کاریگەری لەسەر بڕیار و بیرکردنەوەکانت دروست بکات.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly
Gulan
March 4, 2024 Issue,No.1404

